نامەكە لە ژێر ناوی " شێوازو دەبڕین لە بۆنە كۆمەلایەتییەكاندا " یە .

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە :** زمانەوانیی كۆمەلایەتی ، یەكێكە لەو لقە زانستییانەی زمان كە لەزمانەوانیی كوردیدا تا ئێستا گرنگییەكی ئەوتۆی پێنەدراوە و كارێكی بەرچاو لەم بوارەدا ئەنجام نەدراوە .

**گرنگیی باسەكە :** زۆر لایەنی زمانەوانیی كوردی ، تاڕادەیەك لە سەرەتادان و هەندێكیان زۆر فەرامۆشكراون ، وەك بۆشاییەكی دیار لەزمانەوانیی كوردیدا ماونەتەوە . ئەم نامەیە هەوڵێكە بۆ پڕكردنەوەی كەلێنێكی ئەو بۆشاییە ، بەهیوای ئەوەی كە لەداهاتوودا كاری باشترو زیاتری بۆ بكرێت .

**سنوری باسەكە :** ئەم كارە لەچوارچێوەی زانستی زمانی كۆمەلایەتیدایە و، لەپەیوەندیی نێوان زمان و كۆمەڵ دەكۆڵێتەوە .

**رێبازی كارەكە :** پەیڕەوێكی پەسنیی شیكاری گیراوەتەبەر . كەرەستەی لێكۆڵینەوەكەش لەئاخاوتنی رۆژانەی ئەمڕۆی زمانی كوردی – كرمانجیی ناوەڕاستەوە ، وەرگیراون .

نامەكە لە پێشەكی و سێ بەش و ئەنجام پێكدێت .

**بەشی یەكەم :** تەرخانە بۆ پەیوەندیی زمان بە لقە زانستییەكانی ترەوە . سەرەتایەك بۆ رێبازەكانی لێكۆڵینەوە لەزماندا باسكراوە ، لەگەڵ خستنەڕووی چۆنیەتیی پەیوەندییەكەو رۆڵی زمان لە هەندێ لە لقە زانستییەكاندا ، هەروەها ناساندنێكی سەرەتایی ئەو لقە زانستییانەی زمان كە لەم پەیوەندییانەوە سەریانهەڵداوە، بە تایبەتی زمانەوانیی كۆمەلایەتی .

**بەشی دووەم** : تایبەتە بە زمان و زانستی زمانی كۆمەڵایەتی . باس لە ئەركە كۆمەڵایەتییەكانی زمان كراوە لەگەڵ گرنگیی شێوازی ئاخاوتنی رۆژانەی مرۆڤ و جۆرەكانی. هەروەها پێكهاتەكانی شێواز كە بریتین لە دەربڕینە زمانی و نازمانییەكان و ئاوازو ئەو هۆكارانەی كاریگەرییان لەسەر شێواز هەیە ، لەگەڵ باسێكی كورتی زارە كۆمەڵایەتییەكاندا .

**بەشی سێیەم** : بۆ بۆنە و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان تەرخانكراوەو نموونەیان لە دەربڕینەكانی ئاخاوتنی رۆژانەدا بۆ هێنراوەتەوەو رۆڵی هەریەك لە دەسەلات و پلەوپایەو رەگەزو باری دەروونیی قسەكەرو گوێگر و پەیوەندیی نێوانیان لەگەڵ كات و شوێن و بۆنەو مەبەستی ئاخاوتنەكان بە گوێرەی پێویست لە ئاخاوتنەكاندا روونكراونەتەوە . بۆ كۆكردنەوەی نموونەكان، پشت بە دەربڕین و ئاخاوتنی رۆژانە بەستراوە. هەندێكیان تۆماركراون و هەندێكیان هەوڵی وروژاندنیان دراوە بە مەبەستی دروستبوونی ئاخاوتن و پاشان نوسراونەتەوە. هەروەها چەند نموونەیەكی پەندو ئیدیەمی كوردی بە نموونە هێنراونەتەوە كە رۆژانە بەكاردەهێنرێن و زۆربەشیان بۆ زیاتر لەبۆنەیەك بەكاردێن . بۆئەم مەبەستە پشت بە كتێبەكانی ( پەندی پێشینان –

شێخ محەمـەدی خـاڵ، ئیـدیۆم لـە زمـانی کوردیـدا – جـەلال مـەحمود عـەلی ) بەسـتراوە . لـە لایـەکی ترەوە بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی بۆنەو نموونەکان ، چەند بەشـە دەقێکی نەنوسـراوی وتـاری ئـاینیو رامیاری بە نموونـە هێنراونەتـەوە کـە لـە ئەرشـیفدا بـە تۆمـارکراوی هـەن ، لەگـەڵ هەنـدێ نموونـەی بلاّوکراوەکـانیش بەرچـاو دەکـەون . پێویسـتە بـوترێ کـە بۆنـەو دەربڕینـەکان ، بەشـێوەیەکی گشـتی خراونەتەڕوو ، ئاساییە گەر گۆڕانیان بەسەردابێت بەگۆڕانی کاریگەرییەکانی سەر ئاخاوتنەکان .

## ڕێبازە زمانەوانییەکان :

تێڕوانین و لێکۆڵینەوە لە زماندا ، کارێکی تازە نییە ، بەڵکو مێژوویەکی دێرینی هەیە بە تێڕوانینی جیاجیاوە. هەندێ لە قوتابخانە زمانییەکان پێیانوایە کە پێویستە زمان، لە هەموو دیاردەو کاریگەرییەکی دەوروبەر دابڕێت ، ئینجا لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت . هەیشیانە بە پێچەوانەوە، جەخت لەسەر پابەندبوونی زمان بە کۆمەڵەوە دەکەنەوە. لەم کارەشدا بە پشتبەستن بە هەمان بۆچوون و تێڕوانین کارەکە ئەنجامدراوە ، کە پەیوەندیی زمان بە کۆمەڵەوە لەوپەڕی بەهێزی و پێویستیدایە ، بەڕادەیەك کە کۆمەڵ بەبێ زمان ، هیچ سیمایەکی مرۆڤایەتی و پەیوەندییەکی کۆمەلاّیەتی بەخۆیەوە نابینێت ،لەبەرئەوە ناکرێ زمان لە کۆمەڵ دابڕدرێت و لەبەرچاوگرتنی چوارچێوەی کۆمەلاّیەتیی ئاخاوتنەکان ، لەلێکۆڵینەوەی زمانیدا ، کارێکی پێویستە .

"ئاخاوتن ، مرۆڤ لە گیاندارانی تر جیا دەکاتەوەو (زمان)یش نەتەوەکان "[1] . پەیدابوون و ئەرك و گرنگییەکانی زمان زۆر باسکراون ، ئەگەر زۆر بەکورتی بیانخەینەڕو دەڵێین: زمان گەورەترین دەسکەوتی مرۆڤە بەدرێژایی مێژوو[2] و، گرنگترین شتە لە ژیانی تاك و کۆمەڵدا[3] و، بۆتە بەشێکی وا لە مرۆڤ کە هەرگیز لێی جیانابێتەوە[4]. زمان ، لەدایکبووی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان و بیرە[5] .

ئاخاوتن ئەرکێکی کۆمەلاّیەتییە[6] و جیهانی داخراوی ناخمان دەکاتەوەو ڕێگەی دەرچوونمان پێدەدات ، هەروەها داهێنەرو دروستکەری ژیانی کۆمەلاّیەتیی[7]. زمان یەکێکە لە هۆکارەکانی گواستنەوەی شارستانیەت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بۆیە دەوترێ زمان شارستانیەتەو شارستانیەت زمانە [8].مرۆڤ بەبێ زمان چێژ لە مرۆڤایەتیی خۆی وەرناگرێت ، بۆیە دەکرێ بلێین مرۆڤ زمانەو بەبێ زمان مرۆڤایەتی بوونی نابێت[9] .

---

(١) جان جاك روسو – محاولة فى اصل اللغات – ل ٢٧.

(٢) هادى نهر – علم اللغة الاجتماعى عند العرب – ل ١٧.

(٣) فردينان دى سوسور – علم اللغة العام – ل ٢٥.

(٤) محمد معروف فتاح –زمانەوانی– ل ٣ .

(٥) على زوين – منهج البحث اللغوى بين التراث وعلم اللغة الحديث – ل ٢٨٠.

(٦) كمال بشر – التفكير اللغوي بين القديم والجديد –ل ٥٣.

(٧) هادى نهر – علم اللغة الاجتماعى عند العرب– ل ١٧.

(٨) سەرچاوەی پێشو – ل ٥٣.

(٩) سەرچاوەی پێشو – ل ١٩ .

زمـان وەك دیاردەیـەکی گـرنگ و ئـاڵۆز ، لەهـەموو سـاتێکدا بنیـادێکی نوێیـە و دەرئـەنجامی ڕابردووە و لە گەشەو گۆڕانی بەردەوامدایـە[١] ، ئەمـە وایکـردووە کـە بەچـەند ڕێبازێـك لێکۆڵینـەوەی تێدابکرێت کە هەر یـەکێك لـەو ڕێبازانـە بـە فەلسـەفەیەکی جیـاوازو دیـدێکی جیـاوازەوە لـە زمانیـان ڕوانیوە، کەبۆتە هۆی ئەوەی چەند قوتابخانەیەکی زمانەوانی سەرهەڵبدات ، لەوانە :

١- **ڕێبــازی مێــژوویی** : درێــژکراوەی بیروڕاکــانی ئــەفلاتون و ئەرســتۆو (ڕواقیــەکان)ە[٢]. پەیڕەوکەرانی ئەم ڕێبازە ، بەشوێن دیاردەیەکی زمانیدا دەڕۆن لەکۆنەوە تاکو ئێستا، بـە دیاریکردنی گۆڕانــە دەنگــی و مۆرفۆلــۆجی و سینتاکســی و واتاییــەکانی، لەگــەڵ خســتنەڕووی هۆکـارو ئـەنجامی گۆڕانــەکان . بــەدەربڕینێکی تــر، ڕێبــازی مێــژوویی بەشــوێن بنەچــەی زمانەکانــدا دەگــەڕێت[٣] و بــۆ ڕابردووی زمان دەگەڕێتەوەو گرنگی بـە مێـژووی زمـان دەدات لەڕێگـەی دەقـە نوسـراوەکانەوە ، واتـە زمـانی نوسین کەرەسـەی لێکۆڵینەوەیـە لـەم ڕێبازەدا. هـەروەها گرنگیـی تـەواو بـە گـۆڕانی واتـایی و گەشەکردنی زمان دەدات لەقۆناغە مێژووییە جیاوازەکانی زمانەکەدا[٤].

لەسـەدەی نـۆزدەو سـەرەتای سـەدەی بیسـتدا، زمانەوانـە ڕۆژئاواییـەکان گەیشـتنە چـەند یاسـاو بنەمایـەك کـە ڕێگەخۆشـکەربوون بۆسـەرهەڵدانی زانسـتێك بـەناوی زانسـتی زمـانی مێـژوویی، کـە لەلایـەنی گۆڕانـە جـۆراو جۆرەکـانی زمانـەوە لـە زمـان دەکۆڵنـەوە[٥]. ئەمـەش لـە زانسـتی زەویناسـی دەچێت، چونکە هەردووکیان زانستی مێژوویین[٦].

چــەمکی (جوڵــە) و (چــالاکیی بــەردەوام) (*Dynamic*)، بنــەمای ســەرەکین بۆلێکۆڵینــەوە لــە گۆڕانەکانی زمان و دۆزینەوەی لایەنە جیاوازەکانی گۆڕان و ئەو یاساو هۆکارانەی کە یارمەتیدەربوون بۆ گۆڕان[٧] .

دێرینەکان پێیان وایە کە گۆڕانی زمـان سـیفەتێکی نـاوەکیی زمـان خۆیـەتی و بـەگوێرەی کـات و شـوێن گـۆڕانی بەسـەردادێت[٨] . لەهـەموو زمانێکـدا گـۆڕان ڕودەدات و هـەموو ئاسـتەکان دەگرێتـەوە ، بەڵام بەشێوەیەکی یەکسان ڕونادات و بەگوێرەی یاسایەکی دیاریکراو نابێت[٩].

---

(١) حاتم صالح الضامن – علم اللغة – ل ١٢٧.

(٢) على زوين– منهج البحث اللغوى بين التراث وعلم اللغة الحديث – ل ١٠.

(٣) عبدالقادر عبدالجليل – علم اللسانيات الحديثة نظم التحكم و قواعد البيانات– ل ١٣١.

(٤) حاتم صالح الضامن – علم اللغة– ل ١٢٧.

(٥) على زوين –منهج البحث اللغوى بين التراث وعلم اللغة الحديث– ل ٣٧ .

(٦) حاتم صالح الضامن – علم اللغة– ل ١٢٧.

(٧) على زوين –منهج البحث اللغوى بين التراث وعلم اللغة الحديث– ل٣٧.

(٨) رمضان عبدالتواب –المدخل الى علم اللغة و مناهج البحث اللغوي – ل ١٩٧.

(٩) حاتم صالح الضامن – علم اللغة – ل ١٢٧ ، على زوين– منهج البحث اللغوى بين التراث وعلم اللغة الحديث– ل ٣٧.

واتاسازی، لقێکی سەرەکیی زمانەوانیی مێژووییە، بەتایبەتی گەڕانەوە بۆ بنچینەی وشە (اصل) و دیاریکردنی ئەو گۆڕانە واتاییانەی بەسەریدا هاتووە لە قۆناغە جیاجیاکانی ڕێڕەوی زمانەکەدا . هەروەها گرنگیدان بە (هەڵەی زمانی) ، لایەنێکی تری لێکۆڵینەوەی زمانە لە ڕێبازی مێژووییدا ، ئەم هەڵانە چەندێتیی گۆڕان و گەشەسەندنی زمانەکە پیشاندەدەن و هەندێجار دەبنە هۆی دۆزینەوەی قۆناغێکی مێژوویی لە زماندا . بەشێکی تری لێکۆڵینەوە لە زمانەوانیی مێژووییدا ، لێکۆڵینەوەی دەنگە، کە گرنگیی تایبەت بە دۆزینەوەی گۆڕانە مۆرفۆلۆجی و یاساکانیان دەدرێت[١] . (ماریۆبای ) پێیوایە کە ئەرکی سەرەکیی زانستی زمانی مێژوویی ،خستنەڕووی گۆڕانەکانە[٢]و، (سۆسێر)یش ناویناوە لێکۆڵینەوەی دیاکرۆنی ،( *Diachronic* ) [٣] .

٢- **ڕێبازی پێوانەیی :** زمانەوانان ، لەسەر ئەوە کۆکن کە زۆربەی زمانە ئەدەبییەکان لە جیهاندا ، کۆمەڵێ زاری ناوخۆیی و کۆمەڵایەتی و شێوازی ئاخاوتنی تایبەتییان لەگەڵدایە[٤] . زمانی پێوانەیی پێوانەیی ئەو زارەیە لەزماندا کە گەیشتۆتە ئاستێکی بەرزو شێوازێکی ڕەسمیی وەرگرتووە لە بەکارهێناندا ، ئەم باڵادەستییەش بۆ هەندێ هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە هۆکاری ( رامیاری ، ئاینی، ئەدەبی ، سەربازی ...) .

زارێك لە زارەکانی زمانێك دەکرێت بە پێوەر بۆ پێوانەکردنی زارەکانی تری هەمان زمان . یاساڕێزمانی و دەربڕینە ڕەوانبێژییەکانی ئەو زارە دەبێت بە بنەمایەك و بەسەر زارەکانی تردا دەسەپێنرێت ، دەرچوون لەو یاساڕێزمانیانە بە هەڵەی زمانی یان ناوێزە دادەنرێت[٥] . واتە زارێك یان چەند زارێك باڵادەستیی زمانییان دەبێت و هەندێکی تر پشتگوێ دەخرێن . هەروەها ئاخاوتن دابەشدەکرێ بەسەر ئاسایی (پەسەند) و ناوێزەدا [٦] .

٣- **ڕێبازی بەراوردکاری :** مرۆڤ بەتەنها ناژی و هەمیشە پێویستی بە گونجان و تێکەڵبوون لەگەڵ گروپە کۆمەڵایەتییەکانی تردا دەبێت ، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کاریگەری لەسەر زمانی هەر یەکێکیان .

---

(١) على زوين – منهج البحث اللغوى بين التراث وعلم اللغة الحديث– ل ٣٨ – ٤٠ .

(٢) رمضان عبدالتواب – المدخل الى علم اللغة و مناهج البحث اللغوي –ل ١٩٧.

(٣) حاتم صالح الضامن – علم اللغة – ل ١٢٧.

(٤) سەرچاوەی پێشو – ل ١١٤ .

(٥) على زوين – منهج البحث اللغوى بين التراث وعلم اللغة الحديث– ل ٢٣.

(٦) سەرچاوەی پێشو – ل ٣٠ .

دیاردەی کاریگەریی زمانی، لە نێوان زمانەکانی‌جیهانـدا ، کارێکی سروشـتییەو لەهـەموو زمانێکدا رودەدات ، بەتایبەتی بەهۆی داگیرکـردن و هۆکـاری ئـابوری و رۆشـنبیری و شارسـتانییەوە . زمانـەکان (بەتایبەت دراوسێکان ) کاریگەرییان لەسەر یەکتری دەبێت .

کاریگەریی زمانـەکان لەسـەر یـەکتری و رەنگدانـەوەی کاریگەرییـەکان ، لەرێگـەی بـەراوردکردنی چەند دیاردەیەکی زمانیی جۆراوجۆر لە نێوان چەند زمانێکی جیاوازدا ، یـان لـە چـەند زارێکـی یـەك زمانــدا دەدۆزێتــەوە ، بــۆ دیــاریکردنی تایبەتمەنــدیی هەریــەکێکیان و خســتنەڕووی وەرگــرتن و گۆڕانەکان تیایاندا [(١)] . بەزۆری ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە لە نێوان چەند زمانێکدا دەکرێت کە سەر بـە یەك خێزانـی زمـانین، واتـە پـۆلکردنی زمانـەکان بـۆ چـەند خێزانێکـی زمـانی دەکرێـت بـە بنـەما بـۆ کارکردن بەم ڕێبازە[(٢)].

٤- **رێبــازی وەســفی :** ســەرهەڵدان و دامەزرانــدنی بنــەماکانی ئــەم رێبــازە بــۆ زانــای سویســری (سۆسـێر)دەگەڕێتەوە. پێیوایـە کـە زمـان پـەیڕەوێکی دەنگیـی سـەربەخۆیە [(٣)] . بـەلای سۆسـێرەوە ، زمان ، پەیڕەوێکی هێماییەو هێماکان دوودیویان هەیە، دیـوێکی بەرجەسـتە کـە دەنگـی بیسـتراوە یـان دەخوێنرێتەوە و، دیوێکی واتایی کە چەمکی شتەکەیە[(٤)] و، یەکتری تەواودەکەن و، پەیوەندیی نێـوان نێوان هێماو شتەکان پەیوەندییەکی لەخۆوەیـە[(٥)] . لێکۆڵینـەوەی زمانـەوانیش دەبـێ لـەم راسـتییەوە بۆی بڕوانرێ و وەکو زمان لـە زمـان بکۆڵدرێتـەوە[(٦)] ، بـەبێ سـەپاندنی هـیچ تێڕوانینێـك لـەدەرەوەی زمانەوە ، بـە تێبینیکردنـی راسـتەوخۆی زمـانی ئاخـاوتن[(٧)] (*Spoken language*).لێکۆڵینـەوە لـە گوتنەکان (ئاخاوتنەکان ) لێکۆڵینەوەیە لـە زمـان و، گـۆڕان و یاسـاکانیان لێوەدەردەهێنرێـت . رێبـازی وەسفی بەشێوەیەکی زانستییانە لە زمانێك یـان زارێکـی دیـاریکراو دەکۆڵێتـەوە ، لـە کـات و شـوێنێکی دیــاریکراودا و تــەنها وەســفی زمــان یــان زارەکــە دەکــات لــە ئاســتەجیاوازەکانیدا [(٨)]. کــات و شــوێن، دوولایەنی سەرەکیی لێکۆڵینەوەی زمانین، چونکە زمان لە گۆڕان و گەشەکردندایە بە جیاوازیی کات و شـوێن ، بۆیـە گرنگییـەکی تـەواو بـە دیـاریکردنی کـات و شـوێن دەدەن لـە لێکۆڵینـەوەدا بـۆ تێکـەڵ

---

(١) رشيد عبدالرحمن العبيدى – مباحث في علم اللغة واللسانيات – ل٣٥ – ٣٦ .

(٢) حاتم صالح الضامن – علم اللغة – ل ١٢٥.

(٣) على زوين منهج البحث اللغوى بين التراث وعلم اللغة الحديث– ل ١٠.

(٤) محمود فهمى حجازى – البحث اللغوى – ل ٣٦ .

(٥) رشيد عبدالرحمن العبيدى – مباحث فى علم اللغة واللسانيات – ل ٤٢ .

(٦) على زوين – منهج البحث اللغوى بين التراث وعلم اللغة الحديث– ل ١٠ .

(٧) عبدالقادر عبدالجليل – علم اللسانيات الحديثة نظم التحكم و قواعد البيانات– ل١٣١ .

(٨) رمضان عبدالتواب – المدخل الى علم اللغة و مناهج البحث اللغوي –ل ١٨٢.

نەکردنی قۆناغەکانی زمانەکەو، سنورو یاسای پێوانەییش بەسەر زمانی تردا ناسەپێنێ [١]. ڕێبازی وەسفی، زیاتر گرنگی بە روخسار دەدات نەك بەوەی کە لە پشتیەوە هەیە [٢] . بە دەربڕینێکی تر، ئەو شریتە دەنگییەی کە لە دەمەوە دەردەچێت ، ئەمە زمانەو کەرەستەی لێکۆڵینەوەیە . لە زانستی زماندا ڕێبازی وەسفی بە زانستێکی مەنگ (ساکن *Static*) دادەنرێ، چونکە باسی زمانێك دەکات بەگشتی ، بەو شێوەیەی کە هەیە لەکاتێکی دیاریکراودا کە مەرج نییە ئێستای زمانەکە بێت [٣] .

لەم ڕێبازەدا، کەرەسەی لێکۆڵینەوە زمانی ئاخاوتنە، کە لە قسەکەرانی زمانەکەوە وەردەگیرێت هەروەها گرنگیی تایبەت بە دەنگ دەدرێت . (ماریۆبای) پێیوایە کە یەکەم ئەرکی زانستی زمانی وەسفی، وەسفکردنی زمانە [٤]و، (سۆسێر)یش بە سینکرۆنی( *Synchronic* ) ناوی بردووە [٥] و لەسەر ئەم بنەمایە کاری کردووە :-

١) لێکۆڵینەوە لە زمانی ئاخاوتندا .
٢) لە ئێستای زمان بکۆڵدرێتەوە یان کاتەکەی دیاریکراوبێت .
٣) لێکۆڵینەوەی زمانەوانی پێویستە لەهەمووکاریگەرییەکی دەرەوەی زمان بە دووربێت.[٦] واتە زمان بە دابڕاوی کاری لەسەر دەکرێت.

بۆلێکۆڵینەوە لە زمان ، وەسفییەکان لە دەنگەوە دەستپێدەکەن کە بە بچووکترین یەکەی زمانیی دادەنێن ، ئینجا وشەو دواتر رستەو لێرەدا دەوەستن [٧] ، واتە گرنگی بە واتا (ناوەرۆك) نادەن[٨] ، بەڵکو گرنگی بە ڕۆنانی زمان دەدەن بۆیە بە ڕۆنانکارەکانیش ناودەبرێن .

پێشکەوتنی زانستی دەروونناسی ، کاریگەریی زۆری لەسەر لێکۆڵینەوە زمانییەکان هەبوو بەتایبەتی لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. بلوم فیلد(*BloomField*) یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ڕێبازی ڕۆنانکاریی ئەمریکی کە بە ڕەوشتکارییەکان ناوبانگیان دەرکرد ، لەژێر کاریگەریی دەروونناسیی رەوشتیدا، تێڕوانینی نوێی بۆ زمان هێنایە ئاراوە کە لەژێر ڕۆشنایی کارو کاردانەوە یان وروژێنەرو بەدەنگەوە هاتندا ( المثير والاستجابة ) ، لە زمان دەڕوانێت [٩]. زمان بریتی

---

(١) عبدالقادر عبدالجليل – علم اللسانيات الحديثة نظم التحكم و قواعد البيانات– ل ١٣٢-١٣٣ .
(٢) على زوين – منهج البحث اللغوى بين التراث وعلم اللغة الحديث– ل ١٥.
(٣) سەرچاوەی پێشو – ل ١١ .
(٤) سەرچاوەی پێشو – ل ٣٧.
(٥) حاتم صالح الضامن – علم اللغة – ل ١٢٨.
(٦) رشيد عبدالرحمن العبيدى – مباحث في علم اللغة و اللسانيات – ل ٤٤.
(٧) نايف خرما – اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة – ل ١٢٠ .
(٨) على زوين – منهج البحث اللغوى بين التراث وعلم اللغة الحديث– ل ٤٦ .
(٩) هادى نهر– علم اللغة الاجتماعي عندالعرب – ل ٣٩.

بریتی دەبێ لەو بارەی كە قسەی تیا دەكرێ و ئەو كاردانەوەیەی كە لە گوێگردا بەدیدێ ، لێرەدا هەموو چالاكییەكی مرۆڤ بەهۆی كارو كاردانەوەوە پەیدا دەبێت ، واتە زمان بەشێكە لە ڕەفتاری مرۆڤ.

زمان ، بە دواییەكداهاتنی دەنگە ، كە لەقسەكەرەوە دەردەچێت لە هەلۆیستێكی دیاریكراوداو گوێگریش دەیبیستێت . پێش هەر ئاخاوتنێك، روداوێك هەیە كەدەبێتە هۆی ئەنجامدانی ئاخاوتن بۆ باسكردنی روداوەكە ، ئەمە وروژێنەرە (المثیر) و ئاخاوتنەكەش دەبێتە بەدەنگەوە هاتن (الاستجابة) ، دواتر ئەم كارو كاردانەوەیە بەردەوام دەبێت[١]. واتە هۆكارێكی دەرەكی دەبێتە وروژێنەر بۆ لەدایكبوونی زمان [٢] .

٥- **ڕێبازی گوێزانەوە** : چۆمسكی دامەزرێنەری ئەم ڕێبازەیەو كاریگەربووە بە بنەما بیرییە فەلسەفییەكانی (دیكارت ) بۆ شیكردنەوەی زمان، بەتایبەتی لە پەیوەندیی نێوان بیرو زماندا و، زمان و مێشكدا و كامیان حوكمی ئەویتریان دەكەن ؟ ئەم ڕێبازە بە دوو قۆناغدا رۆیشتووە ،(بەرهەمهێنان ) و (گوێزانەوە ) .

زمان لای چۆمسكی، (كردارێكی ئالۆزی مێشكییە)[٣] و، (چالاكییەكی هۆشەكییە)[٤] و، (داهێنانە)[٥] نەك لاسایی و دووبارەكردنەوە. زمان توانستەو، ئاخاوتن دەربڕینی دەنگە زمانییەكانە لەلایەن مرۆڤەوە . مرۆڤ دەتوانێ ژمارەیەكی بێكۆتایی لە ڕستە دەربڕێت كە پێشتر نەبیسترابن ، ئەم خاسیەتەی زمان لای چۆمسكی داهێنان و، بەرهەمهێنانە ، واتە داهێنان لە زماندا بریتییە لە توانستی قسەكەر بۆ دروستكردن یان ڕێكخستنی رستەی نوێ [٦].

مرۆڤ بەبێ توانستی زمان لە دایك نابێت ، بەڵكو تواناى وەرگرتنی زمانی هەیە[٧] ، لە ڕێگای بۆماوەوە یاسا گشتییەكانی زمانی بۆ دەگوازرێتەوە [٨] . منداڵ كە لەدایك دەبێت مێشكی لاپەڕەیەكی سپی نییە ، بەڵكو توانایەكی بایۆلۆجی هەیە بۆ فێربوونی هەر زمانێك لە زمانەكانی دنیادا [٩].

---

(١) محمود فهمي حجازي – البحث اللغوي – ل ٣٧.
(٢) رشید عبدالرحمن العبیدي – مباحث في علم اللغة و اللسانیات – ل ٣٠٠.
(٣) نایف خرما – اضواء على الدراسات اللغویة المعاصرة – ل ١٤٠.
(٤) ساجیده عەبدوڵلا فەرهادی – رستەو پاش رستە – ل ٢.
(٥) رشید عبدالرحمن العبیدي – مباحث في علم اللغة و اللسانیات – ل ٣٠١ .
(٦) ساجدە عەبدوڵلا فەرهادی – رستەو پاش رستە – ل ١٧.
(٧) محمود فهمی حجازي –البحث اللغوي – ل ٤٣.
(٨) بەكر عومەر عەلی– چاوپێكەوتن .
(٩) نایف خرما – اضواء على الدراسات اللغویة المعاصرة – ل ١١٩.

ئەم ڕێبازە ڕستە بە دڵی زمان دادەنێت و، پێیوایە کە ڕستە گرنگترین یەکەی زمانییە بۆ لێکۆڵینەوە [١] . واتە لە ڕستەوە دێنە خوارەوە بۆ دەنگ ( لە گشتەوە بۆ بەش ) یان لە ئاستی ڕووکەش (سەرەوە ) بۆ ئاستی قووڵ (ژێرەوە ) بۆ واتا، لە هەمانکاتدا جەخت لەسەر لێکدانەوەی واتا لە مێشکی مرۆڤدا دەکەنەوە .

پێیانوایە کە گرنگترین کاری زانستی زمان لێکدانەوەی مێشکی مرۆڤە[٢]. واتەچۆمسکی لەڕستەوە دەستپێدەکات ، دواتر بە دوو ئاراستەدا دەڕوات، لەلایەك بۆ واتاو لەلایەکی ترەوە بۆ دەنگ کە بەدوا بەرهەمی چەند کردارێکی مێشکیی دادەنێت [٣] . بەدەربڕینێکی تر ئەودەنگانەی کە ڕستەیان لێپێکدێت ، دوا دیاردەی زمانە کە ڕۆنانی سەرەوە پێکدەهێنن [٤] .

لای چۆمسکی ، ڕێزمان ، تەنیا وەسفکردنی شریتە دەنگییەکان و دیاردەکان نییە ، بەڵکو شیکردنەوەشیان دەگرێتەوە ، واتە دۆزینەوەو دەرخستنی جۆری پەیوەندیی نێوان کەرەستەکانە[٥]. ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕێبازە لێکدانەوەی ڕستەکانی زمانە بە شێوەیەکی زانستی و لۆجیکی و بیرکاریانە [٦] ، ئەمەش بنەمایەکی پتەو دەبێت بۆ بەرهەمهێنانی هەموو ڕستەیەکی ڕاست و دروست لە زماندا. لە هەمانکاتدا ڕێگە بە بەرهەمهێنانی ڕستەی ناڕێزمانی نەدرێت، بۆیە بایەخێکی زۆر بە یاسا سینتاکسییەکان دەدرێت ، بەلأم هیچ هۆکارێکی ئەرکیی بۆ گۆڕانی ڕستەو باری دەروونیی قسەکەر دانەناوە و زمانیشی لە دەوروبەر دابڕیوە [٧] .

## زمان و هەندێ لقی زانستی :

لقە زانستییەکان ، دوورو نزیك پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیەو کار لەیەکتری دەکەن ، ئەمەش سروشتی زانستە . زمانیش لە زانستەکانی تر دابڕاو نییە ، بەڵکو پەیوەندییەکی بەهێزیان لەنێواندا هەیە[٨] و هەموو زانستەکانیش بە زمان دەردەبڕدرێن و کەرەستەی زمانییان تێدا بەکاردێت. لەمەوە دەکرێ بوترێ هەموو لقە زانستییەکان سوودیان لە زمان وەرگرتووە بۆ گەیاندن و بلأوکردنەوەیان . بۆیە لێرەدا بەکورتی پەیوەندیی نێوان زمان و هەندێ لقی زانستی دەخرێنەڕوو.

---

(١) علي زوين – منهج البحث اللغوي بين التراث وعلم اللغة الحديث – ل ٤٦.

(٢) كمال بشر – التفكير اللغوي بين القديم والجديد– ل ٤٩.

(٣) نايف خرما – اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة – ل ١٢٠.

(٤) علي زوين –منهج البحث اللغوي بين التراث وعلم اللغة الحديث – ل ٤٦.

(٥) بەکر عومەر عەلی– چاوپێکەوتن .

(٦) طالب حسين علي – چاوپێکەوتن .

(٧) ساجدە عەبدوڵلا فەرهادی – ڕستەو پاش ڕستە – ل ٢.

(٨) رمضان عبدالتواب – المدخل الى علم اللغة و مناهج البحث اللغوي – ل ١٢٥.

١. **زمان ودەروونزانی:** پەیوەندیی نێوان زانستی زمان و دەروونزانی ، بۆ سروشتی زمان دەگەڕێتەوە . وەك لە پێشەوە باسکرا ، زمان بەشێکە لە رەفتاری مرۆڤ[١] ، دەروونزانییش لێکۆڵینەوەیە لە رەفتاری مرۆڤ بەگشتی ، کەواتە لێکۆڵینەوە لەرەفتاری زمانیدا خاڵێکی هاوبەشی نێوان ئەم دوولقە زانستییەیە[٢]. هەموو ئاخاوتنێکیش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی چەند هۆکارێکەوە یەکێك لەوانە، باری دەروونیی قسەکەرو گوێگرە، یاخود ئەو حاڵەتە دەروونییەی کە کاری لە مرۆڤ کردووە بۆ بیرکردنەوە لە داهێنان و بوکارهێنانی زمان ، چونکە پەیوەستییەکی زۆر بەهێز لە نێوان زمان و جیهانی هزرو دەروونی مرۆڤدا هەیە[٣] .

پەیوەندیی نێوان زانستی زمان و دەروونزانی شتێکی تازەنییە و پەیوەندییەکی لە مێژینەی هەیە بەتایبەتی لای ئەوانەی کە زمان لەسەر چەند بنەمایەکی مێشکی و دەروونی شیدەکەنەوە [٤] . [٤] . هەندێ لە زانایان پێیانوایە گەر لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لەسەر بنەمای توانا دەروونییە شاراوەکان نەبێت، لێکۆڵینەوەیەکی تەواو نابێت. هەروەها پێویستە لێکۆڵینەوە دەروونییەکانیش پشت بە بەرئەنجامەکانی زمانەوانی ببەستن [٥]. ئەم پەیوەندی و هاوبەشییە بە تێپەڕبوونی کات پەرەیسەندو بە هێزتربوو و لێکۆڵینەوەدەروونی و زمانییەکان زیاتر گەشەیانکرد، تا ( زانستی زمانی دەروونی ) *Psycholinguistics* هاتە کایەوە، کە توێژینەوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان قسەکەرو دەربڕینەکانی ئەنجام دەدات و، زۆر گرنگی بەمنداڵ و چۆنیەتیی وەرگرتنی زمان دەدات . چۆن وشەو واتاکان وەردەگرێت ؟ منداڵ لەچ کاتێکدا و چۆن توانای تێگەیشتنی پێکهاتە زمانییەکان و یاساکانیانی دەبێت ؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری تری لەم بارەیەوە . هەروەها دۆزینەوەی هۆکاری کێشەو نەخۆشییە زمانییەکان (خەوشەکانی دەربڕین ) و چارەسەرکردنیان . واتە کاری زانستی زمانی دەروونی ، وەسفکردن و شیکردنەوەیەکی زانستیی ئاخاوتن نییە ، بەڵکو گرنگیدانە بە پەیوەندیی نێوان تاك و دەربڕینەکانی[٦] . بە دەربڕینێکی تر ، گرنگی بەو بابەتانە دەدات کە زمان بەبیرەوە دەبەستنەوە ، واتە پەیوەندیی زمان بە مێشك و کەسێتییەوە [٧] . قسەکەر چۆن پلان بۆ قسەکانی یان بۆ دەربڕینی بیرۆکەکانی دادەنێت ؟ چۆن وشەکان هەڵدەبژێرێت؟

(١) محمود فهمی حجازی – البحث اللغوي– ل ٣٧.
(٢) حاتم صالح الضامن –علم اللغة – ل ٤٠.
(٣) مليكا افيتش– اتجاهات البحث اللسانی – ل ٣٠١ .
(٤) كمال بشر – التفكير اللغوي بين القديم والجديد– ل ٤٩.
(٥) حاتم صالح الضامن –علم اللغة – ل ٤٠.
(٦) كمال بشر – التفكير اللغوي بين القديم والجديد – ل ٥٠ .
(٧) حاتم صالح الضامن –علم اللغة – ل ٤٢.

چۆنیەتیی پاراستنی ئەم دەربڕینانە لە مێشکداو گەڕاندنەوەیان لە کاتی پێویستدا ، هەروەها گوێگر چۆن لەو دەربڕینانە تێدەگات ؟[١]...

زانستی زمان گرنگی بەو شریتە دەنگییانە دەدات کە لە دەمەوە دەردەچن ، بەڵام ئەو کردارە مێشکییانەی کە لە ئەنجامی پەیوەندیی نێوان مێشك و ئەندامانی ئاخاوتنی قسەکەرو ، ئەندامانی بیستن و مێشکی گوێگردا ڕوودەدەن بابەتی توێژینەوەی زانستی زمانی دەروونین[٢]. بۆیە زمان گرنگترین ئامرازی یاریدەدەرە لە لێکۆڵینەوەی دەروونیدا . هەندێ لە زمانەوانانی ئەمریکی ، زانستی زمان بە باشترین بوار دادەنێن بۆ سەلماندنی مرۆڤایەتیی ئادەمیزاد[٣].

٢. **زمان و جوگرافیا:** بارو دۆخی جوگرافی ، کاریگەریی زۆری لەسەر زمان هەیە. بەشێوەیەکی گشتی سنورە سروشتییەکان ڕۆڵیان لە جیاکردنەوەی زمانەکان و زارەکانی زمانێك لە یەکتریدا بینیوە . بۆ نموونە زمانی دانیشتوانی ناوچە شاخاوییەکان دابڕاوترن لە هی ناوچەکانی تر [٤]. زانستی زمان دەمێکە ڕێگای زانستی جوگرافیای وەرگرتووە بۆ جیاکردنەوەی سنوری زارەکان و خستنەڕووی تایبەتمەندیی هەریەکێکیان لەسەر نەخشەیەکی جوگرافیدا. تاکەجیاوازیش لە نێوان ئەم نەخشانەدا ، خستنەڕووی زانیارییەکانە کە دیاردە زمانییەکانی لەسەر دیاریدەکرێت [٥]. ئەم نەخشانە ، ڕادەی بڵاوبوونەوەی وشە، لە هەرێم و ناوچەکاندا دیاریدەکەن و واقعی زمانەکە یان زارەکە دەخەنەڕوو . ئەم کارە لەبنچینەدا لەسەر دەستی دێرینەکان (مێژووییەکان ) هاتە ئاراوە ، بەڵام بنەمایەك بوو بۆ لێکۆڵینەوەی وەسفی و دەکرێ بە کارێکی وەسفی دابنرێ [٦] .

لەم نزیکبوونەوەیەدا ، لقێکی تر لە زانستی زمان هاتە کایەوە بە ناوی (زمانەوانیی جوگرافی) کە گرنگی بەڕەهەندە جوگرافییەکانی گۆڕانی زمان دەدات ، بەبێ گوێدان بە هۆکارە مێژووییەکان[٧]. هەروەها لە چۆنیەتیی دابەشبوونی جوگرافیی زارو زمانەکان دەکۆڵێتەوە ، بە دیاریکردنی تایبەتمەندی و جیاوازییان لە لایەنی دەنگ و وشەو ڕستەو واتاوە ، لەگەڵ گرنگیدان بە بەکارهێنانەکانی زمان لەلایەن گروپە زمانییەکانەوە [٨]. بۆ نموونە ، جیاوازیی گڕی و کپیی

---

(١) كمال بشر – التفكير اللغوي بين القديم والجديد– ل ٥٠.

(٢) حاتم صالح الضامن –علم اللغة – ل ٤٠ .

(٣) محمود فهمی حجازی –البحث اللغوی – ل ٤٣ .

(٤) مليكا افيتش– اتجاهات البحث اللساني – ل ١١٩ .

(٥) رمضان عبدالتواب – المدخل الى علم اللغة و مناهج البحث اللغوي – ل ١٤٧ .

(٦) حاتم صالح الضامن –علم اللغة – ل ٤٣–٤٤ .

(٧) كمال بشر – التفكير اللغوي بين القديم والجديد– ل ٥٨ .

(٨) عبدالقادر عبدالجليل– علم اللسانيات الحديثة – نظم التحكم و قواعد البيانات – ل ١٩٧.

دەنگەكان لە ناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی تر یان جیاوازی لە بەكارهێنانی هێز لە بڕگەكانی وشەدا . هەروەها وشە هاوبێژو هاوواتاكان بەگوێرەی ناوچە جیاجیاكان و رادەی بلاوبوونەوەی وشە لە ناوچەكاندا دیاری دەكات [١]. زانستی زمانی جوگرافی ، جگە لەرِەهەندە جوگرافییەكان ، گرنگی بە رِەهەندی رۆشنبیری و پیشەییش دەدات ، چونكە گۆڕان لە زماندا تەنها بۆ هۆكاری جوگرافی ناگەڕێتەوە و ئەو گۆڕان و دیاردانەش دەبن بە بنەما بۆ زارە كۆمەلآیەتییەكان *Social dialects* ، ئەمەش لێكچوون و هاوبەشیی دیالێكتۆلۆجی و زمانەوانیی جوگرافی دەگەیەنێت، كە هەردووكیان لایەنێكی گرنگن لە زانستی زمانی كۆمەلآیەتیدا[٢] .

٣. **زمان و مێژوو** : لێكۆڵینەوە لە مێژووی زماندا ، دەرگای فراوان بۆ ناسینی گەلان و دەستكەوتنی زانیاری لەسەر قۆناغەكانی پێشكەوتن و دەركەوتنیان دەخاتە سەرپشت . هەروەها بە لێكۆڵینەوەی مێژوویی زارە ناوخۆكانی گەلان ، دەتوانین مێژووی راستی ئەم گەلانە بنوسینەوە [٣]، تاڕادەیەك كە هەندێ لە زمانەوانان پێیان وایە كە ئەستەمە بتوانین مێژووی راستەقینەی گەلێك بنوسینەوە، ئەگەر لێكۆڵینەوەیەكی وردی زارە ناوخۆییەكانی نەكرێت [٤] ، چونكە زمان، ڕاسترین لاپەڕەی مێژووی گەلان تۆماردەكات و لەڕێگەی تایبەتمەندیی قۆناغەكانی زمانێكەوە، دەتوانرێ مێژووی ژیانی ئەو گەلە بەرجەستەبكرێت[٥] .

٤. **زمان و ئەنترۆپۆلۆجیا** : ئەنترۆپۆلۆجیا ، لێكۆڵینەوەیە لە ئادەمیزاد ، گەر قووڵتربینەوە ئەو زانستەیە كە لە سروشتی فیزیكی و دەروونیی مرۆڤ دەكۆڵێتەوە[٦] . گومان لەوەدانییە كە زمانیش بەشێكە لە مرۆڤ ، هەروەها لایەنێكی گرنگی تر كە ئەنترۆپۆلۆجیا گرنگی پێدەدات ( ئەنترۆپۆلۆجیای كۆمەلآیەتی ) بابەتی رۆشنبیریی مرۆڤە ، كەسیش ناتوانێ نكۆڵی لەكاریگەریی رۆشنبیری لەسەر زمان بكات [٧] .

---

(١) رمضان عبدالتواب – المدخل الى علم اللغة و مناهج البحث اللغوي – ل ١٤٧.

(٢) حاتم صالح الضامن –علم اللغة – ل ٤٤–٤٥ .

(٣) رشيد عبدالرحمن العبيدي – مباحث في علم اللغة واللسانيات – ل ٣٠.

(٤) حاتم صالح الضامن –علم اللغة – ل ٤٦.

(٥) علي عبدالواحد وافي – اللغة والمجتمع – ل ١٠.

(٦) هادي نهر – علم اللغة الاجتماعي عندالعرب – ل ٢٦ .

(٧) مليكا افيتش– اتجاهات البحث اللساني – ل ٣٠١ .

ئەمانەو چەند لایەنێکی تری هاوبەش لە نێوان زانستی زمان و ئەنترۆپۆلۆجیادا، بوون بە کەرەستەی دروستبوونی لقێکی تری زانستی زمان بەناوی زانستی زمانی ئەنترۆپۆلۆجی کە لێکۆڵینەوە لە کارلێکی نێوان زمان و مرۆڤدا دەکات [١] .

زمان ڕێبەری لێکۆڵینەوەی زانستیە لە ڕۆشنبیریدا ، بۆیە گرنگییەکەی بەردەوام لە زیادبووندایە بەڕادەیەکی ئەوتۆ کە بەبێ پەنابردنە بەرسیستەمی هێمایی زمان ، ناتوانین لە ڕۆشنبیریی کۆمەڵێك تێبگەین [٢] .

٥. **زمان و رامیاری :** رامیاری ، یەکێکە لەو لایەنانەی ژیان کە بۆ بەجێهێنانی مەبەستەکانی ، بەڕادەیەکی یەکجارزۆر، پشت بەزمان دەبەستێت . بەجێهێنانی ئەم مەبەستانەش لەئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمانن. بۆ نموونە ، هەر رژێمێکی رامیاری ، چەند زاراوە و دەربڕینێك لە راگەیاندنەکانیدا بۆ پێداهەلگوتنی خۆی بەکاردەهێنێت ، بەپێچەوانەشەوە جۆرە دەربڕینێکی تر بەکاردەهێنێت لەگەڵ ئەو رژێمانەی کە ناکۆکە لە گەڵیاندا . زمانی ڕێککەوتنە رامیاری و سەربازی و ئابوریو ڕۆشنبیرییەکانی نێوان دەوڵەتان و دەستدرێژی نەکردنە سەریەکتری ، شێوازی تایبەتیان هەیەو دەوڵەتانی هاوپەیمان و دراوسێ یان ئەوانەی بەرژەوەندیی هاوبەشیان لە نێواندا هەیە ، لە وتارو راگەیاندنەکانیاندا چەند دەربڕینێك بەکار دەهێنن جیاواز لە ولآتانی تر. هەروەها دەربڕین و رازیکردنی خەڵك لە ڕژێمێکی دیموکراسیدا جۆرێکەو لە ڕژێمێکی دیکتاتۆریدا جۆرێکی ترە .

لەکاتی جەنگدا ، هەر دەوڵەتێکی شەڕکەر جۆرە شێوازێك پەیڕەودەکات و، بۆ بانگەوازی ئاشتیش شێوازێکی تر . لە کاتی هەڵبژاردندا ، زمان بۆ وروژاندنی خەڵك و کارتێکردنیان بەکاردێت بە هەڵبژاردنی هەندێ دەربڕینی کاریگەرو وروژێنەر و بەکارهێنانی هونەرەکانی رەوانبێژی و دواندن و پابەندکردنی بابەتەکە بە ئەرکە مرۆڤایەتی و نیشتمانییەکان و پیرۆزکردنیان ، کە زیاتر کاریگەرییان لەسەر هەستی مرۆڤ هەیە نەك لەسەر بیر ، لەمەشدا چۆنیەتیی رژێمی سیاسی و کلتورو ڕۆشنبیریی گەلان و باری شارستانیی ئەو گەلەی کە دەربڕینەکانی ئاراستە دەکرێت ، ڕۆڵیان هەیە .

لەو بەکارهێنانە فراوانەی زمان لە بواری رامیاریداو ، ئەو ڕۆڵە گەورەیەی کە زمان دەیگێڕێت ، لقێکی زانستی بە ناوی ( زمانەوانیی رامیاری )هاتە ئاراوە کە هەردەم لە هەوڵی هێنانەکایەی زمانی هاوبەشدایە و هەوڵدەدات بۆ یەکخستنی زمانی نوسین لە نێوان زارەکاندا بۆ باشتر پێکانی

---

(١) كمال بشر – التفكير اللغوي بين القديم والجديد– ل ٦٠ .

(٢) ساپير – اللغة علماً –مقالات في علم اللغة الحديث – اختيار وترجمة سعيد الغانمي – ل ٨٠.

ئامانجەکانی خۆی[١] . هەروەها گرنگی بە لێدوان و وتارە رامیارییەکان دەدات لە بۆنە رەسمی و نارەسمییەکاندا [٢] .

٦. **زمان و یاسا :** یاسا، بریتییە لە کۆمەڵە دەربڕینێکی زمانی ، کە چۆنیەتیی ژیان و پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان و گونجانیان لەگەڵ دەوروبەردا رێکدەخات .

دەقی یاسایی ، بەرهەمی قووڵبوونەوەی دانەرەکەیەتی ، وشەکانیشی ویست و بیروبۆچوونە راستەقینەکانی دانەر دەردەبڕن . دەقە یاساییەکان لە وشەو زاراوە پێکدێن کە لەرێگەیانەوە راستیەکانی ژیان دەردەبڕدرێن . کەرەستەکانی زمانی یاسا ، هەمان کەرەستەزمانییەکانی ئاخاوتنی خەڵکن ، بەڵام دەربڕینەکانیان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە . زمانی یاسا ، یاساو مەرجی تایبەتییان هەیە کە زمانێکی هونەری دروستدەکەن .

ئاشکرایە کە وشەکان دوو واتایان هەیە ، واتایەکی ئاشکرا ( لفظي ) و، واتایەکی شاراوە ( مجازي ) . لە دارشتنی دەقی یاساییدا ، وا پێویستدەکات کە لێکدان و رێزکردنی کەرەستەکان بەشێوەیەك بێت کە هیچ واتایەکی شاراوەیان لەپشتەوە نەبێت ، تەنها ئەو واتا ئاشکرایەی کە دەقی یاساکە مەبەستێتی، تاکو تەمومژی واتایی لێنەکەوێتەوەو بەهیچ مەبەستێکی تر بەکارنەهێنرێت ، یان یاری بە یاساکە بکرێت و پاساوی بۆ بهێنرێتەوە .

واتای کەرەستەزمانییەکان لە یاسادا سنوردارن ، کاتێك زاراوەیەك بە واتایەك بەکارهات ، ناکرێ لە شوێنێکی تری یاساکەدا واتاکەی بگۆڕێت ، یان زاراوەیەکی تر بەهەمان واتا بەکاربهێنرێت. بەدەربڕینێکی تر، لە دانانی یاسادا بەکارهێنانی وشەی هاوبێژو هاوواتا کارێکی نادروستە ، چونکە کێشە بۆ جێبەجێکردنی یاساکە دروستدەکات . هەروەها بەپێی گونجان ، مەبەستە کە بەوردیو بەڕونی و بە کورتی بخرێتەڕو کە بواری گومانکردن و بۆچوونی جیاجیای تێدا نەبێت ، ئەمەش لە رێگەی کەرەستە زمانییەکانەوە دەبێت بەمەرجێ کار لەناوەرۆکی بیرەکە نەکات .

ئاستی خوێندەواری و رۆشنبیریی خەڵکیش کاریگەرییان لەسەر شێوازو زاراوەکانی یاسادا هەیە . یاسا دانەرانیش پێیانباشە کە بەشێوەیەکی گشتی دەقە یاساییەکان بە زمانی ئەو گەلەبێت کە یاساکەی بۆدادەنرێت . هەروەها زاراوەو شێوازی دەقە یاساییەکان لە ئاستی تێگەیشتنی خەڵکیدابن و لایەنی هونەری و شێوازە یاساییەکەش ون نەکەن [٣] .

---

(١) محمود السعران – اللغة والمجتمع راي ومنهج – ل ٤٦-٥٨ .

(٢) كمال بشر – التفكير اللغوي بين القديم والجديد– ل ٦١ .

(٣) عصمت عبدالمجيد بكر – دور اللغة في صياغة التشريع – ل ٣٩-٤٣ .

٧. **زمان و ئەدەب** : ئەدەب ، بریتییە لەکۆمەڵێك هێماو ئاماژە کە لەڕێگەی بنیادی زمانەوە بنیاد ئەنرێ . ئەدەب ، ئەو دەربڕینانەن کە واتایەکی ئاسایی ناگەیەنن[١] . ئەدەب بوونەوەرێکی زیندووە ، لە گەشەو نوێبوونەوەو فراوانبووندایە . خاوەنی کیانێکی سەربەخۆو کەسێتیی تایبەت بە خۆیەتی ، بەوە جیادەکرێتەوە کە هێزێکی کاریگەرو نەرمونیانی هەیە کە بەردەوامی و فراوانبوونی پێدەبەخشن ، وەك رووەك و گیانداری چالاك لەگەڵ ژینگەکەیدا خۆی دەگونجێنێت . هێزو توانای ئەو کەسێتییە بەهێزو پتەوەیش ، بەرهەم و ئەنجامی ئەو هەموو کارلێکردنانەیە کە لە تەمەنی درێژیدا بەسەریهاتوون [٢] .

ئەدەب فراوانکردنی هەندێ لە تایبەتمەندی و بەکارهێنانەکانی زمانە [٣] . کاری ئەدەبی ، بینایەکی زمانییە ، توانا مۆسیقی و وێنەیی و ئاماژەییەکان بۆ گەیاندنی شتێکی نوێ بەخوێنەر بەکاردەهێنرێن [٤] ، چونکە دەتوانێ جەماوەر لە خۆی کۆبکاتەوەو بە گوێرەی کاریگەری و سەرنجڕاکێشان و گونجان لەگەڵ حەزو ئارەزووەکانیدا ، کارلێکردن لە نێوانیاندا دروستدەبێت . ئەدیب نایەوێ تەنها شتێکمان پێبڵێت ، یان واتایەکمان بۆ بگوێزێتەوە ، بەڵکو ئامانجەکە زۆر لەوە گەورەترە و دەیەوێ کاریگەرییەکمان لەسەر دروستبکات و ئاماژە بە چەند شتێکی تر بکات کە لە دەروونیدا هەن . جۆراو جۆریی ئامانج و بابەتەکانی ئەدەب و بابەتە کەسیو کۆمەڵایەتییەکان ، کاریگەرییان لەسەر ئەدیب هەیە . ئەم هەموو دەربڕین و ئاماژانەش، بە زمان دەکرێن چونکە زمان کەرەستەی ئەدەبەو بەبێ زمان ، ئەدەب بوونی نابێت .

ئەگەر زمان، لەژیاندا، بۆ پەیوەندیکردن و دەربڕین و شاردنەوەی هەست و بیربێت ، ئەوا بەکارهێنانی زمان لەکاری ئەدەبیدا جیاوازە و تەنها بۆ دەربڕین نییە ، بەڵکو بۆ ئاماژەیە (ایحائیة) ، بۆ دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر خوێنەرو ئاراستەکردنیەتی بۆ گۆڕان لە هەڵوێستدا و رازیکردن و قەناعەت پێکردنیەتی. لێرەوە جیاوازیی بەکارهێنانی زمان لەنێوان خەڵکی ئاسایی و خەڵکی بلیمەتدا دەردەکەوێت. خەڵکی ئاسایی بەو شێوە ئاساییە زمان بەکاردەهێنێت کە پێیگەیشتووە ، بەڵام مرۆڤی داهێنەر (لە ئەدەبدا ) ، بەپێی سروشتی زیرەکیی خۆی زمان بەکاردەهێنێت، بەشێوەیەك کە لەگەڵ بەهرە و داهێنانەکانیدا گونجاوبێت . واتا دەتوانێت زمان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوەو بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆی و بە شێوازێکی تایبەت بەخۆی بەکاریبهێنێت . بەم شێوەیە ،

---

(١) ساپیر – اللغة والادب .(اللغة والخطاب الادبي ) – ل ٢٩ .

(٢) مصطفى لطفي – اللغة العربية في اطارها الاجتماعي – ل ١٩٢.

(٣) تزفتان تودوروف – اللغة والادب (الغة والخطاب الادبي ) – ل ٤١ .

(٤) مصطفى لطفي – اللغة العربية في اطارها الاجتماعي – ل ١٩٧ .

زمان لەسەر دەستی کەسانێکی داهێنەرو بلیمەتدا پێشدەکەوێت [١] . لەم پەیوەندییە بەهێزەوە لقێکی تری زانستی لە زمانەوانیدا هاتە ئاراوە بە ناوی زانستی شێواز (علم الاسلوب – الاسلوبیة ) ، کە لەگونجان و پەیوەندیی نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئاخاوتن و شیکردنەوەیان بۆ پێکهاتەکانیان دەکۆڵێتەوە ، بۆ دیاریکردنی ئەرك و ئاراستەی واتایی هەر یەکێکیان [٢] .

٨. **زمان و کۆمەڵ** : بەشێوەیەکی گشتی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ( کە زمانیش یەکێکە لەو دیاردانە ) ، خاوەنی هەندێ تایبەتمەندین . لەوانە [٣] :

١- لەچەند یاسایەکی گشتیدا خۆیان دەنوێنن کە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە پەیڕەودەکرێن و دەیانکەن بەبنەما بۆ ڕێکخستن و گونجاندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی نێوانیان .

٢- بەرهەمی بیری کۆمەڵن . واتە دروستکراوی دەستی تاکەکان نین، بەڵکو سروشتی کۆمەڵ بەرهەمیاندەهێنێ .

٣- دەرچوون لەهەر یەکێك لەو یاسایانە ، تاك توشی بەرەنگاریو سزای کۆمەڵ دەکاتەوە .

بەهۆی ئەوەی کە زمانیش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەناو کۆمەڵدا کاردەکات ، خاوەنی هەمان تایبەتمەندییە . زمان لە هەموو کۆمەڵێکدا سیستەمێکی گشتی هەیەو تاکەکانی کۆمەڵ پەیڕەویدەکەن و بەکاریدەهێنن . هەروەها زمان دروستکراوی کەسێك یا چەند کەسێکی دیاریکراونییە بەڵکو سروشتی بەکۆمەڵبوون ( اجتماع ) دروستیدەکات و، هەرتاکێك لە ڕێگەی فێربوون و فێرکردن و لاساییکردنەوەی کۆمەڵەوە فێریدەبێت . لە هەمان کاتدا زمان یەکێکە لەو کارانەی کە تاك ناچار دەکات پەیڕەوی سیستەمەکەی بکات و لێیدەرنەچێت ، هەر کاتێك لە سیستەمەکە دەرچوو (بە مەبەست یان بە هەڵە )، کۆمەڵ وەریناگرێت ،چونکە تێگەیشتن دروستنابێت . یان دەبێتە مایەی گاڵتەپێکردن .

زمان گرنگترین ئامرازە بۆ جێبەجێکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتی و بیری و زانستییەکانمان[٤] . هەر لە چاکوچۆنی و بەیانی باشەوە ، زمان لە کاردایە لە بەجێهێنانی گشت کارەکاندا. واتە لە بەجێگەیاندنی هەموو کارە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤدا بەشدارە. لەمامەڵە کردن لەگەڵ خەڵکیداو ئاخاوتن لەگەڵ ناسیاو و نەناسیاودا، لە دانیشتن و کۆڕو کۆبونەوەو ئاهەنگ و پرسەدا، زمان بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی هەڵدەستێت. لە سروتە ئاینییەکاندا، لە دروستکردنی پەیوەندی لە

(١) مصطفى لطفي – اللغة العربية في اطارها الاجتماعي – ل ١٩١ – ١٩٦ .

(٢) عبدالقادر عبدالجليل –علم اللسانيات الحديثة – نظم التحكم والقواعد البيانات – ل ٢٠٨ .

(٣) علي عبدالواحد وافي – اللغة والمجتمع – ل ٣ .

(٤) هادي نهر – علم اللغة الاجتماعي عندالعرب– ل ١٨ .

نێوان مرۆڤ و خوادا ، لە بانگدان و وتارو مارەکردن و جیابوونەوەو مردن و ناشتن و سوێنددان و پرسیارو وەڵامدا ، هەروەها لە خەڵوەت و زیکری سۆفی و دەروێشاندا ، زمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. هەرچەندە لە هەندێ لەو بۆنانەدا ، واتای فەرهەنگیی وشەکان مەبەست نین، بەڵکو زیاتر دەربڕینەکان بە شێوەیەکی گشتی واتا دەگەیەنن کە کۆمەڵێك لەسەری ڕێککەوتوون، واتە لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازن ، بەزۆریش دەربڕینەکان کۆن و تەمومژاوین و ئاوازی تایبەتیشیان هەیە . هەر لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە هەوڵی زاڵبوون بەسەر دەوروبەردا دەدەین بە شێوازی فەرمانکردن، جا شێوازەکەی ڕەق بێت یان نەرم ، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانمان و وەرگرتنی زانیاریی گرنگ و ناگرنگ دەربارەی ژیان و دەوروبەرمان.

هەر بەهۆی زمانەوە ، کۆمەڵ پارێزگاری لە ئاین و ئەدەب و کلتوری خۆی دەکات . هەرچەندە لێرەدا زیاتر زمانی نوسین ئەم ڕۆڵەگرنگە دەبینێت، چونکە ئەو گەلەی کە هەرگیز نوسینی نەبووبێت ، ئەوا بەشی زۆری مێژوو و کلتوری ونبووە.

گوزارشتکردن لە هەست ، ئەرکێکی تری زمانە . لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانەوە دەتوانین هەستەجۆراو جۆرەکانی خۆمان دەربڕین ، لە خۆشی و ناخۆشیدا ، شادیو پەژارە ، توڕەبوون ، ناڕەزایی و ڕازیبوون ، جنێودان و پیاهەڵدان و ستایشکردن ... تا دەگاتە بەشەکانی ئەدەبیش بە شیعرو پەخشانەوە ، هەموویان هەستی مرۆڤ دەردەبڕن ، جگە لە گۆرانی وتن و هەندێ کرداری تر کە هەمان مەبەستی هەستدەربڕین دەگەیەنن ، وەکو فیکە و زەردەخەنەو پێکەنین و گریان و سەرلەقاندن و چەپڵە لێدان . لە هەمانکاتدا گەیاندنی بیریش لە ڕێگەی زمانەوە بەکارهێنانێکی تری بەرفراوانی زمانە و هەر بەهۆی زمانیشەوە دەتوانین بیرو بۆچوونەکانمان بشارینەوە [١] .

باری ئابوری و شارستانیەتی کۆمەڵ و دابونەریت و یاساو بیرو بۆچوون و لایەنی فیکری و ڕادەی ڕۆشنبیری و تێڕوانین بۆ ژیان و لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی تر، کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە و زۆر بە وردی هەموویان تۆماردەکات [٢] . هەر گۆڕان و پێشکەوتنێك لەم لایەنانەدا ڕوبدات، ڕەنگدانەوەی لە زمان و دەربڕینەکانی کۆمەڵەکەدا دەبێت [٣] . واتە دەکرێ لە ڕێگەی دەربڕینەکانەوە چۆنیەتیی بیرکردنەوەو تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ ژیان و دەوروبەر بزانرێت . هەرچەندە هەندێ لە زانایانی زمانەوانی پێیانوایە کە بە شێوەیەکی گشتی بنیادو پێکهاتەی زمان ، سنوری بیرکردنەوە دیاریدەکات و زاڵیشە بەسەریدا [٤] . هەروەها زمان ، تێڕوانینی خۆی بەسەر کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا

(١) نايف خرما – اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة – ل ٢١١ – ٢١٥ .

(٢) رمضان عبدالتواب – المدخل الى علم اللغة و مناهج البحث اللغوي – ل ١٢٨.

(٣) علي عبدالواحد وافي – اللغة والمجتمع – ل ١٠ .

(٤) نايف خرما – اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة– ل ٢١٧.

دەسەپێنێ [١] و کاریگەریی ڕاستەوخۆشی لەسەر چۆنیەتیی بیرکردنەوەو ڕەوشتی مرۆڤدا هەیە . کەواتە دەتوانین بڵێین هەرچی لەم جیهانەدا ڕوودەدات ، بمانەوێ و نەمانەوێ ، پەیوەستە بە زمانەوە[٢] . کۆمەڵ لە چوارچێوەی زمانەکەی خۆیەوە دەڕوانێتە دنیا، ئەمەش وایکردووە کە هەندێ لە زمانەوانان زۆر قووڵتر بۆ پەیوەندیی نێوان بیرو زمان بچن و پێیانوابێت کە زمان بەندیخانەی مرۆڤەکانە ، یان مرۆڤ دیلی زمانەکەیەتی[٣] . هەندێکی تری وەك( فندریس ) [٤] پێیان وایە کەناکرێ لێکۆڵینەوە لە گەشەی زماندابکەین بە دابڕاوی لە لێکۆڵینەوەکانی پێکهاتەی مێشکی مرۆڤ (دەماغ) ، واتەناکرێ لەیەکیان دابڕین . لەهەمان کاتدا بۆچوونی تر هەیە کە پێیوایە زمان دروستکراوی کۆمەڵەو بەبێ کۆمەڵ ، زمان بوونی نییەو بەبێ زمانیش، کۆمەڵ دروست نابێت [٥].

بە کورتی زمان و بیر ، زۆر پابەندن بەیەکەوە تاڕادەیەك کە ناتوانین زیاتر لە توانای زمانیمان بیربکەینەوە و ناشتوانین شتێك بڵێین کە نەتوانین بیری لێبکەینەوە[٦] .

تا شارستانیەتی گەل، گەورەو فراوان بێت و پێویستی و وێستگەکانی ژیان زیاتربن، تێڕوانینەکان جوانترو لایەنە دەروونییەکان جێگیرتربن ، فەرهەنگی زمان دەوڵەمەندترو شێوازەکان جوانترو هونەرەکانی دەربڕین زیاتردەبن [٧]، چونکە پێویستییەکانی کۆمەڵ، ژمارەو جۆری وشەکانی زمان دەسەپێنن . زمانی هەر کۆمەڵێك یارمەتی ئاخێوەرانی دەدات بۆ بیرکردنەوەو تێڕوانینیان بۆ دنیا بە جۆرێك، بەڵام ڕێگرنییە بۆ هەڵبژاردنی جۆرێکی تر . زمان هۆکارێکە بۆ فێربوون و خۆگونجاندنی تاك لەناو کۆمەڵەکەیدا ، چونکە تاك بۆ تێڕوانین و بیرکردنەوە بە ڕێگایەکی دیاریکراو ئاراستەدەکات کە لەگەڵ تێڕوانین و بیرکردنەوەی کۆمەڵ و هاوزمانەکانی خۆیدا لەیەکدەچن[٨] . ئەمانەش هەموویان بەشێکن لە شارستانیەتی مرۆڤ کە ئەویش هەر لە ڕێگەی زمانەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین زمان ئاوێنەی کۆمەڵە[٩]و، ناتوانرێ لە دەرەوەی زمانەوە بوونەوەرێك بناسین ناوی مرۆڤ بێت [١٠] .لە کۆمەڵێکی

---

(١) هادي نهر – علم اللغة الاجتماعي عندالعرب – ل ٣٩ .

(٢) سەرچاوەی پێشو– ل ١٨.

(٣) نايف خرما – اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة– ل ٢٢٠– ٢٢١ .

(٤) غالب المطلبی – في علم اللغة – ل ١٠١ .

(٥) سەرچاوەی پێشو – ل ٩٨ .

(٦) نايف خرما – اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة– ل ٢١٨.

(٧) علي عبدالواحد وافي – اللغة والمجتمع – ل ١٠– ١١ .

(٨) نايف خرما – اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة– ل ٢٢١ – ٢٢٢ .

(٩) علي عبدالواحد وافي – اللغة والمجتمع – ل ١٢ .

(١٠) هادي نهر – علم اللغة الاجتماعي عندالعرب – ل ١٨ .

سەرەتایی و نا شارستانیدا، زمان فەرهەنگێکی هەژارو ئەندێشەیەکی بەرتەسکی هەیەو دەربڕینی هونەریی تێدا لاوازە . واتا زمانەکەش سەرەتایی و ناشارستانییە. بەپێچەوانەشەوە لە کۆمەڵێکی شارستانیدا ، دەربڕینی هونەری و یاسای ڕێزمانیی جۆراوجۆرو فەرهەنگێکی دەوڵەمەندو شارستانیی هەیە [١] . تاکەکانی کۆمەڵیش خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن لە زماندا ، کە لە تاکەکانی تری هەمان کۆمەڵیان جیادەکاتەوە. بۆ نموونە بە هۆی دەنگەوە دەتوانین ڕەگەزو تەمەن و ناسیاوی و نەناسیاویی کەسی قسەکەر بزانین . یان دەنگ و ئاوازی قسەکردنی هەندێکەس لەبەرگوێ خۆشەو هەندێکی تر بەپێچەوانەوە. هەر لەڕێگەی زمانەوە ، تاڕادەیەك دەزانرێ قسەکەر خەڵکی کوێیە. هەروەها چین و پلەوپایەو باری کۆمەلأیەتی و پیشەو ڕادەی ڕۆشنبیریی قسەکەر دەردەکەوێت. جگە لەوەی کە هەندێ دەربڕینی تایبەت هەن لە ئاخاوتنی کەسێکدا زۆر دوبارە دەبنەوە . هەندێکەس زۆر خێرا قسە دەکەن، هەندێك زۆر هێواش، هەندێکی تر لە نێوانیاندا (مامناوەند)... ئەمانەو چەندین تایبەتمەندی و جیاوازیی تر ، بەلأم هیچیان نابنە هۆی تێنەگەیشتن لە نێوان تاکەکانی یەك کۆمەڵدا ، چونکە لایەنە هاوبەشەکانیان زۆر زیاترن [٢]. کەواتە ناتوانین لە بۆشاییدا باس لە زمان بکەین، چونکە زمان دیاردەیەکی کۆمەلأیەتییەو بۆ ئەو کۆمەڵە دەگەڕێتەوە کە قسەی پێدەکەن و دەبێ لەچوارچێوەی ئەو کۆمەڵەوە لێبڕوانرێ کە تیایدا بەکاردەهێنرێت [٣] . لەم پەیوەندییە بەهێزەوە و لە پەیوەندیی نێوان زانستی زمان و زانستی کۆمەڵناسییەوە ، لقێکی تری زانستی زمان هاتە ئاراوە بەناوی زانستی زمانی کۆمەلأیەتی .

## زانستی زمانی کۆمەلأیەتی :

لقێکی زانستی زمانەو، لێکۆڵینەوە وەك دیاردەیەکی کۆمەلأیەتی لە زماندا دەکات [٤]. لە پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ [٥] و کاریگەرییان لەسەر یەکتری دەکۆڵێتەوە . واتە "خەریکی لێکدانەوەی ئەو پەیوەندییانەیە کە لەنێوان هەڵوێستی کۆمەلأیەتی و هەڵبژاردنی زمان، یان زاردا هەیەو هەوڵی ئەوە دەدات تێمان بگەیەنێت چۆن خەڵکی دەتوانن کەڵك لە کانگای زمانییان وەرگرن بە پێی ئەو دەورەی لە کۆمەڵ دا دەیبینن قەنات بگۆڕن"[٦] .

---

(١) رمضان عبدالتواب – المدخل الى علم اللغة و مناهج البحث اللغوي – ل ١٢٩.

(٢) نايف خرما – اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة– ل ٢٢٣–٢٢٤.

(٣) كمال بشر – التفكير اللغوي بين القديم والجديد– ل ٥٢–٥٧ .

(4) Frawley, William J., ed 2003. International Encyclopedia of Linguistics. 2nd edn. Vol. 4 oup (P.92)

(٥) هدسن – علم اللغة الاجتماعي– ل ١٦.

(٦) محمد معروف فتاح – سنورو بنەماو ئەرکەکانی کۆ زمانەوانی – رۆشنبیری نویٚ – ژمارە ١١٢ – ١٩٨٦ –ل١١٥.

زانستی زمانی كۆمەلأیەتی ، زمان بەكۆمەڵە شێوازێكی جیاجیا دادەنێو هەوڵدەدات ئەركی كۆمەلأیەتیی شێوازەكان بدۆزێتەوەو دیارییان بكات و نیشانەی تەمەن و رەگەزو چین و پلەوپایەی كۆمەلأیەتیو ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵك لەو شێوازانەدا پێشبینی بكات ، بەلأم مافی بەسەر دیاریكردن و سەپاندنی شێوازی پەسەندو ڕەتكردنەوەی شێوازی ناپەسەنددا نییە ، واتە بەهاو نرخ بۆ شێوازەكان دانانێت [١] .

میژووی سەرهەڵدانی :

دێرینەكان، لەتێڕوانینێكی فەلسەفییەوە لە زمانیان كۆڵیوەتەوە و، لێكۆڵینەوەكانیان بۆ وەلأمدانەوەی چەند پرسیارێكی فەلسەفی تەرخانكردووە . ماوەیەكی زۆریش لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجام دەدران كە زمان لقێكە لە فەلسەفە یان لە دەروونزانی یان لە ئەنترۆپۆلۆجیای كۆمەلأیەتی [٢] ، تا ئەو كاتەی كە زمانەوانیی نوێ وەكو لقێكی زانستیی سەربەخۆ لەسەر دەستی ( سۆسێر ) هاتە ئاراوە ، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی بە لقە زانستییەكانی ترەوە هەیە وەكو لەپێشتردا باسكرا .

لێكۆڵینەوە لە زارەكان و پەیوەندی لەنێوان واتای وشەو ڕۆشنبیرییە جیاوازەكاندا مێژوویەكی كۆنی هەیە [٣] . سەرەتای پەیوەندیی زمانەوانی و زانستە كۆمەلأیەتییەكان بۆ سەدەی (١٨) دەگەڕێتەوە كە هەندێ فەیلەسوفی وەك ( یۆهان ، هلدر ، جینس ) پرسیارێكیان دەربارەی پەیوەندیی نێوان زمان و ئەو كۆمەلأنەی كەقسەی پێدەكەن وروژاند ، كە پێیانوابوو سروشتی بیركردنەوەو رەفتاری مرۆڤ بە شێوەیەكی گشتی لە زماندا رەنگدەدەنەوە ، وەكو هەستناسكی لە زمانی یۆنانی و فەرەنسیدا ، كێشەی فەلسەفی ( النزعة الفلسفية ) لە زمانی ئەڵمانیدا . كاریگەریی ئەم بۆچوونانە درێژەیانكێشا تا سەدەی نۆزدەو گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتیولێكۆڵینەوە لە زمانە نەتەوایەتییەكاندا. بیرمەندە ئەڵمانییەكان ، پێیانوابوو كە چۆنیەتیی بیركردنەوەی مرۆڤ بە تەواوی لە زماندا دەردەكەوێت بۆیە لە پێشكەوتن و گەشەسەندنی كۆمەڵ و زمانیان بەیەكەوە دەكۆڵییەوە .

زمان لای( هەمبۆڵت ) ، كەرەستەی پێكهێنەری بیركردنەوەیە و لەیەككاتدا بەرهەمی تاك و كۆمەڵە ، روخسارو ناوەرۆكە ، كەرەستەو بابەتە ، سیستەمێكی جێگیرەو لە گەشەو گۆڕانی بەردەوامدایە ، دیاردەیەكی بابەتیانەو ڕاستییەكی خودییە بەیەكەوە[٤]. لای( سۆسێر )یش ، زمان دیاردەیەكی كۆمەلأیەتییەو دەكرێ لەژێر رۆشنایی پەیوەندی بەهەست و دەروونی ئاخێوەرانییەوە

(١) محمد معروف فتاح – سنورو بنەماو ئەركەكانی كۆ زمانەوانی – رۆشنبیری نوێ – ژمارە ١١٢ – ١٩٨٦ – ل١٢٧.
(٢) محمود السعران – اللغة والمجتمع راي ومنهج – ل ٤ .
(٣) هدسن – علم اللغة الاجتماعي – ل ١٦ .
(٤) هادي نهر – علم اللغة الاجتماعي عندالعرب – ل ٢٧ – ٣٠ .

لێکبدرێتەوە . هەروەها گشت وروژێنەرەکانی زمانیش بۆ کۆمەڵ و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێنەوە[١].

لەسەدەی بیستدا ، قوتابخانەی زمانەوانیی مارکسی سەریهەڵدا، کە پێیانوایە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی- چینایەتییە . ( نیکۆلای ماد ) یەکێکە لە دیارترین رابەرانی ئەم قوتابخانەیە و زمان بەسەرخانی کۆمەڵایەتی دادەنێت و پێیوایە کە ناکرێ باس لەگەشەکردنی زمان بکەین دوورلەگەشەو گۆڕان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابوریی چینەکانی کۆمەڵدا . دواتر( ستالین ) بە پێچەوانەی ( ماد ) بیردەکاتەوەو پێیوایە کە زمان بەرهەمی ماوەیەکی دیاریکراو نییە بەڵکو رێڕەوی سەرجەم مێژووی مرۆڤایەتییە و، ژێرخانی چەندین سەدەی کۆمەڵە و دروستکراوی چینێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو هی هەموو کۆمەڵە بەهەموو چینەکانییەوە . بەرهەمی سەدان نەوەیەو پێویستیەکانی هەموو کۆمەڵ پڕدەکاتەوە نەك هی چینێکی دیاریکراو [٢] .

قوتابخانەی ( پراگ )ی زمانەوانی ، کە لە چوارچێوەی ئەرکەوە دەیانڕوانییە زمان [٣] ، پێیان وایە کە زمانەکان لەڕێگەی پەیوەندیی جوگرافی و مێژووییەوە کاریگەری لەسەریەکتری دروستدەکەن و بە لەیەکچوویی بەیەکەوە گەشە دەکەن [٤]. (ساپیر)یش ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو، لێکۆڵینەوەی زمانیی، لەقۆناغی دوورەپەرێزی و دابڕاوی لەهۆکارە کاریگەرەکانی سەرزمان رزگارکردو داوای بەیەکەوەبەستنەوەی زانستی زمان و زانستەکانیتری کرد [٥] .

لە سییەکانی سەدەی بیستدا ، کاتێ رۆڵی دەوروبەر هاتە ئاراوەو گرنگیی زیاتر بە کۆمەڵ و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی درا ، زانای ئەنترۆپۆلۆجی ( مالینۆفسکی ) رۆڵێکی گرنگیگێڕا لە گۆڕینی تێڕوانین بۆ زمان . پێیوابوو کە ناکرێ لە کۆمەڵێك بکۆڵینەوە بەبێ زانینی ئەرکی زمان لەو کۆمەڵەدا، چونکە ئەرکی زمان تەنها تێگەیشتن و گەیاندن نییە، بەڵکو ئەڵقەیەکە لە زنجیرە چالاکییەکانی مرۆڤ و بەشێکە لە رەفتاری مرۆڤ [٦] . هەروەها جەختی لەوەکرد کە لێکۆڵینەوە لە زماندا ، پێویستە لەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەدابێت کە تیایدا بەکاردەهێنرێت [٧] . بۆیە دەڵێ :-

---

(١) هادي نهر – علم اللغة الاجتماعي عندالعرب – ل ٣٥ .

(٢) سەرچاوەی پێشو – ل ٤٠ – ٤١.

(٣) ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی – رستەو پاش رستە – ل ٥ .

(٤) هادي نهر – علم اللغة الاجتماعي عندالعرب – ل ٤٣.

(٥) مصطفى لطفي – اللغة العربية في اطارها الاجتماعي – ل ٤٤– ٤٥ .

(٦) محمود السعران – اللغة والمجتمع راي ومنهج – ل ٧ ، هادي نهر – علم اللغة الاجتماعي عندالعرب – ل ٤٣–٤٤ .

(٧) مصطفى لطفي – اللغة العربية في اطارها الاجتماعي – ل ٣٢.

" زمان ، هەڵبژاردنی رەفتارێكە لە نێوان سەدان رەفتاری تردا كە لەژێر دەسەلاتی مرۆڤدان ، ئەمیش بەپێی باری كۆمەلایەتی ، یان بۆنەی قسەكردنەوە"[١] .

( فێرث ) ، كە گرنگی بەدەوروبەر دەدات، ،پێیوایە كە واتا بریتییە لەو پەیوەندییەی كە لەنێوان دەربڕینە زمانی و چوارچێوە كۆمەلایەتییەكاندا دروستدەبێت . واتە دەربڕینە زمانییەكان ، بەگوێرەی بەكارهێنانیان لە بۆنە كۆمەلایەتییە جیاوازەكاندا، واتا دەبەخشن [٢] . ئەوەشی دركاندوە كە مرۆڤ لە كۆمەڵدا رۆڵی جیاواز دەبینێ ، واتە هەڵوێست و بۆنەی جیاوازمان هەیەو پێویستییان بە شێوازی جیاجیا هەیە . هەروەها قسەكەر بەرامبەرێكی هەیە كە گوێگرە ، بۆ رازیكردنی بەرامبەرەكەی یان بە پێچەوانەوە، شێوازی تایبەتی دەوێت . لەبەرئەوە پێویستەقسەكەر لێزان و شارەزابێت لە هەڵبژاردنیاندا و، پێشنیازی ئەوەشی كردووە كە زمان وەك بەشێك لە كردە كۆمەلایەتییەكان بخوێندرێ [٣].

( هایمز)، دژی لەیەكجیاكردنەوەی زمان و كۆمەڵە لە لێكۆڵینەوەی زمانەوانیدا . پێیوایە كە پەیوەندیی نێوانیان زۆر بەتینەو كارلێككردنیشیان دیارو ئاشكرایە . بۆیە بەتوندی رەخنە لەو رێبازانە دەگرێت كە زمان لە كۆمەڵ و دەوروبەر دادەبڕن [٤]. زمانەوانانی تریش هەن كە پێیانوایە لێكۆڵینەوە لە زماندا بە دابڕاوی لەكۆمەڵ، تێڕوانینێكی وردو بەجێ نییە [٥] . (میلیە)ش ڕای وایە كە بەبێ كۆمەڵ لێكۆڵینەوە لە زماندا ناكرێت[٦] .

پێشەوایانی رێبازی ئەركی لە زماندا، لەوانە ( هالیدای ) ، بایەخ بە چۆنیەتیی بەكارهێنانی زمان دەدەن [٧] . پێیانوایە كە زمان یەكێكە لە دیاردە كۆمەلایەتییەكان و رەگی زمان بۆ ناو بینای كۆمەلایەتی درێژدەبێتەوەو لە كلتورو دابونەریتی كۆمەڵ دانابڕێت [٨]. پێشبینیی ئەوەیشی كردووە كە لێكۆڵینەوە زمانییەكانی ئایندە ، زۆربەیان ئەم ئاراستە كۆمەلایەتییە وەردەگرن [٩].

دەتوانین بڵێین زانستی زمانی كۆمەلایەتی ، بەرهەمی رێكەوت و هەوڵدانی ماوەیەكی كورت نییە . راستە زانایان (مالینۆفسكی و فێرث) رۆڵی گەورەیان لەوروژاندن و دامەزراندنی سەرەتاكانیدا

---

(١) بەكر عومەر عەلی – چاوپێكەوتن .
(٢) مصطفى لطفي – اللغة العربية في اطارها الاجتماعي – ل ٣٢ .
(٣) ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی – رستەو پاش رستە – ل١١ .
(٤) مصطفى لطفي – اللغة العربية في اطارها الاجتماعي – ل ٤٥ .
(٥) كمال بشر – التفكير اللغوي بين القديم والجديد– ل ٥٢ .
(٦) مصطفى لطفي – اللغة العربية في اطارها الاجتماعي – ل ٤٥ .
(٧) ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی – رستەو پاش رستە – ل ٢ .
(٨) سەرچاوەی پێشو – ل ٣٠ .
(٩) مصطفى لطفي – اللغة العربية في اطارها الاجتماعي – ل ٤٤ .

گێڕاوە ، بەڵام هەوڵی زمانەوانانی وەك (سۆسێر ، میلیە ، فندریس ، هالیدای ، یسپرن ، فیرابواس ، هاریس ، فیلمۆرو کاردنەر) و چەندانی تریش لەبیرناکرێن [١] . ئەم لقە زانستییە لەکۆتایی شەستەکان و سەرەتای هەفتاکانی سەدەی بیستدا زۆرترین گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینیوە ، ئەمەش بۆ ئەو لێکۆڵینەوە پراکتیکیانە دەگەڕێتەوە کەلەم کاتانەدا بەتایبەتی لەولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا ئەنجامدران [٢] .

## سنورو ئامانجی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی :

وەك لەپێشتردا باسکرا، زمان بەشدارییەکی گەورەی لە بەجێگەیاندنی ئەرکە کۆمەڵایەتیەو بۆنەکاندا هەیە . واتە ژیانی کۆمەڵایەتی پشت بەزمان دەبەستێت[٣] . بێگومان کۆمەڵ داوای ئەو جۆرە بەکارهێنان و دەربڕینانە دەکات لە بۆنەکاندا ، واتە زمان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵەوە ، ئەمەش بەڕوونی لە شێوازەکانی ئاخاوتندا کە مرۆڤ لە هەڵوێستە جیاجیاکاندا بەکاریاندەهێنێ ، بەرجەستە دەبن. بەدەربڕینێکی تر، قسەکەر لە کەیداو لە کوێدا چی دەڵێ و چۆن دەیڵێ[٤]؟ ئەمە بەکارهێنانی زمانە . فێربوونی زمانی دایك بریتییە لە فێربوونی بەکارهێنانی زمان لەبارە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا ، بۆ ئەو واتایانەی کە قسەکەر دەیەوێن[٥] .

سنوری ئەم لقە زانستییە بریتییە لە بەکارهێنانەکانی زمان و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئەم بەکارهێنانانە. واتە پەیوەندیی نێوان هۆکارە کۆمەڵایەتیی و کەلتوری و مێژووییەکان دەگرێتەوە[٦] . (براتراند راسل)پێیوایە کە بواری راستەقینەی زانستی زمان ، لێکۆڵینەوەیە لە دەربڕینەکانی خەڵکدا[٧] . زانستی زمانی کۆمەڵایەتی ، گرنگی بەلایەنی کۆمەڵایەتیی زمان دەدات و لەهەوڵی دۆزینەوەی ئەو یاساو بنەماو پێوانە کۆمەڵایەتییانەدایە کە رەفتاری زمانی بەڕێوەدەبەن[٨] . زمانەوانە کۆمەڵایەتییەکان لێکۆڵینەوە لەوگۆڕانانەدا دەکەن کەلەبۆنەو شوێنەجیاجیاکاندا بەسەر ئاخاوتنی تاکدا دێن، لەشێوازێکەوە دەچن بۆشێوازێکیترو گرنگی بەهۆکاری ئەم شێوازگۆڕینە

---

(١) هادي نهر – علم اللغة الاجتماعي عندالعرب – ل ٢٣ .

(٢) هدسن – علم اللغة الاجتماعي – ل ١٦-١٧ .

(٣) Frawley, William J., ed 2003.International Encyclopedia of Linguistics. 2 nd edn. Vol. 4 oup (P.92)

(٤) ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی – ڕستەو پاش ڕستە – ل ٣ .

(٥) سەرچاوەی پێشو ل ١٨.

(٦) Frawley, William J., ed 2003.International Encyclopedia of Linguistics. 2 nd edn. Vol. 4 oup (P.92)

(٧) هادي نهر – علم اللغة الاجتماعي عندالعرب – ل ١٨.

(٨) كمال بشر – التفكير اللغوي بين القديم والجديد– ل ٥٢ ، هادي نهر – علم اللغة الاجتماعي عندالعرب – ل ٢٤.

دەدەن[١] . هەروەها دەیانەوێ پەیوەندیی ڕۆنـانی زمـان بـە پێکهاتـەی کۆمەڵـەوە لێکبدەنـەوە ، واتـە لـە هەوڵی دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان گۆڕانی زمان و گۆڕانی ڕۆشنبیریی چین و کۆمەڵدان[٢] .

کەرەسەی لێکۆڵینەوە لەم لقە زانستییەدا، بریتییـە لـەو ڕۆنانانـەی کـە لەڕسـتە گـەورەترن، وەك دەق ، یـان پارچـە ئاخـاوتن ، یـان دیـدار ، یـان چـەند پرسـیارو وەڵامێـك ، بەمەبەسـتی لێکدانـەوەی پەیوەندیی نێوان قسەکەرو گوێگرو بابەتەکە [٣]، یاخود ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی زمان لە ژیانی مرۆڤدا. هەروەها گرنگی بە واقعی بـاری زمـان و شـێوە جۆراوجۆرەکـانی دەدات لەگـەڵ چـۆنیەتیی ئاخـاوتن و هەڵوێستی قسـەکەرو گـوێگردا . لەهەمانکاتـدا زارو شـێوە زارەکـان و بـواریتری وەك وتـاری رامیـاری و ئایینی و ئەدەبی و راگەیاندنەکان دەگرێتەوە[٤]. واتە لەو لایەنانـەی زمـان دەکۆڵێتـەوە کـە زمانـەوانی بەجێیان دەهێڵێ ، یان زانستی زمان پێیوایە کە هێشتا کاتی لێکۆڵینەوەیان نەهاتووە، چونکە هۆکاری دەروونی و نازمانییان تێکەڵ دەبێت [٥].

هەموو ئاخاوتنێك بۆنەو ئامانجی تایبـەت بـەخۆی هەیـەو بەشـدارانی ئـەم ئاخاوتنـەش بـە پێـی ئـەم بۆنـەو ئامانجـە دەربڕینـەکان هەڵدەبـژێرن . جگـە لـەوەی کـە کـات و شـوێنی ئاخـاوتن لەگـەڵ تایبەتمەندیی قسەکەرو گوێگر، ڕۆڵی گرنگیان لـە ئاخاوتنەکـەدا هەیـە . وەك تەمـەن ، رەگـەز ، رادەی ڕۆشنبیری ، پلەوپایەی کۆمەڵایەتی ، باری دەروونی و پەیوەندیی نێوانیان (دووری و نزیکی ) .

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی پێیوایە کـە جیـاوازیی کۆمەڵـەکان لەیـەکتری ، هۆکـارە بـۆ جیـاوازیی زمانەکان، هەروەها جۆراوجۆریی زمان و زارەکانیش هۆکاری جیاوازیی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییان لـە پشتەوەیە. لەهەمان کاتدا لەو کێشـە زمانیانـە دەکۆڵێتـەوە کـە بـەهۆی بـوونی چـەند زمانێـك لەیـەك وڵاتدا (شوێن) دێنـە ئـاراوە و لەچـۆنیەتیی گـەیشـتن بـە زمـانێکی هاوبـەش لـەنێوان گشـت چینـەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراودا دەتوژێتەوە و گرنگی بە تایبەتمەندیی تاك و کۆمەڵیش دەدات [٦].

پۆلینـەکـەی هالیـدای بـۆ دیـاریکردنی سـنوری ئـەم لقـە زانسـتییە هـەوڵێکی گشـتگیرە کـە بـەم شێوەیەی خوارەوەیە [٧] :-

- جووت زمانی و فرەزمانی و، فرەزاری .
- پلان و گەشەپێدانی زمانی .

---

(١) نایف خرما – اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة – ل ٢٣١ .

(٢) كمال بشر – التفكير اللغوي بين القديم والجديد – ل ٥٩.

(٣) محمد معروف فتاح – سنورو بنەماو ئەرکەکانی کۆ زمانەوانی – ڕۆشنبیری نوێ – ژمارە ١١٢ – ١٩٨٦ – ل ١٢٧.

(٤) هادي نهر – علم اللغة الاجتماعي عندالعرب – ل ٢٤.

(٥) محمد معروف فتاح – سنورو بنەماو ئەرکەکانی کۆ زمانەوانی – ڕۆشنبیری نوێ – ژمارە ١١٢ – ١٩٨٦ ل ١٢٦.

(٦) كمال بشر – التفكير اللغوي بين القديم والجديد – ل ٥٧.

(٧) هادي نهر – علم اللغة الاجتماعي عندالعرب – ل ٢٥.

- دیاردەی جۆراو جۆریی زمانی .
- زانستی زارە کۆمەلآیەتیەکان .
- زمانەوانیی کۆمەلآیەتی و پەروەردە .
- ڕێبازو شێوازی ئاخاوتن .
- تۆماری ئاخاوتنی ڕۆژانە و( گوێزانەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر)
- کاریگەریی هۆکارە کۆمەلآیەتییەکان لە گۆڕانی دەنگ و ڕستەدا .
- زمان و کۆمەڵ و شارستانیەت .
- تیۆری ئەرکی و سیستەمی زمانی .
- گەشەسەندنی زمان لەلای منداڵ .
- زمانی نەتەوایەتی .
- لێکۆڵینەوەی دەقەکان .

## ئەرکەکانی زمان :

گرنگیی زمان لە ژیانی کۆمەلأیەتیدا، لە ئاستێکی هێندە بەرزدایە ( وەك لەپێشتردا باسکرا )، کە ئەرکی بەڕێوەبردنی زۆربەی بوارەکانی ژیان لەرێی زمانەوە جێبەجێ دەکرێن . واتە زمان ئەرکێکی یەکجار زۆر جێبەجێدەکات لەکۆمەڵدا . " مەبەست لە ئەرکەکانی زمان ئەو کارانەن کە مرۆڤ بەهۆی زمانەوە لە کۆمەڵدا جێبەجێیان دەکات "[١]. لە بۆچوونە دێرینەکاندا ، چەند مەبەستێك بۆ ئاخاوتنەکان دیاریکرابوون کە ( هەواڵگەیاندن ، پرس ، داخوازی ) بوون[٢]. هەندێ لە زمانەوانان ، هەواڵگەیاندن بە ئەرکێکی زۆر فراوانی زمان دەزانن کەوەك چەترێك وایەوهەموو ئەرکەکانی تری زمان دەچنەژێریەوە ." رستەی هەواڵگەیاندن سەرەکی ترین جۆری رستەیە و جۆرەکانی تری رستە بەگشتی لە رستەی هەواڵگەیاندن دادەتاشرێن"[٣]، بۆنموونە :-

لەکاتی خۆتدا نەیەیت ، ناتکەمە ژورەوە .         (هەواڵ وهەڕەشەکردن)

کارێکی چاکتانکرد، نەچوونەلای .                (هەواڵ وهەست دەربڕین)

هەندێکیتریش پێیانوایە کە ( هەواڵگەیاندن و پرس و داخوازی و سەرسوڕمان ) هەموو ئەرکەکانی زمان لەخۆدەگرن [٤] . دەشێ وتەیەك یان دەربڕینێك، زیاتر لە ئەرکێك جێبەجێ بکات . بۆنموونە :

- جگەرەت پێیە ؟

ئەم دەربڕینە لەڕۆناندا پرسیارە ، بەلأم بەکاردانەوەی لە گوێگردا ( کە پاکەتی جگەرەکەی بۆ ڕادەگرێت ) ، دەردەکەوێت کە تەنها پرس نییە بەڵکو داواکردن یان فەرمانکردنیشە بەمانای :

جگەرەیەکم بدەرێ (بدەیە) .

یان دەربڕینێکی وەك ( دەچم بۆ بازاڕ ) ، هەواڵگەیاندنە ، بەلأم کاتێ سواری تاکسی دەبیت و بە شوفێری تاکسییەکە دەڵێیت : دەچم بۆ بازار .        ئەوە فەرمانکردنە بە واتای :

( بمگەیەنە ، یان بمبە بۆ بازاڕ ، یان لێخوڕە بۆ بازاڕ ) .

ناوەکانم بینی ، زۆر خۆشحاڵبووم کە وەرگیرایت .        (هەواڵ و هەست دەربڕین )

وەستان لەناکاوە   .  (هەواڵ ، ئاگادارکردنەوە)

شوفێر لەمەشقدایە .

بەیانی کتێبەکەت بۆ دەهێنمەوە .    ( هەواڵ، بەڵێندان )

---

(١) محمد معروف فتاح – زمانەوانی – ل ٢٦.

(٢) بەکر عومەر عەلی – چاوپێکەوتن .

(٣) قیس کاکل توفیق – جۆرەکانی رستەو تیۆری کردە قسەییەکان – ل ١٧-١٨.

(٤) بەکر عومەر عەلی – چاوپێکەوتن .

ئارامم بۆ بانگ ناکەی ؟ ( پرسیار ، فەرمان )

کتێبەکەت هەر بۆنەهێنامەوە . ( هەواڵ ، گلەیی )

هەر بەو ئاراستەیە دەشێ ئاخاوتنێك پرس و ئەرکێکی تر جێبەجێ بکات ، یان هەست دەربڕین و ئەرکێکی تری جێبەجێ کردبێت .

لێرەدا پێویستە سەرنجی دووخاڵ بدرێت :-

١- مەبەستی قسەکەر:- وەك باسکرا ، دەشێ دەربڕینێك زیاترلە واتایەك ببەخشێت ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کەقسەکەر خۆی بەچ مەبەستێك ئەم دەربڕینەی بەکارهێناوە ؟ لەوانەیە واتای پێچەوانەی مەبەست بێت . دەشێ پلاروتوانج بێت ، یان هەست دەربڕین بێت . لەم کاتەدا بەزۆری ئاوازو دەربڕینەنازمانییەکانی قسەکەر مەبەستەکە دەردەخەن .

٢- رەنگدانەوەی دەربڕینەکە لەگوێگردا :- لەچوارچێوەی ئاخاوتنەکەدا دەربڕینەکە لایگوێگر چ مەبەستێك دەگەیەنێت ؟ زۆرجار قسەکەر مەبەستێکی هەیە، بەڵام گوێگربەمەستێکیتر وەریدەگرێت . لەوانەیە گوێگربەپێچەوانەوە واتای دەربڕینەکە لێکبداتەوە . دەشێ قسەکەرمەبەستی ستایش بێت ، بەڵام گوێگر بە پلارو توانجی تێبگات ، یان بەپێچەوانەوە . ئەمەش گرنگیی خۆی هەیە ، چونکە کێشەی گەیاندنی واتای لێدەکەوێتەوە ، کەقسەکەر ناچاردەبێت دەربڕینەکەی دووبارە بکاتەوە ، یان هەندێجار داوای لێبوردن بکات .

بەشێوەیەکی گشتی ، زمانەوانان ئەرکەکانی زمان بەم شێوەیە دابەشدەکەن[١] :

١- زانیاری و هەواڵگەیاندن .
٢- پرسیارکردن .
٣- هەست دەربڕین .
٤- وروژاندن .
٥- فەرماندان .
٦- راپەڕاندن .
٧- جێخۆشکردن .

١. هەواڵ و زانیاری گەیاندن :لە ئەرکە زۆر سەرەکییەکانی زمان و بەرفراوانترین بواری بەکارهێنانی زمانە . بە هۆیەوە مرۆڤ لە دەوروبەرو هەموو دیاردەکانی دەوروپشتی خۆی دەدوێ. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هەواڵ یان زانیاری گەیاندن ئەوەیە کە دەبێ دەربڕینەکە یان راست

---

(١) محمد معروف فتاح – زمانەوانی – ل ٢٦-٣٢ .

بێت یان هەڵە، چونکە مەبەستی قسەکەر دەرخستنی بوون و نەبوون یان راستی و ناڕاستیی دیاردەیەکە . بۆیە مەرجە کە سەلماندنی راستی یان ناڕاستیی دەربڕینەکە لە توانا دابێت .

بۆ نموونە :

١. لە ٢٠٠٣/٤/٩ دا بەغدا ئازاد کرا .
٢. لە خۆپیشاندانەکەی دوێنێدا سێ کەس بریندار بوون .
٣. گیراوەکان ئازادکران .
٤. ساڵ دوانزە مانگ بەڕۆژووە .
٥. سەری بچێ نوێژی ناچێ .

دەربڕینی یەکەم ، راستییەکە گومانی تێدا نییە . دەربڕینەکانی دووەم و سێیەم دەتوانرێ راستییەکەیان بسەلمێنرێ یان بە تێپەڕبوونی کات بەدرۆ بخرێنەوە، بەلام دەربڕینەکانی چوارەم و پێنجەم بە ئاشکرا دیارن کەڕاست نین . لەبەرئەوە دەوترێ کە قسەکەر هەواڵێك یان زانیارییەکی راست یان درۆ پێشکەش بە گوێگردەکات .

٢. پرسیارکردن : بەمەبەستی وەرگرتن یان دەسکەوتنی زانیارییە دەربارەی بابەتێك یان دیاردەیەك، کە قسەکەر خۆی نایزانێ یان لێی دڵنیانییە . واتە بە پێچەوانەی هەواڵگەیاندن، گوێگر سەرچاوەی گەیاندنی زانیارییە .

- کۆڕەکە کەی دەست پێدەکات ؟
- کچە بالاّ بەرزە جوانەکەی گروپی ئێوە ناوی چییە ؟
- ژمارەی مۆبایلەکەی سامان چەندە ؟

خاڵی هاوبەشی نێوان دەربڕینە پرسیاری و هەواڵگەیاندنەکان ، گەیاندنی زانیارییە هەرچەندە ( وەك باسکرا ) سەرچاوەی زانیارییەکان جیاوازن ، بەلام تەواوکەری یەکترین و بە هەردووکیان جووتێك پێکدێنن .

٣. هەست دەربڕین : واتە پیشاندان و دەرخستنی بیروباوەڕو تێڕوانین و ئارەزوی قسەکەر بەرامبەر بە خەڵك و دیاردەکانی دەوروبەر.

- زۆرم خۆشدەوێی .
- حەز بە چارەی ناکەم بە هیچ جۆرێ.
- زۆر بەتاسەوە بووم گوێم لە دەنگت بێ .
- خوای دەکرد هەرنەدەستاوە، کەیفی خۆیەتی .
- نەك یەکێکیان ، هەر هەمووشیان بمرن ، بە خەیاڵمدا نایە .
- شارەکی زۆر ناخۆشە ، کە دەچم خواخوامە بێمەوە .

- کابرایەکی زۆر هیچ وپووچە .
- حەزدەکەین زووزوو سەرمان لێدەن .

٤. وروژاندن : دروستکردن یان جولاّندنی هەستی گوێگرە. قسەکەر دەیەوێ هەستێکی جوان یان ناشیرین ، خۆش یان ناخۆش ، بە چەند دەربڕینێك لای گوێگر دروستبکات، کە بە زۆری مەبەستی تری لە دواوەیە، ئەویش وەرگرتنی هەڵوێستێك یان ئەنجامدانی کارێکە لەلایەن گوێگرەوە. واتە دەکرێ بوترێ کە وروژاندن هاندانی گوێگرە لەلایەن قسەکەرەوە. هەست وروژاندن لە وتارە رامیاری و ئاینییەکاندا رۆڵێکی گەورە دەبینێت و زۆر بەکاردێت . هەروەها لە زمانی بانگەشەکردن بۆ هەڵبژاردن و ساغکردنەوەی کەلوپەل و ئەو دەربڕینانەی کە بۆ پیاهەڵدانی مردوو لە شیندا دەوترێن و لە لاواندنەوەی خۆشەویستان و لایلایەی دایکان و نوکتەدا بەکاردەهێنرێن .

هەست دەربڕین و هەست وروژاندن هەردووکیان بە هەستەوە پەیوەستن و زۆر لەیەکەوە نزیکن . تاکەجیاوازیشیان لەوەدایە کە لە هەست دەربڕیندا قسەکەر هەستی خۆی دەردەبڕێت، لە هەست وروژاندندا قسەکەر دەیەوێ هەستێك لە گوێگردا دروستبکات .

٥. فەرماندان : بریتییە لە داواو خواستی قسەکەر بۆ ئەنجامدانی کارێك یان نەکردنی لەلایەن گوێگرەوە. واتە قسەکەر داوا لە گوێگر دەکات کە کارێکی بۆ بکات یان نەیکات، کە بە زۆر شێواز دەردەبڕدرێت :

- بڕۆ دەرەوە.
- لێرە دامەنیشە.
- نەچیتە کۆڵان .
- دەتوانی ئەو هۆنراوەیە لەسەر تەختە بنوسیت؟
- سەعات چەندە؟
- کای کۆن بەبا مەکە.
- چەك قەدەغەیە.
- داوای قەرز مەکە .
- سەر لە پرسگە بدە.
- خێرایی کەمکەرەوە.
- دەبێ ئەمساڵ دەرچیت.
- ناکرێ نەچین .
- نابێ پەیوەندی پێوە بکەیت.

٦. راپەڕاندن: بەواتای ئەنجامدانی کارێکە ، بەڵام لێرەدا ئەنجامدەری کارەکە گوێگرنییە، بەڵکو قسەکەر خۆیەتی. واتا هەموو کاتێك بکەر، کەسی یەکەمی تاك یان کۆیە. بە پێچەوانەی فەرماندان و وروژاندن و پرسیارکردن کە گوێگر کارەکە ئەنجام دەدات. ئەم ئەرکەی زمانیش لەو دەربڕینانەدا خۆی دەنوێنێت کە خۆیان راپەڕاندنی کارن و بریتین لە کۆمەڵێکی دیایکراوی داخراو، وەك :
بڕیاردان ، ناونان، قسەکردن، تۆبەکردن، بەڵێندان، سوێندخواردن، مارەکردن، تەلاقدان... کە لەگەڵ دەربڕینی هەریەکێکیاندا کارەکە بەئەنجام دەگات.

- سوێند دەخۆم کە ئەو قسەیەم نەکردووە .
- بڕیارمدا بە کۆتایی پێهێنانی کێشەی ناوبراو .
- بڕیارمدا بە راگیرکردنی تۆمەتبار بە گوێرەی مادەی (  ) لە یاسای سزادان تاکو رۆژی ....
- وەعدبێ چیتر نەیدوێنین .
- دان بەهەڵەکەمدا دەنێم.
- تابلۆکەم ناونا ( کۆچ ) .
- لە ئێستاوە تۆ ئەندامی ئێمەیت .
- بەڵێنت پێدەدەم کە دووبارەی ناکەمەوە.

٧. جێخۆشکردن : دروستکردن و پتەوکردنی پەیوەندیی کۆمەلایەتییە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا ، بۆیە بە ئەرکی کۆمەلایەتیی زمان دادەنرێت. سلاوکردن یەکێکە لەو دەربڕینانەی کە سەرەتای زۆربەی ئاخاوتنەکانی پێ دەستپێدەکرێت. بوارێکی فراوانەو لە نێوان زۆربەی پلەکانی پەیوەندیدا رۆژانە دووبارە دەبێتەوە ، بەمەبەستی چەسپاندنی بوونی پەیوەندیی کۆمەلایەتی و بەهێزکردنی و جێخۆشکردن و خۆسەپاندن و خۆبردنە پێشەوە بەکاردەهێنرێت.
بۆ نموونە:

- چۆنی؟ چاکی ؟ ئەحواڵت باشە ؟
- ئەم کاتەت ، بەیانیت، نیوەڕۆت، ئێوارە، شەو باش ...

ئەم دەربڕینانە کە زۆریان لە شێوەی پرسیاردان، بەلام لە بەکارهێنانیاندا مەبەستمان واتاکانیان نییە ، بەڵکو تەنها بۆ خۆنزیککردنەوەو پیشاندانی پەیوەندییەکی باش و نەبوونی ناکۆکییە لە نێوان قسەکەرو گوێگردا . خوا حافیزی و ماڵئاواییش بەهەمان شێوە گرنگیی تایبەتی خۆیان هەیە و زۆربەی ئاخاوتنەکانیان پێ کۆتایی دێت. بۆ نموونە :

- خوا حافیز .
- خوات لەگەڵ.
- بە خوات دەسپێرم .
- شەوێکی شاد .
- لە خزمەت مەرەخەس دەبم .
- کنەنگۆم خۆشییە .
- هەر بەخۆشی بتانبینمەوە .
- ماڵتان ئاوابێ ( ئاوەدان بێ ) .

بەکارنەهێنانی دەربڕینەکانی ماڵئاوایی لە هەر بۆنەیەکدا، لە زۆربەی کاتدا مانای دووبارەنەبوونەوەی ئاخاوتن و پچڕانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان قسەکەرو گوێگر دەبەخشێت .

ڕۆژانە لەڕێی ئاخاوتنەوە چەندین ئەرکی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکرێت و دووبارەش دەبنەوە لەوانە : چاکوچۆنی ، ئاگادارکردنەوە ، پەیماندان ، گلەییکردن ، پۆزشهێنانەوە ، پاکانەکردن ، بڕیاردان ، بێزاری ، دڵنیاکردنەوە ، درۆکردن ، فێڵکردن ، ناڕەزایی ، ڕازیبوون ، ڕەتکردنەوە، هەست دەربڕین ، بەبیرهێنانەوە ، هەڕەشەکردن ، ئیزنخواستن ، داوای یارمەتیکردن ، ئامۆژگاری ، تۆقاندن ، وەسێت ، ڕێنماییکردن ، پێشنیازکردن ، پێشبینیکردن و فالگرتنەوەو ئەستێرەی بەخت ، فەرماندان ، پرسکردن ، سوێندخواردن ، پاڕانەوە ، توانجلێدان ، هەڵسەنگاندن ، مەزەندەکردن ، پێناسەکردن ، دامەزراندن ، تکاکردن ، داواکردن ، پێشکەشکردن ، تەڵاقدان ، مارەکردن ، یادکردنەوە ، تووڕەکردن (بوون) ، ئاشتکردنەوە، خۆهەڵکێشان، هاندان ،ڕاگەیاندن، قەدەغەکردن ، ڕێگەپێدان ، ناونان ، نەفرەتکردن ، پشتگیریکردن ، هەڵبژاردن ، دوعا کردن ، توکلێکردن ، وازهێنان ، دەرکردن ، پیرۆزبایی ، ڕێبەریکردن ، نوکتەکردن ، ڕێزلێنان ، ریسواکردن ، زەمکردن ، سووربوون (لەسەرڕایەك)،کردنەوە ....هەر یەکێك لەو ئەرکانە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتین و زمان جێبەجێیان دەکات .

ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمان گەلێك لەوە زۆرترن، کە ژماردن و سنوردارکردنیان کارێکی ئاسان نییە ، بەڵام ئەوەی کە گرنگە بەپێی بۆنەو ، چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و، پەیوەندیی قسەکەرو گوێگر ( دووری و نزیکییان ) و ، کاردانەوەی ئاخاوتنەکە لە گوێگردا ، ئامانج و مەبەستی سەرەکیی ئاخاوتنەکەو ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییەی جێبەجێیکردووە ، دەردەکەوێت . " بۆ دیاری کردنی واتای ڕستە ، دەبێ بارودۆخ و دەوروبەری قسەکەرو قسەکردن و هۆیە پراگماتیکییەکان ڕەچاوبکرێت "[1] ،

---

(١) قیس کاکل توفیق – جۆرەکانی ڕستەو تیۆری کردە قسەییەکان – ل ١٦.

چونکە هەندێ جار مەبەست بە پێچەوانە دەردەبڕدرێت ، یان شتێك دەوترێ و مەبەست شتێکی ترە . لەبەرئەوە وریابوون لە دەربڕینەکان و لێکدانەوەی چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی ئاخاوتنەکان پێویستن بۆ گەیاندنی مەبەستی ئاخاوتنەکە وەکو پێویست تا هەڵەڕونەدات [١]. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پێویستە (ئاوازو دەربڕینە نازمانییەکان ) رێککەوتنیان لەگەڵ دەربڕینە زمانییەکاندا هەبێت و هەمووشیان بەیەکەوە لەگەڵ بۆنە تایبەتییەکەدا گونجاوبن . ئەوسا دەوترێ شێوازێکی تایبەت بەوبۆنەیە. بۆنموونە، لە پرسەدا ( ئەگەر پەیوەندیی نێوان قسەکەرو گوێگر پەیوەندییەکی ئاسایی بێت و مەبەستی ئاخاوتنەکەش تەنیا سەرەخۆشی بێت ) ناگونجێ بەپێکەنینەوە سەرەخۆشی لە پرسەداربکرێت .

## قۆناغەکانی ئاخاوتن :

رۆژانە خەڵکی بەهۆی چەندین بۆنەی جیاجیاوە کۆدەبنەوە و یەکتردەبینن. لەو بۆنانەدا ئاخاوتن رۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە بەرێوەچوونی کارەکاندا . ئەم ئاخاوتنانە بە سێ قۆناغدا تێپەڕدەبن کە بریتین لە ( سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی )[٢] .

سەرەتای ئاخاوتن : دەستپێکردنی ئاخاوتن تاڕادەیەك گرانە. سەرەتایە بۆ چوونە ناو بابەتی ئاخاوتنەکەوەو بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی پەیوەندیی نێوان قسەکەرو گوێگرو بابەتی ئاخاوتنەکە و هەموو تایبەتمەندییەکانی قسەکەرو گوێگرو باری دەروونییانەوە . دەستپێکردن بە ئاخاوتن لە بابەتێکدا کە یەکەم جاربێت ببێتە بابەتی ئاخاوتنی نێوان دووکەس ، ئەوا گرانە ، بەڵام کە چەند جارێك دووبارە ببێتەوە ، ئاسایی دەبێت . هەروەها ئەگەر پەیوەندیی نێوان قسەکەرو گوێگر بەهێزبێت یان ماوەیەکی زۆربێت یەکتری بناسن ، دەستپێکردن زۆر ئاسانترە لەوەی کە تازە یەکتری بناسن ، یان یەکتری نەناسن .

ناوەڕاستی ئاخاوتن : واتە ناوەرۆك و مەبەستی ئاخاوتنەکە . قۆناغێکی ئاسانە چونکە چوویتە ناو باسەکەوە خستنەڕووی بابەتەکە بێگیروگرفت دەبێت و ئاخاوتن بە ئاسایی ئەنجام دەدرێت .

کۆتایی ئاخاوتن : کۆتاییپێهێنانی ئاخاوتنیش جۆرە گرانییەکی تێدایە و پەیوەندی بەقۆناغی دووەمەوە هەیە ، کەڕەنگدانەوەی قسەکان لەسەر بەشداربووانی ئاخاوتنەکەدا دەردەکەوێت . چۆن کۆتایی پێبهێنن ؟ کام دەربڕین بەکاربهێنن ؟ ئایا بەشداربووانی ئاخاوتنەکە رازین لەسەر ئەو

---

(١) محمد معروف فتاح – زمانەوانی – ل ٣٣ .

(٢) عبدالواحد مشیر محمود دزەیی – پێکهاتی ئاخاوتن لە زاری هەولێردا – ل ٨١.

قسانەی کە کردوویانە ؟ هیچیترماوە بیڵێن ؟ ... لەوانەیە یەکتریان رازیکردبێت و ، لەوانەشە بەپێچەوانەوە بێت . بەجێهێنان و بەجێنەهێنانی ئامانجی ئاخاوتنیش لێرەدا دەردەکەوێت .

هەموو ئاخاوتنێك بە جووتە ئاخاوتن دەستپێدەکات و بە جووتە ئاخاوتنیش کۆتایی دێت .

بۆ نموونە :

| | |
|---|---|
| - سەلامو عەلەیك . | + عەلەیکە سەلام . |
| - رۆژ باش . | + ژیانت باش . |
| -ماندو نەبی. | + بەخێربێی سەرچاو . |
| - چۆنی ؟ | + خۆشبی بژی . |
| - زۆر سوپاس. | + شایەنی نییە . |
| - خوا حافیز . | + خوات لەگەڵ بەخێرچی . |
| -پێم ناخۆش بوو . | + گوێی مەدەرێ . |
| - نابێ وابێ . | + هەر ئەوەیە . |
| - بەسەرتەوە ناچێ. | + چیت لەدەستدێ بیکە . |
| -زەرەر دەکەی . | + بێمنەت بە . |

## شێواز:

زۆر نوسین دەربارەی شێواز نوسراوە ، بەلأم لە زۆربەیاندا شێواز وەك چەمكێكی ئەدەبی سەیرکراوەو لە شێوازی شاعیرو نوسەران کۆڵدراوەتەوە . ئەوەی لەم باسەدا مەبەستە بخرێتەڕوو ، شێوازی ئاخاوتنە . شێوازی قسەکردنی رۆژانەی خەڵك لە بۆنە گشتیو کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا، نەك لەئەدەبدا . بەو مانایەی کە شێواز ، توانای هەڵبژاردن و چۆنیەتیی بەکارهێنانی کەرەستە زمانییە دیاریکراوەکانە ، بۆ دەربڕینی هەڵوێستێکی دیاریکراو [1]. یاخود "شێواز، ئەو تایبەتمەندییانەیە کە جۆرە بەکارهێنانێکی دیاریکراوی زمان ، لە جۆرەکانی تر جیادەکاتەوە"[2] واتا"شێواز تەنیا تایبەت نییە بە ئەدەبەوە ، بەڵکو دیاردەیەکی زمانیی گشتگیرە"[3] و لە قسەی رۆژانەشدا دەکرێ دەربڕینی هونەریی تێدابێت . " شێوازی ئەدەبی واتایەکی فراوانی هەیە ، هەموو ئەدەبیات و جۆرەکانی ئەدەبیی دەگرێتەخۆی و جیاوازیەکانی لەگەڵ شێوازی ئاسایی و زانستیدا

---

(١) شعبان شعبان احمد– شێوازی شیعری جزیری – ل ١٨ .

(٢) مصطفی لطفي – اللغة العربية في اطارها الاجتماعي – ل ١٩٨.

(٣) صلاح فضل – علم الاسلوب مبادئه و اجراءاته – ل ١١٢.

بەدیاردەخات"[١] . شێوازی ئەدەبی ، بەهۆی هونەرەکانی رەوانبێژییەوە لەشێوازیئاسایی و قسەکردنی قسەکردنی رۆژانەی خەڵکی جیادەکرێتەوە . شێواز وێنەیەکی زمانییە ، زۆر بە وردی هەست و سۆزو بیروبۆچوونەکانی نوسەر دەگوازێتەوە. رادەی سەرکەوتوویی شێوازیش بە چۆنیەتیی ئەو گەیاندنانەوە بەندە[٢] . هەڵبژاردنی کەرەستە زمانییەکان دووجۆرن [٣] ، ئەو دووجۆرەش دەبن بە بنەما بۆ جیاوازی لە نێوان شێوازی ئاخاوتن و شێوازی ئەدەبیدا . دیارە لە ئاخاوتندا دەوروبەر یان چوارچێوە کۆمەلایەتییەکە کاریگەریی تەواوی لەسەر شێوازو دەربڕینەکان هەیە ، بەو پێیە ئامانج و بۆنەو کات و شوێنی ئاخاوتنەکەو تەمەن و رەگەزو پلەوپایەیکۆمەلایەتی و ئاستی رۆشنبیریی قسەکەرو گوێگر ، بەشداربووانی ئاخاوتنەکە ناچاردەکەن بە هەڵبژاردنی دەربڕینەکان . بۆنموونە ئاخاوتنی هاوولاتییەك لەگەڵ وەزیرێکدا ، هاوولاتییەکە والێدەکات کە دەربڕینی پڕڕێزو گەورەیی هەڵبژێرێت بۆ جێبەجێکردنی کارەکەی ، بەلام هەمان هاوولاتی لەگەڵ کەسێکیتردا کە پلەو پایەی کۆمەلایەتیی لەخۆی نزمتربێت ، بەهەمان شێواز قسەناکات. شێوازی ئاخاوتنی تاك، بە گۆڕانی بابەت و بەشدارانی ئاخاوتن دەگۆڕێت. هەروەها بە هۆی کاریگەریی هۆکارە کۆمەلایەتیی و دەروونییەکانیش گۆڕانی تێدەکەوێت[٤] . واتە دەوروبەرە کۆمەلایەتییەکە وامانلێدەکات کە چەند دەربڕینێکی تایبەت و جیاواز بەکاربهێنین، ئەمەش پێویستی بە شارەزایی و وریایی هەیە لە هەڵبژاردنی دەربڕینەکاندا بۆ بەدیهێنان و پێکانی ئەو ئامانجەی کە قسەکەر مەبەستێتی. ئەم جۆرە هەڵبژاردنە شێوازی ئاخاوتنی تاکی لێدەکەوێتەوە .

شێواز، پەیوەندی بە کۆمەڵەوە هەیە، چونکە کۆمەڵ بڕیاردەرە لە پەسەندکردن و رەتکردنەوەیدا. گەر شێوازێك لەلایەن کۆمەڵەوە پەسەند نەکرێ، ئەوا قسەکەر دەبێتە مایەی گاڵتەپێکردن، یان تووڕەبوونی بەرامبەری لێدەکەوێتەوە . بۆیە هەڵبژاردنی شێواز بەندە بە کۆمەڵەوەو دەوەستێتە سەر تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ شێوازەکانی ئاخاوتن و ئەرکەکانیان [٥]. زۆر جار دەبیستین کە دەوترێ :-

- ( ئەو کەسە ) نازانێ چۆن قسە دەکات .
- هەموو قسەیەك دەکات .
- هەرچی بەسەر زاریدا بێت ، نایگێرێتەوە .

---

(١) شعبان شعبان احمد– شێوازی شیعری جزیری – ل ٢٣.

(٢) مصطفى لطفي– اللغة العربية في اطارها الاجتماعي– ل ١٩٩.

(٣) شعبان شعبان احمد– شێوازی شیعری جزیری– ل ١٨.

(٤) نايف خرما – اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة – ل ٢٣١ .

(٥) سەرچاوەی پێشو – ل ٢٣٤.

- زۆر بێشەرمە .
- زۆر بێئسلوبە لە قسەکردندا ، قسەی زۆر بێسەرو بەر دەکات .
- قسەی دەم خۆی نازانێت .
- بێ چاووڕوە .

ئەمە مانای ئەوەیە ئەو کەسە لەو مەرج و یاسا کۆمەڵایەتییانەی کە کۆمەڵ بۆ قسەکردن لەسەری ڕێککەوتوون ، لایداوە . ناکرێ لە پرسەیەکدا بەخەندەوە بوترێ :

پیرۆزتانبێ خۆشحاڵم .

یان لە زەماوەندێکدا بە بوك و زاوا بوترێ :

هاوبەشی خەمتانین !

هەر لەبەر ئەوەشە لە وەڵامی قسەیەکی نابەجێدا دەوترێ:

- بەکەریان وت مەعریفەت بنوێنە، لنگی هەڵبڕی و ........

بۆیە دەڵێین هەر بۆنەیەك دەربڕین و شێوازی تایبەت بەخۆی هەیەو، بۆنەکان دەربڕینەکان دەسەپێنن و کۆمەڵ داوایان دەکات. وەك عەرەب دەڵێن ( لكل مقام مقال )[1]. کوردیش وتوویەتی ( قسە، تا نەیکوڵێنیت دەرینەهێنیت ). هەروەها( قسە بیگێژە، بیبێژە ، بیوێژە )، چونکە ( شیر کە دۆشرا نا چێتەوە گوان ). لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستە ئاوازو دەربڕینە نازمانییەکانیش لەگەڵ بۆنە تایبەتییەکەدا گونجاوبن ، واتە ئاوازو دەربڕینە زمانی و نازمانییەکان شێوازێکی تایبەت بە بۆنەیەك پێکدەهێنن .

هەریەکێك لە ئێمە ، بەشێوەیەکی گشتی ، ڕۆژانە بەچەند شێوازێك قسەدەکات. مرۆڤ لەماڵەوە بەشێوازێکی تایبەت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا دەدوێت، کە ناگونجێ لەگەڵ دراوسێکەیدا بەهەمان شێواز بدوێت ، یان لە زانکۆو شوێنە فەرمییەکاندا بەشێوازێك دەدوێت ، جیاوازە لەگەڵ ئەو شێوازەی کە لە بازاڕدا بەکاریدەهێنێ.

لەم ڕوانگەیەوە ، (جیراو)[2] زارەکۆمەڵاتییەکانی بەسەر سێ ئاستدا دابەشکردووە ، کە ئەمانەن :

١- نزم / شێوازی ئاخاوتن لە ماڵەوەو بازاڕو چایخانەکاندا .
٢- ناوەند / شێوازی ئاخاوتن لە کارکردن و نوسینگەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا .
٣- بەرز / شێوازی ئاخاوتن لە وتارو بۆنە گشتی و تایبەتییەکاندا .

---

(١) نايف خرما – أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة – ل ١٢٣.
(٢) صلاح فضل – علم الاسلوب مبادئه واجراءاته – ل ٢١.

ئەم دابەشکردنە لەسەر بنەمای شوێن و پەیوەندیی نێوان قسەکەرو گوێگر بنیاتنراوە. هەر تێکەڵکردنێکی بە مەبەست یان لە خۆوە (بێئاگا) ی ئەم ئاستانە ، دەربڕین و شێوازی جیای لێدەکەوێتەوە [١]. جۆری دووەم ، " لە سنوری تواناکانی زماندا پرۆسەی هەڵبژاردن جێبەجێدەکرێ بۆ پێکانی مەبەستێکی دیاریکراو ، واتە تەنیا مەبەست و بۆچوونی کەسەکە هانی دەدات بۆ هەڵبژاردن نەك هەڵوێست و بەرژەوەندیی دەورو بەر "[٢] . ئەمجۆرە هەڵبژاردنە شێوازی ئەدەبیی لێدەکەوێتەوە . شاعیران و نوسەران بۆ گەیاندنی چەمکێك یان واتایەك ، دەربڕینی جیاواز بەکاردەهێنن، ئەمەش لە ئاستی ستونیی زماندا رودەدات ، واتە هەڵبژاردن لە نێوان چەند وشەکی هاوواتادا ئەنجام دەدرێن . (مارۆزو) پێیوایە کە " تواناو کەرەستەکانی زمان لەبەردەستی هەموو کەسێکەو هەر کەسێك بە پێیی پێویستیی دەربڕینی خۆی ، لەم کەرەستانە هەڵدەبژێرێت ( بە ڕەچاو کردنی رێزمان ) ئەم هەڵبژاردنەش دەبێتە هۆی جیاوازی شێواز" [٣] .

بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەشەوە، شێواز بە جۆرێکی تر دێتە ئاراوە، ئەویش لادانە لەیاسا رێزمانییەکان. یاساو شێوازە باوەکانی زمانی هەر سەردەمێك پێیدەوترێ نۆرم ( *Norm* ) . ڤالیری دەڵێ :" شێواز خۆی لەخۆیدا ، دەرچوونە لەیاسا "[٤] (یاسای زمان) ، واتا تێکشکاندن ، یان بەزاندنی سیما واتاییەکانی وشەیەك یان کارێك کە بەواتای خۆی بەکار نەهاتبێت ، یان بەکارهێنانێك کە لەگەڵ لۆجیکی زماندا یەکنەگرێتەوە ، بەشێوازێکی نوێ دادەنرێ . ئەمجۆرە بەکارهێنانە یان هەڵبژاردنە لە ئاخاوتنی رۆژانەشدا هەن و لە ئەدەبیشدا بە رەوانبێژی یان خوازەو میتافۆڕ ناوبراون ، کە لەهەندێ لەدەقە ئاینی و بەرهەمە ئەدەبییەکاندا بەرچاودەکەون و بەیەکێك لە لایەنە بەرزەکانی ئەم دەقانە دادەنرێن .

- خانوەکەتان خانوەکەمی کوشتووە .
- ئەرز شکاوە (دابەزیوە ) . ( نرخ )
- سەیارە فڕیوە (هەستاوە - بەرزبۆتەوە) . ( نرخ )
- لانسەکەی کوشت (مرد) .
- موەلیدەکە (سەیارەکە ) بۆ ئیش ناکات ؟ + خنکاوە .
- هەناوی خواردم .
- جەرگی رەشکردم .

---

(١) صلاح فضل – علم الاسلوب مبادئه واجراءاته– ل ٢٢.

(٢) شعبان شعبان احمد– شێوازی شیعری جزیری – ل ١٨ .

(٣) سەرچاوەی پێشو – ل ١٩ .

(٤) صلاح فضل – علم الاسلوب مبادئه واجراءاته – ل ١٧٩.

- ئاخوڕی بەرزە. ئاخوڕی چەورە. ئاخوڕی خۆی لێگۆڕاوە.
- دەردێکی دایە ، ئاوی پێ جوی .
- پاییزە برا.
- لەو تەمەنەدا جەرگی سوتا .
- بەد لغاو .
- ئاسمانی بە رەشوسپی پێشاندا .
- قسەی لەملان ناچەقی .
- سەگی پێ سوتاو .

لەم نموونانەو هی تریشەوە دەردەکەوێت کە ئەمجۆرە بەکارهێنان و دەربڕینانە تەنها لە ئاستی سەرەوەدان و لە ئاستی قووڵدا هیچ لێڵیو لادانێك رونادات. "لادان لە ( *Norm* ) لە سنوری ئاخاوتنە ( *Parole* ) نەك لە بنیاتی زماندایە (*Langue*)"[1] .

بەهۆی تێڕوانینی جۆراوجۆرەوە بۆ شێوازو زانستی شێواز ، پێناسەی زۆر بۆ شێواز خراونەتەڕوو و بواری زانستی شێوازیش بەڕادەیەکی ئەوتۆ فراوان بووە کە گشت بوارەکانی دەربڕین دەگرێتەوە و هیچ دیاردەیەکی زمانی و ئەدەبی نەماوە کە لەبواری پێناسەیەك لە پێناسەکانی شێوازدا جێگای نەبێتەوە .

زانستی شێواز، هەوڵئەدات لەو شێوە هونەرییانە بکۆڵێتەوە کە هەر زمان و کۆمەڵێك بە شێوەیەکی تایبەتی بەکاریاندەهێنن . بەدەربڕینێکی تر ، جۆرەکانی ئاخاوتنمان بەشێوەیەك بۆ دیاریدەکات کە لەگەڵ هەڵوێستە جیاجیاکاندا بگونجێن و زاڵبین بەسەریاندا . زانستی شێواز بەبۆچوونی قوتابخانەی فەرەنسی ، لێکۆڵینەوەی دەربڕینی بیرە بە هۆی زمانەوە[2] .

شێوازی ئاخاوتن ، دەبێتە مۆرکێك یان تایبەتمەندییەك کە قسەکەری پێدەناسرێتەوە ، چونکە کۆمەڵێ هۆکاری دەروونیو کۆمەڵایەتی ، کە کاریگەرییان لەسەر تاك هەیە ، لە شێوازدا رەنگدەدەنەوە . هەندێکەس لە ئاخاوتندا دەربڕینێك زۆر دووبارە دەکەنەوە ، وەك ( تێگەیشتی ؟ تێدەگەی ؟ ئێ ؟ وەڵا ... ، وەڵا کاکە ، وانییە؟ ...) یان هەندێ جوڵەو دەربڕینی نازمانیی وەك جوڵەی ئەندامانی جەستە ( دەست ، برۆ ، دەم ، چاو ، شان ...) بۆیە ( بۆفن ) دەڵێ :" شێواز خودی مرۆڤەکە خۆیەتی و ناتوانرێ شێواز وەربگیرێ یان بگوێزرێتەوە ، یان دەستکاری بکرێ"[3] .

---

(١) شعبان شعبان احمد– شێوازی شیعری جزیری – ل ٢٠ .

(٢) صلاح فضل – علم الاسلوب مبادئە واجراءاتە – ل ١١٧ – ١١٨.

(٣) شکری محمد عیاد – اللغة والابداع – مبادئ علم السلوب العربي– ل ٢٤٧.

هەروەها( فلوبەر) پێیوایە كە شێواز جۆری دیتنە [١] . رۆژانە لە كۆمەڵدا دەوترێ ئەو كەسە بە شێوازێكی : توندوتیژ ، رەق ، بە گوڕو تین ، منداڵانە ، كۆمیدی ، غەمبار ، روشكێن ... قسەدەكات . یان لە شێوازی قسەكردنیدا دیارە كە زۆر بێئومێدە ، رەشبینە ، گەشبینە ، بێتوانایە ، داخ لەدڵە .... هتد .

( مارتن جوس ) شێوازی ئاخاوتنی بۆ پێنج جۆر دابەشكردووە [٢]:

١- **شێوازی وشك** : لێرەدا شێواز زۆر فەرمییە، بەرادەیەك كە گوێ بە ئامادەبوونی گوێگر نادرێت، چونكە بە هیچ شێوەیەك كاریگەری بۆ سەر دەربڕینەكانی قسەكەر نییە.رۆڵی گوێگر نێگەتیڤەو ناتوانێ بەشداری لە ئاخاوتنەكەدا بكات، واتە گوێگر هەر گوێگرەو قسەكەریش هەر قسەكەر، وەك لە وتارو و پڕوپاگەندەو زیكرو خوێندنەوەی شیعرو كتێبە پیرۆزەكاندا، هەروەها لە نواندن و شانۆگەری و نوسراوو بلاوكراوەكاندا . گوێگر هیچ چالاكییەكی زمانی نییەو زۆر بە دەگمەن قسە بە قسەكەر دەبڕێت.

٢- **شێوازی فەرمی ( رەسمی )** : گوێگر بەشدارییەكی كەمی هەیە، ئەم شێوازە لەو وتارە ئامادەكراوانەدا بەكاردێت كە بۆ جەماوەر دەخوێندرێنەوەو گرنگییەكی زۆر بە دەربڕینەكان و خوێندنەوەیان دەدرێت، وەك لە بەرنامەو راگەیاندنە رادیۆیی و تەلەفزیۆنییەكانداو لە هەندێ كۆڕو سمینار‌دا بەكاردێت. لە ئاخاوتنی رۆژانەشدا، شێوازی فەرمی لە نێوان ئەو قسەكەرو گوێگرانەدا پەیرەو دەكرێت كە پەیوەندیی نێوانیان و پلەوپایەی كۆمەڵایەتییان زۆر لەیەكەوە دوورن ، وەك ئاخاوتنی نێوان فەرمانبەرێك لەگەڵ بەرێوەبەری گشتیدا، یان هەژارێك لەگەڵ دەوڵەمەندێكدا، هەروەها خزمەتكار لەگەڵ ئاغاو بەگ و گەورەكەیدا، سەرباز لەگەڵ ئەفسەردا. لە خێزانێكی ئاینی و كۆنەپارێزدا ئاخاوتنی باوك و كوڕ شێوازێكی رەسمی وەردەگرێت هەروەها لە سیستەمی پەروەردەیی كۆندا ئاخاوتنی نێوان مامۆستاو خوێندكار بەهەمان شێوەیە. واتە بە شێوەیەكی گشتی، شێوازی رەسمی ، دووریی پەیوەندیی كۆمەلایەتیی نێوان قسەكەرو گوێگر پیشاندەدات.

٣- **شێوازی راوێژكاری** : لەو جۆرە شێوازەدا شێوازی فەرمی زۆر تێدا بەكاردەهێنرێت و گوێگریش بەشداریی بەرچاوی هەیەو رۆڵی قسەكەرو گوێگر ئاڵوگۆڕ دەكرێن. قسەكەر زۆر بە وردی پلان بۆ قسەكانی دادەنێت و لە دەربڕینی قەبە و ئاڵۆزو دوور دەكەوێتەوە . مەبەستەكانی بە كورتی و بە دەربڕینی ئاسایی دەخاتەڕوو ، وەك شێوازی ئاخاوتنی نێوان سەرۆك و جێگرەكانی یان وەزیرەكانی ، یاخود راوێژكارەكانی، هەروەها بەرێوەبەرو

---

(١) شعبان شعبان احمد- شێوازی شیعری جزیری- ل ١٨ .

(٢) نایف خرما - اضواء علی الدراسات اللغویة المعاصرة - ل ٢٣٢ - ٢٣٤ .

یاریدەدەرانی ئەمەش دەوەستێتە سەر پەیوەندیی نێوانیان و جۆری فەرمانڕەواییەکەی .

٤- **شێوازی ئاسایی ( ناڕەسمی )** : ئەو شێوازەیە کە لە نێوان دۆست و برادەراندا بەکاردێت، یاخود لەنێوان کۆمەڵە کەسانێکی ئاسایی و ناسیاودا بەکاردێت ، کە باسی بابەتێکی سادەو ئاسایی دەکەن . لەم شێوازەدا بەشدارانی ئاخاوتن پێویستییان بە پێشینەیەك لە هەندێ بیروڕاو زانیاری سەبارەت بە یەکتری و بابەتەکەیش هەیە . زمان لەم شێوازەدا زمانی ئاخاوتنی خەڵکی سادەو ئاساییە ، لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو دەربڕینانەی کە تایبەتن بە کاروپیشەو توێژی قسەکەرانەوە. ئەگەر بەشدارانی ئاخاوتنەکە لە چینێکی رۆشنبیریش بن هەر بە زمانێکی ئاسایی قسەدەکەن و لە رۆتین و شێوازی فەرمی دووردەکەونەوە. لەم شێوازەدا گفتوگۆی زۆر ئەنجام دەدرێت و قسە پێبڕین و دووبارەکردنەوەو بڕیاری خێراو دەربڕینی ناتەواو و وەڵامی بەتەنها یەك وشەیی وەك ( نەء ، ئا ) و هێماو دەربڕینە نازمانییەکان زۆر بەکاردێن .

٥- **شێوازی دۆستانە** : کەمترین شێوازی فەرمی تێدا بەکاردێت. بەزۆری دەربڕینەکان بە زمانی ئاسایی دەبن و هێماو جوڵەی لەشیی بە فراوانی تێدا بەکاردێت. دەربڕینی تایبەت بە گروپێکی بچووك یان خێزانێکی دیاریکراو لەم شێوازەدا زۆر دەبیسترێت . ئەرکی ئەم شێوازە زیاتر لە گەیاندنی هەست و سۆزو دەرخستنی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی زۆر نزیکدا خۆی دەبینێتەوە، نەك گەیاندنی بیرو زانیاری ، وەك پەیوەندیی نێوان هاوسەران لە شێوازی ئاخاوتن و ناوهێنانی یەکتریدا ، یان شێوازی ئاخاوتنی نێوان ئەندامانی گروپێکی موزیك . هەروەها لە نێوان یاریکەرانی تیپێکدا و لەنێوان خۆشەویستان و ئەندامانی یەك خێزاندا بەکاردێت ، هەرچەندە لە خێزانێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە بە جیاوازیی کلتورو رۆشنبیری و شارستانیەت .

جێگای سەرنجە کە ئەم پۆلکردنە زیاتر لەسەر بنەمای پەیوەندیی نێوان قسەکەرو گوێگرو پلەوپایەی کۆمەڵایەتییان بنیادنراوە، بەڵام ئەگەر لایەنی دەروونی و هەڵچوونیی هەریەکێك لە قسە کەرو گوێگر رەچاوبکرێت، وردترو قووڵتر دەخرێنەڕوو ، لەهەمان کاتدا لە هەریەك لەم شێوازانەدا شێوازی تر بەدیدەکرێن . بۆ نموونە :

١- **شێوازی رەق ( توندو تیژ )** : ئەم شێوازە هێندەی پەیوەندی بە هەڵچوون و شڵەژانی باری دەروونی و تووڕەبوون و بابەتی ئاخاوتنەکەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە پلەوپایەو جۆری پەیوەندی و رەگەزو کات و شوێنی ئاخاوتنەکەوە نییە . رۆژانە تاکەکانی کۆمەڵ شێوازەکانیان دەگۆڕن ، توندوتیژیش یە کێکە لەو شێوازانەی کە هیچ تاکێکی کۆمەڵ لێی بێبەش نییە . بەکارهێنانی شێوازی رەق لەلایەن قسەکەرەوە ، کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر

باری دەروونیی گوێگر هەیەو زۆر جار گوێگریش بۆ بەکارهێنان و پیادەکردنی هەمان شێواز هاندەدات ، لێرەشەوە باری ئاخاوتنەکە زیاتر بەرەو ئاڵۆزی و شڵەژان دەچێت و ڕێزلێنان زیاتر بەرەو نەمان دەڕوات . ئەو شێوازە لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەکاردێت ، لەناو خێزانەوە تا دەگاتە دامودەزگا حکومی و پۆلەکانی خوێندن و هاوڕێ و خۆشەویستان و وتاری ئاینی و رامیاری و راگەیاندنەکان و ... هەریەکەیان ڕووبەڕووی شێوازی توندوتیژ دەبنەوەو پیادەشی دەکەن ، جگە لەوەی کە کەسانێك هەن ئەم شێوازە بووە بە بەشێك و سیمایەکی دیار لە کەسێتی و رەوشتیاندا .

٢- **شێوازی هەڕەشە :** شێوازێکی تری ئاخاوتنە کە زۆر جار لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە بەرامبەر بە تاکێك یان زیاتری کۆمەڵ بەکاردێت. بۆ تۆڵەسەندنەوە یان هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر کەسێکدا بەکاردێت ورێزگرتن تیایدا زۆر کەمەو هەندێ جار نامێنێت. دەکرێ هەڕەشەکردن توند و تیژبێت و دەشگونجێ بەنەرمی بێت .

٣- **شێوازی سوکایەتی پێکردن و جنێودان :** ئەم جۆرەی شێواز ، پەیوەندی بەپلەوپایەی کۆمەڵایەتی و جۆری پەیوەندیی نێوان قسەکەروگوێگر و رەگەزو کات وشوێنی ئاخاوتنەوە نییە ، بەڵکو زیاتر هەڵقوڵاوی باریدەروونی و کەسێتیی قسەکەرە . بێگومان ژینگەی کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کەسێتیی تاك هەیە . هەندێ تاکی کۆمەڵ بەوەناسراون کە لەکاتی ئاخاوتنیاندا دەربڕینە قەدەغەکان ( تابوو ) بەبێ سڵکردنەوە دەردەبڕن، کە لەم حاڵەتەدا سیمای کەسێتیی قسەکەر دەردەخات و دیاردەیەکی کاتی نییە و پەیوەندیی کەمتر بە کات و شوێن و بۆنەی ئاخاوتنەکەوە هەیە ، بەڵام لە هەندێ کاتدا ئەم شێوازە بە شێوەیەکی کاتی بەکاردێت کە پەیوەندی بە باری دەروونیی قسەکەرو ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەوە هەیە کە ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت . قسەکەر، سوکایەتی بە گوێگر یان کەسێکی تر دەکات و جنێوی پێدەدات و هیچ رێزێکی بۆ دانانێت ، کە زۆر ئاساییە لە کات و شوێنێکی تردا یان وردتر بڵێین لە بارێکی تری دەروونیدا توندترببێت یان لێی پەشیمان ببێتەوە .

٤- **شێوازی پلارو توانج لێدان :** شێوازێکە لە کۆمەڵی رۆژهەڵاتیدا زۆر بەکاردەهێنرێت ، قسەکەر دەیەوێ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ شتێك بە گوێگر بڵێت کە توانای دەربڕینی راستەوخۆی نەبێت ، یان کات و شوێنی ئاخاوتنەکە یاخود پلەوپایە کۆمەڵایەتییەکە رێگای دەربڕینی راستەوخۆی پێنەدەن. بەزۆریش بەبیرهێنانەوەی زانیارییەك یان نهێنییەکە، قسەکەر دەیەوێ ئاگاداریی خۆی پیشانی گوێگربدات. لە هەمان کاتدا ئاگادارکردنەوەی بەرامبەرە لەوەی کە پێ بەقەد بەڕەکەی خۆی رابکێشێت. ئەگەر توانج و تانە لێدانەکە

توندیی زیاتری پێوەدیاربێت ئەوا دەچێتە ئاستی شێوازی هێرشکردن و سوکایەتی پێکردنەوە. پلەی ڕێزگرتنیش تیایدا زۆر کەمەو هەندێ جار نامنێنێت و هەست بریندارکردنی بەرامبەری لێدەکەوێتەوە.

٥- **شێوازی گاڵتە ئامێز:** ئەم شێوازە زیاتر بۆ خۆشی و پێکەنینە، کە قسەکەر بەدوای خستنەڕووی حاڵەت و شتە سەیرو پێکەنینهێنەرەکاندا دەگەڕێت. پلەی ڕێزگرتنی تێدایەو لەگەڵ شێوازی پلارو توانج لێداندا زۆر لەیەکەوە نزیکن، بەڵام سنوری دیاریکراو لەنێوانیاندا پلەی ڕێزگرتن و هەست بریندارکرنە. کاتێ گاڵتەکردنیش گەیشتە ئاستی هەڵچوونی باری دەروونی و تووڕەکردن و بریندارکردنی هەستی بەرامبەر، دەچێتە ئاستی شێوازەکانی توانج لێدان و سوکایەتی پێکردنەوە. زۆر جاریش دەوترێ گاڵتە نیوەی راستە . هەندێ کەس لە کۆمەڵدا بە گاڵتەچی و قسەخۆش دەناسرێن و دەوروبەریش زۆربەی جار دەربڕینەکانیان بە گاڵتەوە لێوەردەگرن و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە لە شێوازی ئاخاوتن و گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا کە بە هەموو کەس ناکرێت .

## ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر شێوازی ئاخاوتن هەیە :

مەبەست لە هۆکارە کاریگەرەکانی سەر شێواز ئەوەیە کە جێگۆرکێ پێکردنی کەرەستە زمانییەکان بەتەنها نابێتە هۆی گۆڕان و داهێنانی شێوازی تازە ، بەڵکو گۆڕان لە بیروبۆچوون و تێڕوانیندا کاریگەریی زۆریان لەسەر شێواز هەیە ، چونکە " گۆڕانکاری لە ژیان و هزرو بۆچوون ، گۆڕانکاری لە دەربڕینی لێدەکەوێتەوە " [١] . هەروەها "زۆر لە شێوازناسان گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و و ئابوری و رامیاری بە (داینەمۆی ) گۆڕانی شێواز یاخود خوڵقانی شێوازی نوێ دەزانن" [٢]

بە شێوەیەکی گشتی ، کاریگەرییەکانی سەر شێواز لەم خاڵانەدا کۆدەبنەوە :

١- **فەرهەنگ :** هەموو تاکەکانی کۆمەڵ ، لە فەرهەنگی مێشکیاندا وەکیەك دەوڵەمەندنین . بێگومان ئەو کەسەی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی هەیە بە شێوازێکی جیاواز لەوەی کە لە فەرهەنگدا هەژارە ، قسەدەکات .

٢- **بۆنەی ئاخاوتن :** هەربۆنەیەك ، شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە ، بۆنموونە شێوازی بابەتێکی زانستی جیاوازە لە شێوازی بابەتێکی ئەدەبی ، یان یاسایی ، یان دڵداری . شێوازی پێشوازیکردن لە میوان جیاوازە لەگەڵ شێوازی دەرکردنی کەسێك .

---

(١) شعبان شعبان احمد– شێوازی شیعری جزیری– ل ١٧.

(٢) سەرچاوەی پێشو .

٣- **مەبەست یان ئامانجی ئاخاوتن :** هیچ ئاخاوتنێك بێ مەبەست نییە ، هەرمەبەستێکیش بە شێوازێکی تایبەت دەردەبڕدرێت . تووڕەکردن ، ئاشتکردنەوە ، شەڕکردن ، رازیکردن ، دڵدانەوە ... هەریەکەیان شێوازێکی تایبەتییان دەوێت و شێوازەکەش دیاریدەکەن .

٤- **تەمەن و ڕەگەز :** منداڵ شێوازی دەربڕینی تایبەتی هەیەو ژنان بەهەمان شێوە، هەروەها بەساڵاچووانیش [١] . لەشێوازی ئاخاوتنی مرۆڤیکورددا ، ئەم جیاوازییە بەڕونی دەردەکەوێت. گەر سەرنجی شێوازی ئاخاوتنی کەسێکی تەمەن (٧٠ ساڵ بەرەوژور ) بدرێت ( بەتایبەت نەخوێندەوارەکان ) ، هەندێ زاراوەو دەربڕین دەبیسترێ کەلەلای گەنجێکی تەمەن ( ٣٠ ساڵی) ی هەمان رەگەز نابیسترێتەوە ، واتە بەشێوازێکی جیاواز ئاخاوتن دەکەن . زۆر جار لە ستایشی کەسێکدا دەوترێ لەگەڵ پیراندا پیرەو لەگەڵ گەنجاندا گەنجەو لەگەڵ منداڵیش منداڵە. واتە لە شێوازی هەمووی یان شارەزایەو دەزانێ بە شێوازی خۆیان لەگەڵیاندا بدوێت . شێوازی ئاخاوتنی ژنان و پیاوانیش تاڕادەیەك جیاوازییان هەیەو زۆر دەربڕین لە زماندا هەن تایبەتن بەڕەگەزێك کە ڕەگەزەکەی تر بەکاریناهێنێ، یان ئەگەر بەکاریبهێنێ کۆمەڵ لێی وەرناگرێت. زۆرجار دەوترێ ( فلاَن پیاو زۆر ژنانەیە )، یان ( ئەو ژنە دەڵێی پیاوە، قسەکردنی لە ژن ناچێ ). هەروەها شێوازی ئاخاوتنی دایك لەگەڵ کوڕەکەیدا جیاوازە لەگەڵ شێوازی ئاخاوتنی هەمان دایك لەگەڵ کچەکەیدا . جیاوازیی نێوان دەبڕینەکانی ژنان و پیاوان، بە زیاتر لەیەکدابڕان و بەندکردنی ژن لە ژوورەوە زیاتر دەبێت . بە پێچەوانەشەوە ، تاکو زیاتر ئازادیی ژن دەستەبەربکرێت و بواری کرانەوەو کارکردنی لەگەڵ پیاودا زیاتر بۆ برەخسێت و بەشداریی بوارەکانی ژیان وخۆشیو ناخۆشییەکانی پیاو بکات ، جیاوازییەکان کەمتر دەبنەوە[٢] . لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە ئەگەر رێککەوتن لە تەمەن و رۆشنبیریو چینی کۆمەڵایەتیی کوڕان وکچاندا هەبێت (واتا هاوتابن)، ئەوا کچان لە دەربڕینەکانیاندا لە کوڕان وردترو چڕترن[٣] . جیاوازیی شێوازی ئاخاوتنی ژن و پیاو لەهەڵبژاردن و بەکارهێنانی دەربڕینەکاندایە ، کە هەریەکەیان هەندێ دەربڕین بەکاردەهێنێ ئەوی تر بەکاریناهێنێ و هەندێ لە دەربڕینەکان تایبەتمەندییان وەرگرتووە. ژنان گرنگیی زیاتر بە گۆکردن و دەربڕینی کەرەستەکان دەدەن و زیاتریش پابەندن بە پەیڕەوکردنی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەکارهێنانی زماندا .

٥- **کات و شوێنی ئاخاوتن:** کات و شوێن رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دیاریکردنی شێوازی ئاخاوتندا، زۆرجار دەوترێ:

---

(١) صلاح فضل – علم الاسلوب مبادئه واجراءاته – ل ٢٢.

(٢) نايف خرما – اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة – ل٢٣٤.

(٣) صلاح فضل – علم الاسلوب مبادئه واجراءاته – ل ٢٢.

- کاتەکە ناسکەو ناکرێ هەموو شتێك بوترێ.
- شوێنەکە هی ئەوە نییە دەنا دەزانم چی پێدەڵێم.
- لە ماڵی خۆمان نەبایە ، چاکم پێدەگوت .

هەروەها ئاخاوتن لەناو فەرمانگەیەك یان وەزارەتێکدا ، زیاتر شێوازێکی فەرمیی هەیە کە جیاوازە لە ئاخاوتنی سەر شەقام. هەموو ناوچەیەکیش لە زماندا تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پارێزگاریشی لێدەکەن . هەر سەردەمێکیش دەربڕینێك باویدەبێت کەبەهۆی بۆنەیەك یا کەسێك یا رووداوێکەوە لەناو خەڵکیدا بڵاودەبنەوەو بەکاردەهێنرێن . بۆنموونە ( لاولاو ، لادێیی ، قەپۆز ، کرمانج ، ئەنفال ، علوج ، شێخ ، برام ، بەڕێز ...)

ئاخاوتن و چاکوچۆنی و هەواڵپرسین لەگەڵ هاوڕێیەکدا کە ماوەیەکی زۆرە نەبینراوە ، درێژترو گەرمترە لەو ئاخاوتنەی کەلەگەڵ هاوڕێیەکدا دەکرێت ، کە دوێنێ بینرابێت . واتە کورتی و درێژی و شێوازی ئاخاوتنەکە پەیوەندی بە زۆری و کەمیی ماوەی یەکتربینینەوە هەیە[1] . دووکەس هەر یەکترناسینێکی سەرەتاییان لە نێواندایە ، رۆژانە بە شێوازێکی سارد ئاخاوتن یان چاکوچۆنی دەکەن ، بەڵام کە لەشارێکی تر یان لە ولاتێکی بێگانەدا یەکتری دەبینن بە شێوازێکی زۆر گەرمتر لەوەی پێشو ئاخاوتن دەکەن، تەنانەت ئەگەر دووکەس یەکتریش نەناسن ، لەشوێنێکی دوور لەناوچەکەی خۆیان ، تەنها گوێیان لە دەبڕینەکانی یەکتری بێت کە بەشێوەزاری ناوچەیی خۆیان قسەدەکەن هەست بە نزیکی و ناسیاوی دەکەن لەگەڵ یەکتریدا[2] .

٦- **<u>پلەوپایەی کۆمەڵایەتی</u>** : پلەوپایەی کۆمەڵایەتی کاریگەریی لەسەر شێوازی تاك هەیە . چینەکانی کۆمەڵیش ( سەرەوە ، ناوەڕاست ، خوارەوە ) گرنگیی خۆیان هەیە لەشێوازدا . کاتێ کەسێك لە فەرمانبەرێکی ئاساییەوە دەبێ بە بەڕێوەبەرێکی گشتی ، کاروباری ژیان و گوزەرانی دەگۆڕێت ، گۆڕانکاری لە شێوازی ئاخاوتنیشیدا رودەدات . یان یەکێك لە لادێوە دەچێتە شار، پاش ماوەیەك شێوازو دەربڕینەکانی دەگۆڕێن . واتە گۆڕانی پلەوپایەیکۆمەڵایەتیی تاك ،گۆڕانکاریی لەشێوازو دەربڕینی لێدەکەوێتەوە[3] . لە ئاخاوتنیشدا ، تا پلەو پایەی کۆمەڵایەتیی قسەکەر و گوێگر لەیەکدوورتربن، شێوازەکان جیاوازدەبن. هەرچین و توێژێکی کۆمەڵ ، دەربڕین و شێوازی تایبەتیان هەیەو پارێزگاریشی

---

(١) هدسن – علم اللغة الاجتماعي – ل ٢٢٠.

(٢) نايف خرما– اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة – ل ٢١٠ .

(٣) سەرچاوەی پێشو– ل ٢٢٥ .

لێدەکەن[١] ، بۆ نموونە زانایانی ئایینی ، دادوەرەکان ، پزیشکەکان ، ئاغاکان ، پۆلیس ، پیاوانی رامیاری ...

لە لایەکی ترەوە پلەوپایەی کۆمەلایەتی، پلەکانی ئاخاوتن دیاریدەکەن ، وەك فەرمانکردن ، داواکردن ، تکاکردن و پاڕانەوە ، هەریەکەیان شێوازی تایبەتییان هەیەو بەرزی و نزمیی پلەوپایەی کۆمەلایەتی لە پلەکانی ئاخاوتندا رۆڵێکی گرنگ دەبینێت .

٧- پەیوەندیی نێوان قسەکەرو گوێگر (دووری و نزیکی ) : شێوازی ئاخاوتنی نێوان دووهاوڕێ کە پەیوەندییەکەیان ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕیوە ، جیاوازە لەگەڵ دووکەسدا کە تازە بوون بە هاوڕێ . کاتێ کە پەیوەندییەکە تازەیە دەربڕینەکانی ( کاك ....، مامۆستا .....، ...خان ،...) بەکاردەهێنرێن و زۆر بابەتیش هەن کە لەنێوانیان باسناکرێن ، بەلام کە پەیوەندییەکە بەهێزترو نزیکتربووەوە ، ئەو دەربڕینانە نامێنن و ئاسایی بە ناوی خۆیانەوە یەکتری بانگدەکەن . واتە تا پەیوەندییەکە بەهێزترو نزیکتربێت ، شێوازەکان سادەتر دەبنەوە ، گەر بەشێوازی فەرمانکردنیش لەگەڵ یەکتریدا بدوێن ، هیچیان بە فەرمانی وەرناگرن و لایان ئاسایی دەبێت ، تەنانەت هەندێجار گاڵتەو داشۆرینیشی تێدەکەوێت . لە چاکوچۆنی و هەواڵپرسیندا پەیوەندیی نێوان قسەکەرو گوێگر زۆر باش دەردەکەوێ ، کاتێ کەسێك هاوڕێیەکی خۆشەویستی خۆی دەبینێت بە شێوازێکی زۆر گەرمتر لەگەڵی دەدوێ لەوەی گەر یەکێك ببینێ کە تەنیا یەکترناسینێکی سەرپێیی لە نێوانیاندابێت[٢] . بەکورتی لەگەڵ ناسیاودا بە نارەسمی قسەدەکەین و لەگەڵ نەناسیاودا بە رەسمی.

٨ - **رۆشنبیری و پلەی شارستانیەت :** رۆشنبیری و شارستانیەت ، لەو دیاردانەن کە رەنگدانەوەو کاریگەرییان لەزماندا هەیە ، بەشێوەیەك کە لە دەربڕین و شێوازی ئاخاوتندا رادەی رۆشنبیری و پلەی شارستانیەت دەردەکەوێ . گەر لێکۆڵینەوە لە پەندو ئیدیەمەکانی هەرکۆمەڵێدا بکرێت ، رادەی رۆشنبیری و شارستانیەتی کۆمەڵەکە روندەبێتەوە. بۆتاکیش بەهەمان شێوە لە ئاوازی ئاخاوتن و هەڵبژاردنی دەربڕینەکانیدا دەردەکەوێت. هەر لە شێوازی ئاخاوتنی یەك کۆمەڵدا خوێندەوارو نەخوێندەوار جیادەکرێنەوە، لەهەمان کاتدا لەناو خوێندەوارەکانیشدا پلەی خوێندەوارییان شێوازەکان دەگۆڕێت[٣] ، چونکە گەشەی رۆشنبیریی تاك ، بەشێوەیەکی تایبەتی، دەبێتەهۆی گۆڕنکاریی زۆربەرچاو لە وشەو دەربڕینەکانیدا ، تەنانەت لەچۆنیەتیی گۆکردنی دەنگەکانیشدا

(١) صلاح فضل – علم الاسلوب مبادئه واجراءاته – ل ٢٢.

(٢) هدسن – علم اللغة الاجتماعي – ل ٢٢١ .

(٣) محمود السعران – اللغة والمجتمع رأي و منهج– ل ٣٤ .

کاریگەریی خۆی هەیە [1] . ئەو کۆمەڵەی کە تێڕوانینی بۆ ژیان لە دەسەلات و هێزەوە گۆڕاوە بۆ یەکسانی و هاوکاری ، شێوازو دەربڕینیان لە ئاخاوتندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، هێندە گرنگی بە نازناوو پێشگرو پاشگرەکانی وەك ( بەگ ، ئاغا ، کاك ، خانم ، خاتو ، شازادە ، پاشا ، سەرۆك ، سەید ، شێخ ... ) نادەن . کۆمەڵی مەدەنی حەز بە دەسەلات و پلەو پایە ناکات ، بۆیە دەربڕینەکانی ( دەستت ماچ دەکەم ، بەخولامت بم ، خزمەتکارێکی تۆمان بووە ، کارەکەرێکی تۆمان بووە ، هەروەها دەستبەسنگەوەگرتن و نوشتانەوەو کڕنوشبردن .... ) بەکارناهێنن .

٩- **باری دەروونی :** پەیوەندیی زمان بە بیرو دەروونی تاکەوە زۆر بەهێزەو هەر ناجێگیریەك لە دەروونی تاکدا روبدات ، ئەوا لە دەربڕین و شێوازیدا رەنگدەداتەوە. ئەو کەسانەی کە نەخۆشیی دەروونییان هەیە ، یان ئەوانەی لە کۆمەڵدا بە شێت ناوزەدکراون ، یا هەندێك لەوانەی کە کەمئەندامن ، شێوازی ئاخاوتنیان جیاوازەو لە ئاخاوتنیشدا دەبێ رەچاوی ئەم بارەیان بۆبکرێت و شێوازێکی جیاوازیان لەگەڵدا بەکاربهێنرێت ، ئەمەش رەنگدانەوەی ناجێگیریی باری دەروونییانە کە زوو تووڕەدەبن و دڵیان دەڕەنجێت ، یان لەقسەکردندا هەندێ توندوتیژییان تێدا بەدیدەکرێت . لێرەوە دەردەکەوێت کە هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوری و کەسییەکان و هەموو ئەو لایەنانەی کە کار لەکەسێتیی مرۆڤ دەکەن، لە شێوازدا رەنگدەدەنەوە . بۆیە (بۆفن ) دەڵێ "شێواز خودی مرۆڤە"[2].

١٠- **هێزو ئاواز :** هێزو ئاواز لە ئاخاوتندا رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە گەیاندنی مەبەستی قسەکەر . بەهۆی ئاوازی ئاخاوتنەوە ، دەتوانین باری دەروونیی قسەکەر ( دڵخۆش ، دڵتەنگ ، ترساو ... ) هەروەها جۆری ئاخاوتنەکەی ( سەرسوڕمان ، پلاروتوانج ، گاڵتەپێکردن و هەڕەشەو تووڕەبوون ، رەزامەندی و نارەزایی ... ) دیاریبکەین ، " تەنانەت هەڵوێست و مەبەستی شاراوەو باری دەروونیی قسەکەریش بەهۆی ئاوازی رستەکەوە ، دەزانرێ و ئاشکرا دەبێ "[3] . هەروەها ئاواز ، جۆری دەربڕینەکان لە ( پرس، هەواڵگەیاندن، فەرمانکردن ... ) دەستنیشاندەکات .

گەر لە ئاخاوتنێکدا قسەکەر بڵێ :-

❖ سەیارەیەك لەڕێگا وەرگەڕاو هەلاهەلا بوو .

وا چاوەڕواندەکرێ کە گوێگرەکان ئەم دەربڕینانە بەکاربهێنن .

– ژن / ئەیڕۆ ! ، وەیش ، دایکتان بمرێ ، چاوی کوێرم ، دەستی شکاوم ، خوشکتان بمرێ ،

---

(١) نایف خرما– اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة – ل ٢٢٤ – ٢٢٥.

(٢) شكري محمد عياد – اللغة والابداع – ل ٢٤٧ .

(٣) وریا عمر امین – چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی – ل ٢٩٠ .

خوایە لێمان بەدووربێ ...

- پیاو / نەبابە !، لە کوێ ؟ ، بەڕاستتە ؟
- دەوڵەمەند ، فیتەر ، خاوەن پیشانگای سەیارە ، شوفێر / سەیارەکە چی بوو ؟
- هەژار ، خوێندەوار ، کۆستکەوتوو / چەند کەسی تێدابوو ؟ نەفەرەکان هیچیان لێهات ؟
- یەکێك کەسوکاری لەسەفەربێت / نەتزانی کێی تێدایە ؟

<u>پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن :</u> ئاخاوتن کردەیەکی کۆمەڵایەتییەو هۆکارێکی زۆر گونجاوە بۆ دەرخستن و پیشاندانی کەسێتیی قسەکەر لەناو کۆمەڵدا [١] . واتە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە شێوازی ئاخاوتن دەکرێتە پێوانەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی تاکەکانی کۆمەڵ . پێوەرەکانیش پەیوەندییان بە کەمی و زۆریی قسەکردن و شێوازو پێدانی زانیارییەوە هەیە .

لەکۆمەڵی ئێمەدا دەوترێ :

- زمان شیرین و قسەزانە .
- هەر حەزدەکەی قسەی لەگەڵدا بکەیت .
- مەیدوێنن ، نازانێ قسەبکات .
- کەڵکی ئاوەدانیی نییە .

ئەم پێوەرانەش وەك هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی تر لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازن و لە کۆمەڵێکی دیاریکراویشدا بە پێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانیان بەسەردا دێت [٢] . هەیشیانە لەزۆربەی کۆمەڵەکاندا بەکاردەهێنرێت. گەر ئاوڕێك لە رابردووی کۆمەڵی کوردی بدەینەوە ، قسەکردنی ئەندامانی خێزان پەسەند نەبووە لە کاتێکدا کە باوك ئامادەبووبێت ، بەڵام ئێستا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بەم شێوەیە نییە . یاخود ئاخاوتنی ژنان بەدەنگی بەرز کارێکی ناپەسەندبووە بەڵام ئێستا زۆر ئاساییەو چەندین گۆرانیبێژی ژنمان هەن.

لە کلتوری کوردیدا وتەیەك هەیە کە دەڵێ :

- ژنی شەرمن شارێك دێنێ و پیاوی شەرمن شانەیەك ناهێنێ .

ئەمە یەکێکە لە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی کورد بۆ ئاخاوتن .

---

(١) هدسن – علم اللغة الاجتماعي – ل ١٩٧ .

(٢) سەرچاوەی پێشو.

( گۆفمان ) [١] پێیوایە: ئەو کەسەی کە بەهۆی دەربڕینەکانیەوە خەڵك بێزارو هەستبریندار دەکات ، لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتوونابێت و ئەنجامێکی خراپی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆی و دەوروبەری دەبێت .

## هەندێ لە پێوەرەکان :

١- **زۆر وتن ( زۆر بلێیی )**:- لە زۆربەی کۆمەڵەکاندا زۆربلێیی کارێکی پەسەندنییە و خەڵك بێزاردەکات . لە کۆمەڵی ئێمەدا ئاوەڵناوی (چەنەباز)ی بۆ بەکاردێت . دەوترێ :

- ماڵی ئاوابێ ، نایەڵێ کەس قسەبکات !
- ئەو چەنەبازە لەهەرشوێنێك بێت کەڵکی دانیشتنی نامێنێت !
- بەڕووی لەدەما تەقیوە.

واتە کۆمەڵی ئێمە وای پێباشە کە گوێگر چەند گوێ لە قسەکەر رادەگرێ ، دواتر ئەویش بواربدات و ببێتەوە بە گوێگر بۆ ئەوان، نەك بوار بەکەس نەدات قسەبکات. بە پێچەوانەشەوە کۆمەڵی واهەیە بە کەمدویی بەناوبانگن و زۆر حەز بە ئاخاوتن ناکەن ، وەك هۆزی ( پۆلیا) لە باشوری هندستاندا [٢].

٢- **کەمدویی** :- ئەمیش پێوەرێکە کە پەیوەندی بە چەندێتیی قسەکردنەوە هەیە . بەو کەسانە دەڵێن کە زۆر کەم قسەدەکەن . دیارە ئەمەش لە کۆمەڵی ئێمەدا زۆر پەسەند نییەو هەندێ جار بە (فیزاوی ، لووتبەرز ، لە خۆبایی ... ) ناودەبرێن . هەندێجاریش دەوترێ :-

- دوو قسەمان بۆ بکە با زارت بۆگەن نەبێت !

لەمەشیاندا خەڵکی پێچەوانە هەیە ، وەکو هۆزی (رۆتی ) لە رۆژهەلاتی ئەندۆنیسیا کە قسەکردن بە خۆشیی ژیان دەزانن و چێژی لێوەردەگرن [٣] . لەڕوی دەروونیشەوە قسەکردن لە کەمدویی باشترە ، چونکە کەمدویی ئاماژەیە بۆ کێشە و خەم و نەخۆشی ...

٣- **قسە پێبڕین** :- دیاردەیەکی ناپەسەندە . لە کۆمەڵی شارستانیدا زۆر زۆر کەمە بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵێکی خێڵەکیدا ، واتە خوێندەوار زیاتر رەچاوی ئەم لایەنە دەکات . قسەپێبڕین ، پەیوەندی بە دەسەلات و پلەوپایەی کۆمەلایەتی و تەمەن و رەگەزو بۆنەی ئاخاوتنەوە هەیە . لای ئێمە خەڵکی دەسەڵاتدارو بەتەمەن و نێرینە زۆرجار قسە بەخەڵکی تر دەبڕن . هەندێ بۆنەش کاریگەریی خۆیان هەیە ، بۆنموونە هەندێجار دادوەر قسە بەتاوانبار دەبڕێت کاتێ

---

[١] هدسن – علم اللغة الاجتماعي– ل ١٩٩ .

[٢] سەرچاوەی پێشو .

[٣] سەرچاوەی پێشو – ل ٢٠٠ .

بزانیٚ قسەکانی لە ڕاستییەوە دوورن . لە ئاخاوتنی ئاساییشدا گەر قسە پێبڕینەکە پێویست بێت ئەوا دەوتریٚ ( قسەی خۆت لە دەما بە شەکر بێت ) واتە قسەکەی خۆت لەبیرنەچێتەوەو یارمەتیی منیش بدە قسەبکەم .

٤- **دەنگ بەرزکردنەوە** :- مەبەست لە دەنگ بەرزکردنەوە ئەوەیە کەلەکاتی ئاخاوتندا بەشێوەیەکی نائاسایی دەنگ بەسەر بەرامبەرەکەتدا بەرزبکەیتەوە ، کە دیاردەیەکی ناپەسەندە . ئەمەش پەیوەندی بەباری دەروونی و دەسەڵات و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و تەمەن و ڕەگەزو بۆنەی ئاخاوتنەکەوە هەیە. کەسانی خاوەن دەسەڵات و پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی بەرز زۆرجار دەنگ بەسەر خەڵکانی تردا بەرزدەکەنەوە ، یان لە کاتێکدا لە بارێکی دەروونیی جێگیردا نەبن ، ئەم شێوازە بەکاردەهێنن . لەکۆمەڵی کوردیدا دەنگ بەرزکردنەوەی یەکێك بەسەر کەسێکی لەخۆی بەتەمەنتر ، دیاردەیەکی زۆر نەشیاوەو نیشانەیەکی زەقی بێڕێزییە . لەوەڵامی دەنگ بەرزکردنەوەدا دەوتریٚ :

– دەنگت بەرزمەکەوە ، لێت قبووڵناکەم .

– شیڕەشیڕ مەکە . ( ئەو هاتوهاوارەت لەچییە ؟ )

٥- **گوێگرتن** :- مەبەست لەوەیە کە چەندکەس بۆیان هەیە لە یەککاتدا قسەبکەن. لە کۆمەڵی ئێمەدا تەنها یە کەس بۆی هەیە قسەبکات ، بەڵام لە ئاهەنگێکدا چەندین کەس لە یەککاتدا قسەدەکەن، بۆیە ئەستەمە کەس لە کەس بگات ، یاخود چەند ئاخاوتنێك لە یەککاتدا ئەنجامدەدرێن ، هەروەك لەلای هۆزێکی ( ئەنتیگوا ) بە دیدەکرێت لە دورگەکانی خۆرئاوای هندستاندا [1] .

٦- **گەیاندنی زانیاری** :- هیچ ئاخاوتنێك بێمەبەست نییە ، سەرکەوتوویی و سەرنەکەوتوویی ئاخاوتنیش دەوەستێتە سەر ڕادەی بەجێهێنانی مەبەست یان ئامانجی ئاخاوتنەکە [2] . ئایا ئەوەی قسەکەر مەبەستی بووە بیڵێت، وتویەتی ؟ یان ئەوەی مەبەستی بووە بیزانێت، وەریگرت؟ هەر قسەیەك کەدەکرێت (دەوترێت ) پێویستە بەهاو گرنگییەکی هەواڵیی تێدابێت . هەموو پرسیارێك پێویستی بەوەڵام هەیە ، بەڵام کاتێك دەربڕینەکان دەبن بەوەڵام ، کە بنەمای هاریکاری نەبەزاندبێ‌و زانیاریی ڕاستی بەدەستەوەدابێت . گەر وەڵام نەدرایەوە ، یان زانیاریی تەواو نەدرا بەدەستەوە ، ئەوا گوێگر هاریکاری نەکردووە ( ئەگەر وەڵامی ڕاست بزانێت و نەیڵێت ) . زۆر جار دەوتریٚ :

– پرسیار لە کیٚ دەکەی ؟ ئاگای لە دنیا نییە !

(١) هدسن – علم اللغة الاجتماعي – ل ٢٠١ .

(٢) سەرچاوەی پێشو– ل ١٩٤.

- لەگوێی گادا نوستووە .

واتە وەڵامی پێویست ناداتەوە . هەندێجاریش پاساو بۆ وەڵامنەدانەوە هەیە ، وەك مەترسی لە رودانی كێشەوگرفت لەسەر وەڵامەكە .

## نیشانە كۆمەڵایەتییەكانی ئاخاوتن :

مەبەست لەو دەربڕینانەن كەڕێز و پلەوپایەی كۆمەڵایەتی و جۆری پەیوەندیی بەشدارانی ئاخاوتن دەردەخات ، ئەم نیشانانە ، ئەگەر لەكۆمەڵێكەوە بۆ كۆمەڵێكی تر جیاوازیشیان تێبكەوێت ، كارێكی ئاساییە .

**هەندێ لە نیشانەكان :**

١- **ڕێزگرتن لە قسەكەر خۆی** : زۆرجار قسەكەر جەخت لەسەر باسكردنی خودی خۆی دەكات و پلەوپایەی خۆی بەرزڕادەگرێت بەتایبەتی بە بەكارهێنانی جێناوی كەسی یەكەمی (كۆ) لە جێگای (تاك ) . لەجیاتی ئەوەی بڵێ : من بڕیارمدا ، پێمباشە ، پێموایە ...

دەڵێ : - ئێمە وای بۆ دەچین ، بڕیارماندا ، پێمانوایە ...

- پێمانباشە كە ئەم كێشە كۆتایی پێبێت .
- من شەخصی خۆم چوومەلای و پێموت ...

هەندێجاریش ، قسەكەر لە پلەوپایەی خۆی كەمدەكاتەوە بەرامبەر بە گوێگر ، بەڵام دڵنیایە كە بەم هەڵوێستەی هێندەیتر لەلای گوێگر گەورە دەبێت .

+ بەندە ، بەندەتان ، بەندەی موخلیصتان .
+ براگچكەی خۆتان .

٢- **ڕێزگرتن لە گوێگر** : لە ئاخاوتنەكاندا زۆرجار وا پێویستدەكات كە ڕێز لە گوێگر بگرین ئەمەش بە بەكارهێنانی جێناوەكانی كەسی دووەمی (كۆ) لە جیاتی تاك . لێرەدا جۆری پەیوەندیی( دورونزیكی، ناسیاوی و نەناسیاوی ) لە نێوان قسەكەرو گوێگردا دەردەكەوێت .

بۆ نموونە :

داواكارم لە بەڕێزتان ، فەرمان بفەرمون ....

هاتومە خزمەت ئێوەی بەڕێز ، بۆ ....

هەروەها لە بەكارهێنانی نازناوەكانیشدا دەردەكەوێت

- نازناوەكانی پیشە / مامۆستا ، دكتۆر ، وەستا
- نازناوەكانی تەمەن و ڕەگەز /حاجی ،كاكە ، خاڵە ، مامە ، پوریێ ، یا ....، خان ، خانم ، خاتو،

خوشکێ ، حاجی ژن ، مەلا ژن ...

- نازناوەکانی پلەوپایە / جەناب ، ئاغا ، بەگ ، گەورەم ، یا شێخ ، سەید ، مامۆستا (مەلا) ، فەقێ ، ( أبونا - مامە قەشە) ، سەرۆکی ...... ، لێپرسراوی ......

بە شێوەیەکی گشتی ، ئەم نازناوانە لە ئاخاوتنەکاندا بەکاردێن ، مەبەست لێی ڕێزگرتن و خۆشەویستیی بەرامبەرە. هەندێجاریش تەنها بۆ تەمەنەو مەرج نییە پەیوەندییەکی نزیك لە نێوانیاندا هەبێت ، بەڵام جارهەیە قسەکەر بە ویستی خۆی دەریاننابڕێت بەڵکو هەڵوێستەکە وایدەخوازێت . هەروەها بەمەبەستی تانە لێدانیش بەکاردێن ، کە زیاتر لە ئاوازی دەربڕینەکاندا ڕووندەبێتەوە .

٣- **<u>ڕێزگرتن لە باری کۆمەڵایەتی</u> :**

- بەڕێز ..... لە بارەگای تایبەتیی خۆی پێشوازیی لە ..... کرد .
- بەڕێز وەزیری ...... لە دیوانی وەزارەت چاوی بە پیاوماقوڵانی گوندی .... کەوت و لەسەر خوانی بەڕێزیان نانی نیوەڕۆیان خوارد .
- بەڕێزیان یادەکەیان بەرز ڕاگرت .
- بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی یادی ..... ، ڕێزدار .... وتەیەکی مێژوویی پێشکەشکرد .
- بەڕێز ...... ، بە یاوەریی بەڕێزان ........ و........ ، سەردانی خانەوادەی شەهیدە سەربەرزەکانی کردو لە بارو گوزەرانیانی کۆڵییەوە .

## پلەکانی پەیوەندی :

١- ساردترین ، یان بێهێزترین ، یان دوورترین پەیوەندی ئەو کاتەیە کە یەکێك ناناسی ، یان تازە دەیناسی. دەربڕینەکانی ( کاکە ، وەستا ، مامۆستا ، خاڵە ، بەڕێز ، برادەر ، ئامۆزا ، مام حاجی ، خوشکێ ، پورێ ، بێزەحمەت ... ) ی لەگەڵ بەکاردێت .

٢- تۆزێ لەمە گەرمتر یان نزیکتر ، نازناوەکەو ناوە تایبەتیەکەی لەگەڵ بەکاردێت : کاك ئاسۆ ، مام عەلی ، وەستا کارزان ، پورحەلیم ، دکتۆر بەڵێن ...

٣- پەیوەندیی بەهێز یان نزیك، تەنیا ناوە تایبەتیەکەی بەکاردەهێنرێ ، وەك پەیوەندیی نێوان ژن و مێرد ، یان دووهاوڕێ .

٤- پلەیەك لەم پەیوەندییە گەرمتر یان نزیکتر ( کە دوو لایەنەیە ) ، ناوەکە بە بچووککراوەیی بەکاردێت کە هەندێجار لە خۆشەویستیانەو هەندێجاریش بۆ سوکایەتی پێکردنە .

دەکرێ هەندێ دەربڕین لەگەڵ ئەم پەیوەندییانەدا بەکاربێن بە تایبەتی (گیان ). لە بانگکردن و ناو هێنانیشدا ، ئاواز زۆر گرنگە چونکە دەکرێ سوکایەتی و توانج و پلارتێگرتنی پێ دەردەبڕدرێت .

## دەربڕینە نازمانییەکان (جوڵە جەستەییەکان ):

بریتین لەو جوڵە واتادارانەی کە ئەندامانی لەشی مرۆڤ ، وەك نامەیەکی بێدەنگ لە جیاتی دەربڕینە زمانییەکان ، ئەنجامیان دەدەن . بۆیە بە زمانی جەستە یان جوڵە جەستەییەکان و پەیوەندیە گۆنەکراوەکان ناودەبرێن . واتە زمانی جەستە یان دەربڕینی نازمانی ، بریتییە لە گەیاندنی زانیاریەك لەلایەن مرۆڤەوە لە ڕێی هەندێ هێماو بزواندنی ئەندامانی لەشەوە [1].

مەبەست لە جوڵەی واتاداری ئەندامانی لەش ، ئەو هێماو نیشانانەن کە لەگەڵ ئاخاوتنی مرۆڤدا دەکرێن ( هەندێجاریش بەبێ ئاخاوتن )، کە کۆمەڵ لەسەر واتاکانیان ڕێککەوتوون و تێیاندەگەن . جوڵەجەستەییەکان ، سیستەمێکی تایبەتن و پەیوەندییان بە دابونەریتە کۆمەڵایەتی و شارستانییەکانی گەلێکی دیاریکراوەوە هەیە. لە کۆمەڵ و کلتورێکەوە بۆ یەکێکی تر دەشێ جیاوازبن و هەیشیانە زۆر بلاّوو گشتگیرن، بۆ نموونە زەردەخەنە زۆر واتای جیاواز دەبەخشێ، بەشێوەیەکی گشتی مانای خۆشی و شادی دەگەیەنێت بەلاّم لە کۆمەڵ و هەڵوێستێکەوە بۆ یەکێکی تر واتای جیاواز دەگەیەنێت ، وەك خۆشویستن، گاڵتەپێکردن، ڕازیبوون و ڕازینەبوون، گومانکردن و پۆزلێدان و سادەیی و ... هەروەها زەردەخەنەی ژنێك بۆ پیاوێکی نەناسراو لە کۆمەڵێکدا پەسەند نییەو لە کۆمەڵێکی پێشکەوتوودا ئاساییەو نیشانەیەکی شارستانییە. جگە لەوەی کە جوڵەکانی چاوو برۆو برژانگەکانیش لە بەکارهێنانیاندا لەلای ژن و پیاو مانای جیاواز دەبەخشن[2] ، بەلاّم هەندێ جوڵەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ هەن کە تایبەتن بە تاکەکە خۆیەوە، یان لە ئەنجامی کردارە فسیۆلۆجییەکانەوە ڕودەدەن و لە ژێر کۆنترۆڵی تاکدانین ئەمانە دەربڕینە نازمانیەکان نایانگرێتەوە. بۆ نموونە هەندێکەس چاویان زیاد لە پێویست ئەتروکێنن یان دەیکەنەوە ، یان شانیان جوڵەیەکی خۆنەویست دەکات ، یان جوڵەیەك لە ئەنجامی گرژبوونی ماسولکەکانی دەموچاودا ڕودەدات ... ئەمانە واتادارنین بەڵکو بەشێکن لەڕەفتاری تاك و لەوانەشە هۆکارێکی دەروونییان لە پشتەوە بێت .

---

(١) محەمەد ئەمین حسەین – زمانی جەستە – ل ١٧ .

(٢) هادي نهر – علم اللغة الاجتماعي عندالعرب– ل ١٥٤– ١٥٥ .

ڕەفتارەکانی مرۆڤ ، هەندێکیان بە ویست و ئارەزون ، واتە لەژێر کۆنترۆڵی مرۆڤ خۆیدان و لێیان بە ئاگایە، ( هەست ) لە کردن و نەکردنیاندا بەرپرسیارە . هەندێکی تریان خۆویست نین و لە ژێر کۆنترۆڵی (نەست) دان . یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی نەستیش ئەوەیە کەرێگا بە درۆو فێڵ و خەڵەتاندن نادات [١] ، واتە راستیی مرۆڤەکە دەردەخات . دەربڕینە نازمانیەکانیش و بەشێکن لەو رەفتارانەی کە لە نەستەوە دەردەچن . لەهەر بۆنەو هەڵوێستێکی رۆژانەی ژیانی مرۆڤدا ، بەگوێرەی پێویست دەتوانرێ وشەو دەربڕینەکان بەکاربهێنرێ و درۆکردن و خەڵەتاندنیش بەشێکن لە ئەرکەکانی زمان ، کە مرۆڤ بە ویستی خۆی جێبەجێیان دەکات ، بەڵام زۆر ئەستەمە بتوانرێ هەموو دەربڕینەنازمانییەکان کۆنترۆڵ بکرێن ، ( دیارە هەندێکیان نواندنیان تێدا دەکرێ ، وەکو دەربڕینە روخساریەکان کە بەئاسانی کۆنترۆڵدەکرێن ، بۆ نموونە گۆڕینی زەردەخەنە بە گرژومۆنی یان پیشاندانی خەم و پەژارە یاخود بە پێچەوانەوە ، سڕینەوەی نیشانەکانی تووڕەیی و هەڵچوون و گۆڕینیان بە زەردەخەنەیەکی دروستکراو )[٢].

یەکێك لە بنەماکانی زانستی جوڵە جەستەییەکان گۆڕینەوەی زانیاری و گەیاندنی بیرە لە رێگەی چەند هۆکارێکەوە جگە لە زمان، بۆیە جەخت لەسەر گرنگیی جوڵە جەستەییەکان لە پرۆسەی ئاخاوتندا دەکەنەوەو پێیانوایە کە هەر جوڵەیەك واتایەکی تایبەتی هەیەو دەکرێ جێگای زمان بگرنەوە یاخود تەواوکەرێکی چالاکن بۆ ئاخاوتن و روونییەکی زیاتری پێدەبەخشن، هەروەها کاتێ دەنگ نەگاتە شوێنی مەبەست، جوڵە جەستەییەکان ( لە دوورییەکی دیاریکراودا) ئەم ڕۆڵە دەبینن[٣] .

دەربڕینە نازمانییەکان ، رەنگدانەوەی باری دەروونیی تاکن و مەبەستەکانی غەمگینی ، دڵخۆشی ، تووڕەیی ، سەرسامی ، ترس ، بێزکردنەوە ، رەتکردنەوە ، رازیبوون ، دڵنیایی ، رەشبینی ، گرنگیپێنەدان ، باوەڕپێنەکردن ، نکوڵیلێکردن ، ماندوبوون ، بێتاقەتی ، بێزاربوون ، بێئارامی ، گاڵتەپێکردن ، پەشێوی ، شەرمکردن ، دانبەهەڵەدانان و خۆ بەدەستەوەدان و داوای لێبوردنکردن ، گومانکردن ... دەردەبڕن [٤].

چاو و برۆ و لوت و لێوەکان ، هەروەها دەست وپەنجەکانی مرۆڤ رۆڵێکی باڵایان هەیە لە دەربڕین و دەرخستنی باری دەروونیی قسەکەردا ، بەتایبەت لەکاتی هەڵچوون و تووڕەبوون و روگرژکردندا، یان بۆ گەیاندنی هێز بەتایبەت لەلای کەسانی رامیاریدا . جوڵە جەستەییەکان

(١) محەمەد ئەمین حسەین – زمانی جەستە – ل ٩ .

(٢) سەرچاوەی پێشو– ل ١٧٨– ١٨٢.

(٣) هادي نهر – علم اللغة الاجتماعي عندالعرب– ل ١٥٨ – ١٦٠ .

(٤) محەمەد ئەمین حسەین – زمانی جەستە – ل ٩٣-١٦٣ .

كاریگـەرییان لەسـەر گـوێگرو گەیانـدنی واتـادا هەیـە و بـاری دەروونـی و رادەی هەڵچـوونی قسـەكەر دەگەیەنن. هەندێك پێیانوایە كاتێ جوڵە جەستەییەكانی قسەكەر یان وتاربێژ زیاددەكات، كەمیی توانـای رەوانبێـژی و كاریگـەریی دەگەیـەنێت و پێویسـتی بـە ڕوونیـی زیاترهەیـە بـۆ گوێگرەكـانی[1] .

هەروەها هەستی سەركەوتن و بڕوا بەخۆبوون ، یان نواندنی بەرزیی پلەوپایەو خۆبەزلزانین بـەهۆی هێماكـانی چـاو (سـەیركردن ) و سـەرو رۆیشـتنەوە دەردەبـڕدرێن . تەنانـەت بـۆ سـەلماندنی درۆ و ڕاستیی وتەكانیقسەكەر ، دەتوانرێ دەربڕینە زمـانی و نازمانییـەكان بـەراوردبكرێن ، ئەگـەر گونجان لە نێوانیاندا نەبێت ئەوا درۆ و خەڵەتاندن لە ئارادا هەیە [2]. بۆ نموونـە لـە ستایشـی یەكێكـدا تـەنها بە چاو داگرتنێك واتای گشت دەربڕینەكە پێچەوانە دەبێتەوە .

– ئازاد كوڕێكی زیرەك و ئاقڵە .

ئەگەر چاوداگرتنێكی لەگەڵدا بێت ، ئەوا گوێگر واتای دەربڕینەكە بە پێچەوانە وەردەگرێت. واتە

– ئازاد ، كوڕێكی تەمبەڵ و لاسارە .

لەبەر ئەوە دەربڕینە نازمانییەكان گرنگیی خۆیان هەیە لە دەربڕین و گەیانـدنی واتـادا ، بۆیـە دەبـێ بەهەند وەربگیرێن چونكە لەگەڵ دەربڕینە زمانییەكان و ئاوازدا ، شێوازێكی تایبەت پێكدەهێنن .

## ئـاواز :

ئەم لێكۆڵینەوەیە تەنها باس لە كاریگەریی ئاواز لـە گەیانـدن و گـۆڕینی واتـاو دەربڕینـەكان و مەبەسـتەكانی ئاخـاوتن بـە كـورتی دەكـات ، بۆیـە لـە وردەكارییـەكانی ئـاوازو فۆنیمـە ناكەرتییـەكان نادوێ .

هـیچ كەسـێك لـە كـاتی ئاخاوتنیـدا ، هێـزو ئـاوازو هەڵوەسـتە (فۆنیمـە ناكەرتییـەكان ) ، بـە یەكسـانی بەسـەر دەربڕینەكانیـدا دابەشـناكات ، چـونكە گـەر بەوشـێوەیە بـدوێت قسـەكەرێكی ناوێزەدەبێت و دەبێتە هۆی بێزاری و وەڕسبوونی گوێگرەكانی .

خێرایی و چەندێتیی لەرینەوەی دەنگە ژێكانی مرۆڤ ، ئاوازی ئاخاوتن دروستدەكەن . هـەروەها گۆڕانكـاری لـە خێرایـی و چـەندێتیی لەرینەوەیانـدا ، دەبێتـە هـۆی گـۆڕانی ئـاوازی دەربڕینـەكان . "ئاوازی رسـتە دەوەسـتێتە سـەر ژمـارەی لەرینـەوەی دەنگـە ژێكـان لـە چركەیەكدا "[3] ، ئـاوازیش لـە

---

[1] هادي نهر – علم اللغة الاجتماعي عندالعرب– ل ١٦٠ .

[2] محەمەد ئەمین حسەین – زمانی جەستە– ل ١٧٨.

[3] محمد علي الخولي – الاصوات اللغوية – ل ١٦٩.

زۆربەی کاتدا پەیوەندیی راستەوخۆی بە واتاوە هەیە چونکە " گۆڕینی لەرینەوەی ژێکان دەبنە هۆی گۆڕانی ئاوازی رستە و هەر ئاوازەش واتایەکی جیا بە رستە دەبەخشێ "[١] .

لە ئاخاوتندا بە شێوازو ئاوازێکی دیاریکراو دەدوێین ، کە گوێگر دەتوانێ بزانێت ئەوەی دەیبیستێت پرسیارە ، یان هەواڵە ، یان سەرسوڕمان، تەنانەت ئەگەر لە ناوەڕۆکی دەربڕینەکەش تێنەگات[٢]. هەروەها لە رێگەی ئاوازی ئاخاوتنی قسەکەرەوە ، گوێگر دەزانێ کە چ کاتێ نۆرەی قسەکردن و وەلامدانەوەیەتی . واتە لە ئاوازدا ئاماژەیەك بۆ گوێگرهەیە بۆ کۆتایی ئاخاوتنی قسەکەر . لەهەمان کاتدا ئاوازی پرسیارو هەواڵگەیاندن و سەرسوڕمان و فەرمانکردن و چاکوچۆنی و هەڕەشەکردن و ئاشتکردنەوەو بێزاری و .... هەموو ئەرکەکانی زمان و بۆنە کۆمەلایەتیەکان لەیەکتری جیاوازن ، کە قسەکەری زمانەکە لە منداڵییەوە بە لاسایی و تاقیکردنەوە لە دەوروبەرەوە فێریان دەبێت[٣] . "ئاواز زانیاریەکیگرنگ پێشکەش دەکا ،کەلەهیچ سروشت و سیمایەکی دیکەی قسەدا نییە ، وەبەبێ ئەم زانیاریە سەربارەی کە ئاواز دەیبەخشێ لە قسەدا زۆر ناوردی و تەم و مژی دروست دەبێ لەوەی کە لە راستیدا هەیە"[٤].

لە زمانی کوردیشدا وەك هەموو زمانەکانی تر ، ئاواز رۆڵێکی کاریگەری هەیە بۆ تەواوکردنی واتای دەربڕینە زمانییەکان چونکە زمانی کوردی ، زمانێکی ئاوازیی چالاکە ، بەهۆی ئاوازەوە چەندین مەبەستی جیاجیا دەردەبڕدرێن کە وشەکان بەتەنیا ناتوانن ئەم مەبەستانە بگەیەنن ، لە هەمانکاتدا دەتوانرێ مەبەست و واتای پێچەوانەش بە هۆی ئاوازەوە بگەیەنرێ[٥] .

جۆراو جۆریی بۆنەکان و سروشتی دەنگە ژێکان ، ئاوازی ئاخاوتنیان بەسەر چەند ئاستێکدا دابەشکردووە . ئاستەکانی ئاواز لە زمانی کوردیدا پەیڕەوێکی پێنج ئاوازییە ، لە دوو ئاوازی سەرەکیی ( ١ ، ٢ ) و سێ ئاوازی ناسەرەکیی ( ٣، ٤، ٥ ) پێکدێت[٦] ، کە هەریەکەیان بۆ زیاتر لە هەڵوێستێك بەکاردێن و ئاساییشە کە لەگەڵ دەربڕینێکدا چەند پلەیەکی ئاواز بەکاربێت . بۆ نموونە :

/٤/ /٥/

- وامەکە کوڕە . ( تووڕەیی ، فەرمان ، هەڕەشە )

---

(١) وریا عومەر ئەمین – چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی – ل ٢٨٩ .

(٢) محمد علي الخولي – الاصوات اللغوية – ل ١٧٠.

(٣) رەحمان ئیسماعیل حەسەن – پەیڕەوی فۆنیمە ناکەرتیەکان لە کوردیدا – ل ١٣٨–١٣٩ .

(٤) سەرچاوەیپێشو – ل ١٤٠ .

(٥) سەرچاوەیپێشو – ل ١٩٤ .

(٦) سەرچاوەیپێشو .

/٤/ /٣/

- وامەکە بابە . ( ئاگادارکردنەوە ، فەرمان ، بێزاری )

لە دەربڕینێکی وەك :

/٢/ /١/

- شــوان شەوبۆی هێنا . ( هەواڵگەیاندن )

تەنیا ئەرکی هەواڵگەیاندنی جێبەجێکردووەو بە ئاوازی /٢/ دەستپێدەکات و بە ئاوازی /١/ کۆتایی دێت، بەلاّم کاتێ خێرایی لەرینەوەی دەنگەژێکان لەسەر هەر کەرەستەیەکی دەربڕینەکە زیادبکەین ، ئەرك و واتای دەربڕینەکە دەگۆڕێت :

/٢/ /٣/

- شــوان شەوبۆی هێنا ؟ ( ئاگادارە کە بەتەمای بووە ) (پرسیار )

/٥/ /٢/ /٤/

- شــوان شەوبۆی هێنا ؟! ( یەکێکیتر بەتەمای شەوبۆ بووە ) (پرسیارو سەرسوڕمان )

/٢/ /٥/ /٤/

- شــوان شـەوبـۆی هێنا ؟! (شوان بەتەمای یەکێکی تر بووە ) (پرسیارو سەرسوڕمان )

/٥/ /٤/

- ئـــازاد وەرگـــەڕا ؟! (شوفێرێکی زۆر چاك و شارەزایە چاوەڕێی وەرگەڕانی لێناکرێت ) . (پرسیار + سەرسوڕمان + پەژارە ) .

/٥/ /٤/

- هــۆشــمەند هــات ؟! ( بەهاتنەکەی خۆشحاڵ نیە، چاوەڕێی یەکێکی تر دەکات، چەندجارێك داوای لێکراوە بێت بەلاّم پەیمانی هاتنی نەداوە) (پرسیار + سەرسوڕمان)

/٢/ /٥/ /٤/

- بەهزاد سـەیـارەی کـڕی ؟! (پارەی نەبووە ، بەتەمای خانوکڕینبووە ، یان نازانێ سەیارە لێبخوڕێت ) (پرسیار + سەرسوڕمان ) .

/٢/ /٣/ /١/

- ئاسۆ کەوەکەی بەڕەلاّکرد. (نەیفرۆشتوە،سەرینەبڕیوە، نەیداوە بەکەس) (هەواڵگەیاندن )

/٢/ /٣/ /١/

- باوکم خـانوەکەی فرۆشـت. ( بە کرێینەداوە ) (هەواڵگەیاندن )

/٢/ /١/

- مام عەلی مرد .  (هەواڵگەیاندن )

/٢/ /٣/

+ مـــــرد ؟

لە ئاوازی دەربڕینەکەوە دیارە کە مردنەکەی لە جێیخۆی بوو چونکە زۆر بەتەمەن بوو و دەمێکبوو زەلیل و چاوەڕێ بوو . بەڵام کاتێ کەسێکی نزیك یان هاوڕێیەك کە گەنجەو نەخۆش نییە و هەواڵی مردنی دەبیستن ، ئاوازی دەربڕینەکە دەگۆڕێت و واتاکەشی پێچەوانە دەبێتەوە .

– ئاراس مرد .

/٥/

+ مرد ؟!

/٢/ /٤/ /١/

کوردێکی زۆر دڵسۆزە .  ( هەرچی دڵسۆزی بێ تێیدانیە )

/٢/ /٤/ /١/

کـوڕێکی بـاشـە .  ( باش نییە )

/٢/ /٤/ /٣/

بەخوا پیاوی چاکە .  ( گاڵتە پێکردن )

هەندێجار دەربڕینێك دوو واتای دژیەك یان پێچەوانە دەبەخشێت، کە بە گوێرەی ئاوازەکەی دەزانرێ کام واتای مەبەستە. تێگەیشتنی ئەمجۆرە دەربڕینانەش لەلایەن قسەپێکەرانی زمانەکەوە ئاسانە ، بەڵام بۆ بێگانەیەك کارێکی گرانە .

– نەچی دەکەوی .

١- نەچیتە سەر دیوار ، ئەگینا دەکەوی . یان ئەگەر بچی دەکەوی . واتە (مەچۆ ).

٢- ئەگەر نەچیتە لای مامۆستا لە تاقیکردنەوەکە دەکەوی . واتە (بچۆ) .

بۆ گەیاندنی واتای یەکەم ، لەرینەوەی دەنگە ژێکان لەسەر وشەی (نەچی) دا خێرایەو زۆر بە کورتی دەردەبڕدرێت و هەڵوەستەیەك لەدوای (نەچی )دا هەیە ، ئینجا وشەی دووەم (دەکەوی ) دەردەبڕدرێت و لەرینەوە لەسەر بڕگەی کۆتایی زیاد دەکرێ . بەم شێوەیە :

/٤/ /١/ /٥/

نـــەچـــی/ دەکـــەوی .  ( + دەنگ بەرزکردنەوە )

بۆ گەیانـدنی واتـای دووەم ، لەرینـەوە لەسـەر (نەچـی)دا زیـاد دەکـرێ و ئاوازەکـەی لـە /٢- ٣/ دەبێت و وەستان لەدوای نابێت و ئاوازی( دەکەوی ) لە /٢ - ١/دەبێت .

/٢/ /٣/ /٢/ /١/

نەکەی دەتکوژم(١)/.

نـەچـی دەکـەوی .

١- نـــەڕۆی/ دەتکـــوژم . (مەڕۆ )

/٤/ /٥/

٢- نـەڕۆی دەتکـوژم/. (بڕۆ )

/٢/ /٣/ /٢/ /١/

١- نـەیـخـۆی/ دەمـری . ( مەیخۆ)

٢- نـەیـخۆی دەمـری/ . (بیخۆ)

١- نـەیـەی نـاتـدەمـێ . (مەیە)

٢- نـەیـەی نـاتـدەمـێ . ( وەرە )

١-پێویست ناکا لێیدەن.( لێیدەن)

٢- پێویست ناکا لێیدەن . (لێیمەدەن )

١-نـەکـەی لـێـتـدەدەم . (مەکە)

٢- نـەکـەی لـێـتـدەدەم . (بیکە )

## زارە کۆمەڵایەتییەکان :

زار، ئەو شێوە زمانەیە کە کۆمەڵە خەڵکێك لە سنورێکی جوگرافیـدا قسـەی پێدەکەن. خـاوەنی سیمای تایبەتی خۆیەتی ، هاوبەشی و جیاوازیی لەگەڵ زارەکانی تری هەمان زماندا هەیە.

جیـاوازیی کۆمەڵایـــەتی، دیاردەیـــەکی ئاشـــکرایەو هـــیچ کۆمـــەڵێکیش لێـــی بێبـــەش نییـــە. جۆراوجـۆریی پلەوپایـەو سـەروەت و سـامان و بنەماڵـەو موڵکـداریتی و تەنانـەت جلوبـەرگ و جـۆری هەڵسوکەوت و کـارو تەمـەن و رەگـەز، بەڵگـەی ئـەم جیاوازییـە کۆمەڵاتییـەن. هـەر چـین و توێـژێکی کۆمـەڵ تایبەتمەنـدی و هاوبەشـیی لەگـەڵ چـین و توێـژەکانی تـری هـەمان کۆمەڵـدا هەیـە و هـەموو تاکەکانی کۆمەڵیش جیاوازییـەکان دەزانـن و جێگـۆرکێ لـە چـینێکەوە بـۆ یـەکێکی تـر کـارێکی ئاسـان نییە.

زمان بابەتێکی گرنگی جیاوازیی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵەو جیاوازییـە کۆمەڵایەتییـەکان لە زماندا رەنگدەدەنەوە . هەر کۆمەڵێك بە گوێرەی باری ئابوری و پلەو دەسەلات و کاروپیشـەو پلـەی

(١) وریا عومەر ئەمین – چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی – ل ٢٩٠.

شارستانیەت و رۆشنبیری و رەگەزو چالاكییە جۆربەجۆرەكانی مرۆڤ ، بەسەر چەند چین و توێژێكدا دابەشدەبێت، كە هەریەكێك لەوانەش كاریگەرییان لەسەر زمان هەیە. بەو پێیە زمانی ئاخاوتنیش بە گوێرەی جیاوازیی چین و توێژەكانی كۆمەڵ چەند زارێكی كۆمەڵایەتی لێدەكەوێتەوە[١]. زمانی هەر تاكێكی كۆمەڵ چەند تایبەتمەندییەكی هەیە كە لە تاكێكی تری هەمان كۆمەڵی جیادەكاتەوە، بەڕادەیەك دەتوانرێ بوترێ كە هەرتاكێك لە كۆمەڵدا زمانێك یان زارێكی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە ( ڤیندریس ) دەڵێ:- " ژمارەی زمانەكان یەكسانە بە ژمارەی تاكەكانی كۆمەڵ "[٢]. تایبەتمەندییەكانی زمانی تاك ئاماژە بە پلەوپایەی كۆمەڵایەتی و چین و توێژو ناوچەو تەنانەت كاروپیشەكەشی دەكات[٣].

گۆڕینی زمانی تاك لە توێژێكەوە بۆ یەكێكی تر كارێكی ئاسان نییەو پێویستە پلە بە پلەبێت و، لەگەڵ گۆڕانی تاك خۆیدابێت. حەزكردن بە گۆڕانی كۆمەڵایەتی یان لاساییكردنەوە ، كاریگەریی زۆری لەسەر ئاخاوتنی تاك هەیە . ئەوكەسانەی كە حەز بەگۆڕان دەكەن ، یان دەیانەوێ وەكو چینێك یان توێژێكی سەرویخۆیان یاخود رۆشنبیرتر لەخۆیان رەفتاربكەن، ئەوا لەپێشەوە لاسایی ئاخاوتن و زمانەكەیان دەكەنەوەو دەربڕین و زاراوەكانی ئەوان بەكاردەهێنن بۆ خۆجیاكردنەوە لە خەڵكانی تر[٤] . كاربەدەستانی قەیسەری روس، بۆ خۆجیاكردنەوە لە میللەت، لە كۆشكەكانیاندا بەزمانی فەرەنسی دەدوان ، بەڵام نەیاندەزانی كە ئەو زمانە فەرەنسیەی ئەوان ، كرێكارەكانی ( پاریس ) یش بەكاریدەهێنن .

لە زمانی كوردیشدا، لە ئەدەبی كلاسیكی و لەناو هەندێ خەڵك و لە ئاخاوتنی ئاسایی ناو خێزانەكانیشدا، خەڵكانێك هەوڵیانداوە وشەو زاراوەی عەرەبی زۆر بەكاربهێنن بۆ پیشاندانی ئاستی خوێندەواری و پلەوپایەی خۆیان، هەروەك چۆن زۆرێك لەماڵە كوردە دەوڵەمەندەكانی هەولێر بە توركمانی قسەدەكەن. هەندێ لە رۆشنبیرانی ئێستای كورد، بۆ خۆجیاكردنەوەو پیشاندانی ئاستی رۆشنبیریی خۆیان زاراوەی ئینگلیزی لە ئاخاوتن و نوسینەكانیاندا بەكاردەهێنن، لەكاتێكدا زمانی كوردی لەم زاراوانەدا هەژارنییە، ئەمەش تەنها بۆ پۆزلێدان و خۆدەرخستنە.

لە بواری زانستی پزیشكیدا، ئێستا لە جاران زیاتر پشت بە زاراوەی ئینگلیزی و هەندێ زاراوەی جیهانی دەبەسترێ. هەرچەندە نەبوونی هەندێ زاراوەی كوردی لەم بوارەدا كێشەیەكە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاخاوتنی پزیشكان بەزمانی ئینگلیزی لە نێوان خۆیاندا، بەدەر لە ڕەچاوكردنی باری

---

(١) هادی نهر- علم اللغة الاجتماعي عند العرب - ل ١٦٦ .

(٢) سەرچاوەیپێشو - ل١٦٥.

(٣) نایف خرما- أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة - ل ٢٢٣.

(٤) محمود السعران - اللغة والمجتمع رآي ومنهج - ل ٣٤.

دەروونیی نەخۆش، جۆرێك لە خۆهەڵکێشان و خۆجیاکردنەوەی تێدایە، ئەمە لەناو میللەتانی تریشدا هەیەو لە جیاوازی نێوان چین و توێژەکاندا زۆر ڕەنگدەداتەوە.

هەندێ دەربڕین لە زماندا هەن ، کە تایبەتن بە چینێك یان توێژێکی دیاریکراو لە کۆمەڵدا، ئەم ئاخاوتن و دەربڕینانە لای توێژێکەتری هەمان کۆمەڵ نابیسترێنەوە. بۆنموونە هەندێ زاراوەو دەربڕینی وەك (بەخ، گێر، کلاج، خایس، مەکینەداگرتن، فیتپەم، کێش، لانس مردن، دەبڵ مردن، ئیسپانە، بۆش، گزۆز، لێدراو، وەرگەڕاو، صبوغ عام ، بۆیەی شەریکە ، بیلادی ... ) کەلای فیتەرو کارکەرانی بواری ئۆتۆمبیلدا بەکاردێن، هیچ کاتێ لای پزیشکەکان ، لەپیشەکەیاندا ، بەکارناهێنرێن، گەر ژمارەیەکی یەکجار کەمیشیان لێ بەکاربێن ئەوا مانایەکی جیاوازیان هەیە. بەهەمان شێوە ئەو دەربڕینانەی لای پزیشکەکان بەکاردێن، لای ئاسنگەرو دارتاش و ئەندازیاران بەکارناهێنرێن. ئەو دەربڕینانەی پیاوانی ئایینی بەکاریاندەهێنن، فیتەرو بۆیەچی و چاپچییەکان بەکاریانناهێنن، جگە لەوەی کە پیاوانی ئایینی لەنێوان خۆشیاندا بە جیاوازیی ئاین و ئاینزاو تەنانەت بنەماڵەکانیش دەربڕینەکانیان لەیەکتری جیاوازن. زاراوەو دەربڕینەکانی منداڵ زۆر جیاوازن لە هی گەورەو بەتەمەنەکان، کە ناکرێ تێکەڵبکرێن و بەبێ جیاوازی بەکاربهێنرێ . بە منداڵ دەوترێ :

- مامەکە بەسواری حەچەکە ڕۆیشت.
- بەعەیەکت بۆ دەکڕم.
- سواری دیدەکە دەبین.
- پشەکە بردی...

بەڵام هەرگیز ناشێ و بەئاسایی وەرناگیرێ کە هەمان دەربڕین ئاراستەی گەورەیەك بکرێت.

زاراوەو دەربڕینی دادگاو یاساناسەکان زۆر جیاوازن لەهی کرێکارو جوتیاران. ئەو دەربڕینانەی کە لە سوپاو بواری سەربازیدا بەکاردێن لای خوێندکاران و هونەرمەنداندا نابیسترێنەوە. بەهەمان شێوە دەربڕینەکانی وەرزشەوانان جیاوازن لەهی دوکانداران. هەرچین و توێژو گروپێك، بە گوێرەی گونجان و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بە جیاوازیی بیروباوەڕو پیشەو باری کۆمەڵایەتی و ئابوری، زمان بەکاردەهێنێت و جگە لەکاریگەریی سنوری جوگرافی و جیاوازی لەڕادەی ڕۆشنبیری و باری پەروەردەو خێزان و جۆری بیرکردنەوەو دابونەریت و حەزی تاکەکان، تەنانەت لەچۆنیەتیی گۆکردن و بەکارهێنانی دەربڕینەکاندا ، هەریەکەیان زارێکی تایبەت بەخۆیان بەکاردەهێنن، کە سیمای تایبەت بەو چین و توێژە بە دەربڕینەکانیانەوە دیارن[1] ، چونکە بنیادی هەر زمانێك پەیوەندی بە هزرو شارستانیەتی ئاخێوەرانیەوە هەیە[2] . هەر شێوازێك لەوانەی کە باسکران پێیاندەوترێ

(١) هادی نهر- علم اللغة الاجتماعي عند العرب – ل ١٦٧.

(٢) محمود السعران – اللغة والمجتمع راي ومنهج – ل ٤٠.

زارەکۆمەلأیەتییەکان، کە بریتین لە چەند شێوازێکی زمانی، کە لە جیاوازیی کۆمەلأتیی دەوروبەرو جیاوازیی بەکارهێنانی زمانەوە دروستبوون. بەدەربڕینێکیتر ، زمانی ئاخاوتن لە ولأتێك یان ناوچەیەکدا بەگوێرەی جیاوازیی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵ چەند زارێکی کۆمەلأیەتیی جیاوازی لێدەکەوێتەوە، کە هەریەکەیان تایبەتە بە چینێك یان توێژێکی کۆمەلأیەتیی ئەم کۆمەڵەوە[١]. جیاوازیی نێوان زارە کۆمەلأیەتییەکان بە زۆری لەوشارە گەورانەدا دەردەکەوێت کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرن و جوڵەی ئابوورییان چالاکەو جۆراوجۆریی کاروپیشەش تیایدا بەرچاوە، هەروەها کێشەی چینایەتی لایەنێکی بەهێزی ژیانی کۆمەلأیەتیی ئەو کۆمەڵەیە[٢] ، بەلأم لەلادێدا کەهەموویان جوتیار یان شوانن ئەم جیاوازییە بەرچاوناکەوێ . کەرەستە زمانییەکان بەگشتی لەبەردەستی کۆمەڵدان، بەلأم جیاوازیی چینایەتی لە هەڵبژاردن و چۆنیەتیی بەکارهێنانیاندایە[٣]. جیاوازیی ناوچەکان لەیەکتری و تایبەتمەندییەکانیان ، دەبنە هۆی دروستبوونی زارە ناوچەییەکان( شێوەزارەکان)، بەلأم هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی زارەکۆمەلأیەتییەکان بۆ جیاوازیی نێوان چینە کۆمەلأیەتییەکانی یەك ناوچەو رادەی رۆشنبیری و کارو پیشە دەگەڕێتەوە کە لە یەکتریان جیادەکاتەوە[٤]. هەروەها زارە کۆمەلأیەتییەکان بەشێکن لە زارە ناوچەییەکان و هەردووکیشیان لە زارێکی گەورەتری زمانەکەدا ئەندامن .

زارە کۆمەلأیەتییەکان، بە جێگیری لە بارێکدا نامێننەوە، بەلکو شانبەشانی زارە ناوچەییەکان لەگۆڕاندان ، بە فراوانبوونی ناوچەی قسەپێکەرانی و گۆڕانی باری رۆشنبیری و زانیاری و داهاتنی شتی تازە و زیادبوونی ژمارەیان و چەندێتیی چالاکیەکانیان ، ئەویش لە فراوانبووندا دەبێت و بەهۆی تێکەڵبوون لەگەڵ چینەکانی ترو زمانی بێگانە، زاراوەو دەربڕینی نوێ دێتە ناو زارەکەوەو بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی کۆمەلأیەتیی چینەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت[٥] .

---

(١) علي عبدالواحد وافي- الغة والمجتمع – ل ١٧٨.

(٢) سەرچاوەی پێشو – ل ١٨٢.

(٣) رمضان عبدالتواب- المدخل الى علم اللغة ومناهج البحث اللغوي- ل ١٣٢ .

(٤) على عبدالواحد وافي – اللغة والمجتمع – ل ١٨٥.

(٥) سەرچاوەی پێشو- ل ١٨١.

## بۆنە کۆمـەڵایـەتیـیـەکان :

ئەو کۆبوونەوانەن کەئەندامانی کۆمەڵ ( قسەکەرو گوێگر ) بەشدارییان تێدادەکەن و ئاخاوتن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو دەکەن لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا. ئەم بۆنانە رۆژانە دووبارەدەبنەوەو هەریەکەشیان ئامانجێکی تایبەتیی خۆی هەیە. لەم چوارچێوە کۆمەڵایەتییەدا زمان ئەرکێکی گرنگی کۆمەڵایەتیی دەبینێت لە بەئەنجام گەیاندنی ئاخاوتنەکاندا و هێشتنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە بەردەوامی و پەرەپێدانیان یان کۆتایی پێهێنانیان.

## تایبەتمەندیی ئاخاوتن لە بۆنە کۆمـەڵایەتییەکاندا :

١- ئاخاوتنەکان شێوەی گفتوگۆ وەردەگرن . بەشداربووانی ئاخاوتن ، بەنۆرە قسەدەکەن و دەورەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن . ئاساییە گەر یەکێکیان زیاتر قسەبکات .

٢- قسەکەر گرنگییەکی تایبەت به گوێگردەدات ، سەرنجی کاردانەوەی قسەکانی خۆی دەدات لە گوێگردا ، هەروەها تێبینی ئەوکارلێکردنانە دەکات کە بەئاشکرا لەسەر دەموچاوی گوێگردا دەردەکەون .

٣- قسەکەر لەم ئاخاوتنانەدا ، هەندێ دەربڕین زۆر بەکاردەهێنێ و دووبارەیاندەکاتەوە وەکو تێگەیشتی ؟ وایە یان نا ؟ وانییە ؟

گوێگریش بە چەند دەربڕینێك قسەکەر دڵنیا دەکاتەوە کە ئاگای لێیەتی ، وەك ( بەڵێ ، وایە ، راستە ، چاکتکرد ، جێیخۆیەتی ، ئیشێکی باشتکرد ، دەستتخۆشبێ ... ) هەندێجاریش بە جوڵەی ( سەر ، دەست ، دەم و چاو ) رازیبوون و رەتکردنەوە یان سەرسوڕمان پیشاندەدات . لەم کاتانەدا گەر قسەکەر هەستبکات خێرا قسەدەکات ، ئەوا خاویدەکاتەوە ، هەنێجاریش گوێیپێنادات و بەپەلە قسەکانی تەواودەکات .

٤- هەرکاتێ گوێگر بە پێویستی زانی ، یان ئارەزوی قسەکردنیکرد ، سود لە دەرفەتی وەستانی قسەکەر وەردەگرێت و بەهەندێ دەربڕین دەستپێدەکات ، وەك : بە یارمەتیت ، یارمەتی هەیە؟ ببورە ، گەریارمەتیم بدەیت ، رایەکم هەیە ، سەرنجێکم هەیە ، وایبۆدەچم ، پێموایە ، دەزانی چۆن؟ ... هەندێجاریش قسەکەر خۆی گوێگر بۆ ناو ئاخاوتنەکە ڕادەکێشێ بۆ بەشداریکردن : تۆ دەڵێی چی؟ بەڕای تۆ چیبکەم باشە ؟ لەگەڵمایت یان نا ؟ ... هەروەها هێماکانی چاو یان سەیرکردن ، رۆڵێکی بەرچاو دەبینن لە گۆڕینەوەی نۆرە لەنێوان قسەکەرو گوێگردا. کاتێ قسەکەر وتەکانی تەواو دەکات سەیری چاوی گوێگردەکات بەمانای ئەوەی نۆرەی قسەکردنتە ، یان گوێگر سەیری خوارەوە دەکات کاتێ خەریکە دەست بەقسەکردن بکات . لە هەندێ شوێندا هێمای تر

بەكاردێت بۆ گۆڕینەوەی رۆڵی قسەكەرو گوێگر بۆنموونە كاتێ گوێگر لە پەرلەمان و خوێندنگەو زانكۆو كۆنگرەكاندا بیەوێ قسە بكات ، دەست بەرز دەكاتەوە . یان جوڵانەوە لەسەر كورسی و خۆبردنە پێشەوە لە دانیشتندا ، یاخود كۆكین بەمەبەستی ئامادەبوون بۆ قسەكردن بەكاردەهێنرێن[1]. بەشێوەیەكی گشتی لەم ئاخاوتنانەدا هەندێ دەربڕین بەكاردەهێنرێن وەك ( بەهەرحاڵ ، هەرچۆنێك بێت ، دەی خواكەریمە ، دوایی قسەی لێدەكەینەوە ، بابزانین چۆن دەبێ ، بۆ كاتێكی تر ، كێشەیەك نییە زۆر خۆتی پێخەریك مەكە .... )

هەندێ بۆنەی كۆمەڵایەتیی تر هەن كە لە هەندێ لە سەرچاوەكاندا بە بۆنە گشتییەكان ناوبراون، وەك بۆنەی ئاینیو بۆنەی رامیاری و كۆڕو كۆبوونەوەو سمینارەكان، كە لە راستیدا هەر بۆنەی كۆمەڵایەتین و هەمان پەسنی بۆنە كۆمەڵایەتییەكانیان هەیە، لەگەڵ هەندێ تایبەتمەندیی تر. ئەم بۆنانە رۆژانە دووبارە نابنەوەو كاتەكانیان تاڕادەیەك دیاریكراوو زانراون. هەروەها لە بوارێكی فراوانتردا ئەنجامدەدرێن . هەندێ زاراوەو دەربڕینی تایبەتییان هەیە كە لە بۆنە كۆمەڵایەتییەكانی تردا كەمتر بەكاردێن ، وەكو وتاری ئاینی و رامیاری كەبەزۆری قسەكەر هەرقسەكەرەو گوێگریش، گوێگر. گفتوگۆیان زۆر كەمتر تێدەكەوێت. قسەكەر هەوڵدەدات بە زمانێكی ستاندەر قسەبكات و لە دەربڕینە سادەو بازاڕییەكان دووربكەوێتەوە، هەرچەندە هەندێجار بۆ خۆنزیككردنەوەو خۆ بەسادەپیشاندان و هەندێجاریش بەبێ ویستی خۆی دەربڕینی تایبەت بەشێوەزارەكان یان زارە كۆمەڵایەتییەكان بەكاردەهێنێت ، بەڵام بەردەوام لە هەوڵی بە ستاندەركردنی وتەكانیەتی. هەروەها دووبارەكردنەوەی هەندێ لە دەربڕینەكان بەمەبەستی جەختكردنەوە لەم بۆنانەداو هەڵبژاردنی دەربڕینی كاریگەر بۆوروژاندنی بەرامبەر كە ئەمەش ئەركێكی زمانە، لەگەڵ بە گەورە پیشاندانی بەرامبەر بە بەكارهێنانی جێناوە كەسییەكانی كۆ لە جێگای تاكدا ، سیمایەكی دیاری ئەم بۆنانەن. لەم باسەشدا نموونەی ئەركەكانی زمان لەو بۆنانەی كە باسكراون بەبێ جیاوازیی بۆنەكان خراونەتەڕوو و هەموویان هەر بەبۆنەی كۆمەڵایەتی دانراون.

---

(1) هدسن – علم اللغة الاجتماعي – ل ٢٣٠ – ٢٣١.

**رازیکردن :**

بەشێکی زۆری ژیانی رۆژانەی مرۆڤ ، دەوەسێتەسەر رازیکردن . مەبەست لەوەیە کە قسەکەر تاچ ڕادەیەك دەتوانێ لەرێگەی زمانەوە گوێگر رازیبکات ؟ واتە یەکێك لە ئەرکە گرنگەکان کە زمان جێبەجێیاندەکات، رازیکردنە ، کە پێویستی بە شارەزایی و لێهاتویی قسەکەر هەیە لە هەڵبژاردنی دەربڕینەکاندا بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی و جێبەجێکردنی ئامانجی ئاخاوتنەکە کە رازیکردنی بەرامبەرەکەیەتی .

بۆ جێبەجێکردنی زۆربەی کارەکانی رۆژانەمان لەناوکۆمەڵدا، کە پێویستی بە بەشداربوونی تاکێکی تری کۆمەڵ هەبێت، ئەرکی رازیکردن دێتە ناوەوە. هەر لە کڕین فرۆشتن و کاری فەرمانگەکان و کۆڕو سیمینارو پەیوەندیی نێوان هاوسەرەکان و منداڵەکانیان و دراوسێ و پەیوەندیی نێوان مامۆستاو خوێندکار، دکتۆرو نەخۆش تا دەگاتە پەیوەندیی خۆشەویستیی نێوان کوڕو کچێك، پێویستە یەکتری رازیبکەن. لە هەموو ئەو ئاخاوتنانەشدا پەیوەندیی نێوان قسەکەرو گوێگر و باری دەروونییان، ئاستی خوێندەوارییان، دەسەڵات و پلەوپایەی کۆمەڵایەتییان ، تەمەن و رەگەزو پلەی شارستانیەتییان، لەگەڵ بۆنەو کات و شوێن و ئامانجی ئاخاوتنەکە، رۆڵ دەبینن لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی دەربڕینەکاندا و ئاراستەی ئاخاوتنەکەش دیاری دەکەن. گەر زیاتر بچینە ناو مەبەستی رازیکردن و رۆڵی زمان تیایدا دەربخەین ، ئەوا پێویستیمان بەچەند هەڵوێست و بۆنەیەك دەبێت. بۆنموونە ئەو گەنجانەی کە لە ساڵانی رابردودا چوون بۆدەرەوەی وڵات، زۆربەیان دایکوباوك یان کەسوکاری خۆیان رازیکردووە یان هەوڵیانداوە رازییان بکەن ئینجا بڕۆن. لەکاتێکدا کە جیاوازی لە تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی بەشداربووانی ئاخاوتنەکەدا هەیە :

- کوا لێرە ژیان هەیە ؟!
- لەبەر شەڕو ناخۆشی ، نازانی بیر لەچی بکەیتەوە !
- جا حزبەکان لەبەر دروستکردنی هێزو ملیشیا ، بیر لە ژیان و موچەی خەڵکی دەکەنەوە ؟!
- دەچم وەکو مرۆڤ بژیم .
- لەوێ ببم بە قاپشۆر ، زۆر لەوە خۆشتر و چاکترە کە لێرە لە سەیتەرەیەك لەسەر رەنگی کراسەکەم سوکایەتیم پێبکەن و بمگرن .
- لێرە چیبکەم ؟ بەچی بژیم ؟ بەچوار مامۆستا موچەی پۆلیسێکیان نییە !
- هیچ کاتێ بەتەمای خۆم نیم ، هەرنەبێ لەکۆڵ ئەو شەڕو کوشتارە دەبمەوە .
- تا خەریجێکی زانکۆ دادەمەزرێنن سێچوار هێزو سوپای چەکدار دادەمەزرێنن .
- ئازادی برادەرم پێیوتم پارمەتیت دەدەم، بەس بگەیتە یۆنان ، لەوێوە هەقی هیچت نەبێ من راتدەکێشم و هەموو شتت بۆ تەرتیب دەکەم. ئەوە دووساڵە ئیقامەی هەیە، خانوشی کڕی .

- قاچاغچیەك دەناسم تا ناو ئەسینام دەبات بە گەرەنتی .
- خەمی قاچاغچیتان نەبێ ، چەند وەجبەی بردووە تا ئێستا کەسی لێنەگیراوە .

گەر دایك و باوکەکە بیانەوێ کوڕەکەیان رازیبکەن بۆ ئەوەی نەڕوات :-

+ بەرد لە جێی خۆی سەنگینە .

+ کوڕم ، رێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە گەڕ دەبێت .

+ کوڕم ، هیچ نەبێ لێرە مامۆستایت و شەهادەیەکت هەیە، خۆ لەوێ هیچ حیسابێکت بۆ ناکەن !

+رۆڵە غەریبی زۆر سەختە بەرگە ناگریت، تۆ رۆژێك لە ماڵەوە دوورنەبوویت، هەرشتێك بێت هەر لەناو کەسوکاری خۆت بیت باشترە .

+ توشی داوی قاچاغچیمان مەکە رجات لێدەکەم .

+ پێت ناخۆش نەبێ ، تۆ کلکی کەر بە دەستەسڕ ئەگری، پێم ناڵێی چۆن بەرگەی رێگاوبانی قاچاغ دەگریت ؟

+ چاومان لە دەستی تۆ نییە کارمان بۆ بکەیت ، دانیشە مەڕۆ .

+ مەڕ بە پێی خۆی و بزن بە پێی خۆی، تۆ چاو لە خەڵکی تر مەکە .

گەر قسەکەرو گوێگر تەنها دایك و باوکەکەبن :

د/ ئێ پیاوەکە دەلێیگەڕێ با بڕوا ، گەنجەو برادەرەکانی گشتی رۆشتوون و ئێ بەخوا قسەکانیشی راستن ، لێرە بەر گوللەیەکی وێڵ بکەوێ ئەڵێی چی ؟

ب/ کچێ ئاخر وانییە ، ئەی ئەگەر لە رێگا شتێکی لێهات تۆ ئەڵێی چی ؟ ئێ خۆت ئەزانی تا گوێرەکە بەگا ئەکەیت خوێنی خۆت بە ئاوئەکەیت ، قابیلە جەرگی خۆم بێت و دڵم پێوەی نەبێت؟

د/ دە خوا گەورەیە، با بزانین چۆن ئەبێ ئیشاڵلا .

بەڵام گەر دایك و باوکەکە ویستیان منداڵەکەیان رازیبکەن کە بڕوات :

- چیت لە (.....) کەمترە ؟ بستە منداڵێکە هەموو عائیلەکەیان بەخێودەکات، هەموو خزمەکانیشی خەنی کردووە.
- خانوەکەت بۆ رەهندەکەم، تۆش پیاوبە ئاگات لێمانبێ.
- کەلوپەلی ناومالْمان هەموو فرۆشت، مەگەر ئەمساڵ خانوەکە بفرۆشین . ئەگینا بەچی بژین؟
- (کچ) بۆ شوی پێناکەی ؟ بەخوا هیچ عەیبی نییەو کوڕێکی باشە. با شەهادەشی نەبێت لێرە کێ حیساب بۆ شەهادە دەکات؟! کەس دەست نانێت بەڕوی خاریجیەکانەوە . بیکە بەڵکو دواتر

(.....) ی براشت رادەکێشێت .

گەر بێتو ئاخاوتنەکە لە نێوان دوو هاورێدابێت کە پەیوەندیی نێوانیان بەهێزو نزیکە و لە تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتدا هاوتان، ئەوا گۆڕان لە دەربڕین و شێوازیاندا رودەدات :

– کوڕە ژیان هەر لە ئەوروپا هەیە ، خزمێکمان لە سویدە هەندێ رەسمی بۆ ناردووم بیانبینی شێت دەبی. ئەو شوێنە خۆشانە ! ئەو هەمو کچە جوانە ! ...
– هەر هیچ نەبێ تۆزێ دنیا ببینین ، خۆ لێرە مردین !
– بەخوا تا لێرەبین ژنمان پێنایە .
– لەوێ پارەش پەیدا دەکەی و راشدەبوێری ، خۆ لێرە ناوێری مەرحەبای کچێك بکەی .
– درۆیەکی گەورەم رێکخستووە، ئیقامەکەم مسۆگەر دەبێ، گەر کارێکی باشیشم دەسکەوێ ئەوە سێچوار ساڵیتر دێمەوە خانوش دەکڕم و دەست لەسەر هەر کچێکیش دانێم ناڵێ نەء .
+ جا کە گەیشتیە ئەوێ ژنت بۆ چییە ؟ ئاوا سەرت رەحەتترە .
– بەس بەر تۆپانێکە نەکەوم ! ئەوەی تر کێشە نییە. سنورداشیش بکرێمەوە هێشتا باشترە !

ئەگەر باوکێك بیەوێت بڕوات و پێویست بکات منداڵەکەی رازیبکات، ئەوا پێویستە بە شێوازو ئاوازێکی ترەوە لەگەڵ منداڵەکەیدا بدوێت. ئاوازی دواندنی منداڵ، جیاوازە لە ئاوازی قسەکردن لەگەڵ بەتەمەنێکدا. درێژکردنەوەیەکی زیاتریان تێدایە و خاوتر دەدوێن دەربڕینەکانیش لە دەربڕین و عەقڵ و جیهانی منداڵەوە نزیکن .

+ خاریج شوێنێکی زۆر خۆشە ، هەموو جادەو کۆڵانەکانیان پاك و خاوێنن .
+ شاری یاری لێیە بۆ مناڵان .
+ لەوێ میکانۆو جلوبەرگی جوانت بۆ دەنێرم .
+ رەسمێکی تۆش لەگەڵ خۆم دەبەم تا لەوێ پیشانیاندەم ،بڵێم کە ئەو کوڕ/کچە جوان و ئاقڵەم هەیە .
+ جا کە هاتمەوە ئێوەش دەبەم ، لەوێ دەچیتە مەکتەب و فێری ئینگلیزی دەبی و لەگەڵ مناڵانی تر دەبی بە هاوڕێ .
+ ئەو هەموو جێیە خۆشانە دەبینی . ..

تێڕوانین و بیری کۆمەڵ، رەنگدانەوەی لە رەفتاری تاکەکاندا هەیە ، زمانیش یەکێکە لەو رەفتارانەی کە لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە. بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵ پێیوایە کە دەبێ

بەتەمەنەکان گەورەو رێپیشاندەرو پێشەوابن ، بچووکەکانیش لە ژێر فەرمانی گەورەکاندابن. ئەمەش لە دەربڕیندا رەنگدەداتەوە ، کە گەورەکان فەرمان بەسەر بچووکەکاندا دەکەن و هەندێجار قسەیان پێدەبڕن و جاریواش هەیە لێیان تورە دەبن . هەڵوێستی واش هەیە کە پەیوەندییەکە ئاسایی بێت ، ئاخاوتنەکەش بە شێوەیەکی ئاسایی ئەنجام دەدرێت .

کاتێ منداڵ بۆ یەکەمجار دەچێتە خوێندنگە ، هەندێکیان دەترسن یان راڕان لە چوونە خوێندنگە . ئەمەش کاریگەریی گۆڕانی ژینگە کۆمەلایەتییەکەو ترسانە لە مامۆستا یان لە مندالآنی تر . گەر دایکوباوکێك بیانەوێ منداڵەکەیان رازیبکەن کە بچێ بۆ خوێندنگە :-

- قوتابخانە زۆر خۆشەو منالی زۆری لێیەو بەیەکەوە یاری خۆش دەکەن ، گۆرانی دەڵێن ، شت فێردەبن .
- تۆ بۆخۆت ئاقلّ و زیرەکیت ، مامۆستاکان خۆشیان دەوێی ، زووزوو چەپڵەت بۆ لێدەدەن .
- مامۆستا چیرۆکی خۆشتان بۆ دەگێرێتەوە .
- منیش لەگەڵتا دێم و لەگەڵ مامۆستاکەشتا قسەدەکەم و پێیدەڵێم (.......) زۆر زیرەك و ئاقلّ و خاوێنە ، دەبێ لە پێشەوەی دابنێی .
- جاکە گەورەبووی دەبی بە دکتۆر، گەر نەچیتە قوتابخانە دەبێ ببی بە حەماڵ یان بۆیاغچی...

گەر بیانەوێ دەرمانێك بدەن بە منداڵەکەیان کاتێ نەخۆشکەوتووە :-

- شێوازی نەرم: کاکە گیان ، رۆڵە گیان ، بابە گیان ، بەرخەکەم ، گوڵەکەم .
- پیاهەڵدان : کوڕە ئازاکەم ، کچە جوانەکەم ... دەی ئەم دەرمانە بخۆ تا چاکبیتەوە .
- شێوازی رەق :

هەندێجار شێوازی رەق یان توندو تیژ بەکاردەهێنن کە هیچ بوارێك بۆ رازیبوونی منداڵەکە نامێنێتەوە. لێرەوە ئەرکی زمان لە رازیکردنەوە دەگۆڕێت بۆ هەڕەشەکردن، لێرەدا تەمەنەکان لەیەکدوورن و دەسەلات و پلەوپایە رۆڵی سەرەکی دەبینن کە دەسەلاتدار هەڕەشە لە بێدەسەلات دەکات .

- دەرمانەکەت نەخۆی ناهێڵم یاریبکەیت .
- تۆپەکەت لێدەسەنمەوەو هەڵیدەگرم . یان دەیدەم بەو منالەی دراوسێمان .
- دەرمانەکەت نەخۆی لێتدەدەم .

## هەڵخەڵەتاندن :

هەندێ جار رازیکردن بەئەنجام ناگات بۆیە پەنا بۆ فێڵ و هەڵخەڵەتاندن دەبردرێت کە هەندێ پەیمان بەگوێگر دەدرێت و کارەکەی پێئەنجام دەدرێت و دواتریش بەڵێنەکان جێبەجێناکرێن .

- بچۆ دەرسەکەت بخوێنە ، بەیانی دەتبەم بۆ شاری یاری ( بۆ پیاسە) .
- گەر دەربچیت دەچین بۆ سەیران . یان (پاسکیلێکت بۆ دەکڕم ).
- گەر دەربچیت دەچین بۆ ماڵی پورە ( ) .
- وەرە نان بخۆ تا بەقەد منت لێبێ ، گەورەدەبی ، ئازادەبی ...

لە هەڵخەڵەتاندندا تەمەن رۆڵی زۆرە ، بەلاَم قسەکەر لە دەربڕینەکانیدا باس لەو پێویستییانە دەکات کە گوێگر ئارەزوویاندەکات و پێویستی پێیانە و جێبەجێکردنیشیان لەتوانای گوێگردانییە، بۆیە بە قسەکانی فریودەخوات، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە کە تەنها منداڵ هەڵبخەڵەتێنرێ. کاریگەریی دەربڕینەکان، بەتەمەنەکانیش هەڵدەخەڵەتێنێ. لە مەولودا باس لە هەڵخەڵەتاندنی ئادەم و حەوا دەکرێ لە لایەن شەیتانەوە[(١)]:

دیتیان یەکێك لەبن داری گەنمی دانیشتووە بە زوبان / دەکا زیکری مەلیکی مەننان / لەگەڵیان کەوتە قسان / گوتی بۆچی لەبەری ئەم دارە ناخۆن چ لوقمان؟ / گوتیان نەهی لە خواردنی کردووە خواوەندی رەحمان / گوتی ئێوە فەقیرن و هیچ نەزان/ جارێ دەستی کرد بە سوندان / رەبی لەبنی گێیدا سێ سندان/گوتی ناوی ئەو دارەی ( شجرة الخلد )ە قەسەم بە زاتی ئەحەد / من ناصیحێکی ئەمینم و بێ حەسەد/ هەرکەسێکی لەبەری ئەو دارەی بخوا لەبەهەشتدا دەبێ موخەللەد / تەئسیری لێکردن وەسوەسەی شەیتانی بەد .........

مرۆڤی هەڵخەڵەتێنەر لە کۆمەڵدا خۆشەویست نییەو هەموو کاتێ بە زیرەکی بۆی لێکنادرێتەوە. زۆر جار دەوترێ ( لەکەر وایە کەس بیر ناکاتەوە ) .

## رۆڵی رەگەز لە ئاخاوتندا :

رەگەز، رۆڵی زۆرە لە دروستکردنی جیاوازی لە شێوازو دەربڕینەکاندا. هەندێ دەربڕین لەفەرهەنگی ژندا هەیە ، لەهی پیاودا نییە ، وەکو ( باوانت شێوێ ، دایکت بمرێ ، کوێراییم دایە ، سەری زمانت بەبڕین چێ ، سەرت لەهەشێ نێی ، جەرگت نەسوتێ ، سکت نەسوتێ ... ) هەروەها جیاوازیی رەگەزی قسەکەر و گوێگر، جیاوازی دەخاتە بەکارهێنانی دەربڕینەکانەوە . گەر کوڕێك

---

(١) حاجی مەلا عبدالله جەلی – مەولودنامەی کوردی – ل ٣١-٣٢ .

هەستی خۆشەویستی بەرامبەر کچێکی هاوڕێی خۆی هەبێت، ئەوا شێوازو دەربڕینەکانی کە لەلای کوڕێکی هاوڕێی دەریدەبڕێت، جیاوازە لەوەی کە لەگەڵ کچەکەدا دەدوێت . هەروەها کاتێ کچێك لەگەڵ کوڕێدا قسەدەکات شێوازو دەربڕینەکانی زۆر جیاوازن لەوەی کە لەگەڵ کچێکدا قسەدەکات:

کوڕ – کوڕ

- (........) تەختیکردوم ، ئاگام لە دنیا نەماوە بەخوا .
- زۆر خراپ بۆی لێدراوم .
- کە جارجار سەیرم دەکات ئەوەندەی تر ئاگرم تێبەردەدات .
- هەندێجار واهەستدەکەم ئەویش وەك منە ، بەلاَم هەر ناوێرم پێشی بڵێم ، دەترسم دوایی ئەوەندە چاکوچۆنیەشمان نەمێنێ .
- کە بەتەنیام خۆم ئازادەکەم دەڵێم هەرپێیدەڵێم ، بەلاَم کە دەیبینم هەرچەنددەکەم غیرەتەکە نایکا .

کوڕ – کچ

( سەرەتای ئاخاوتن )

- ئەم کاتەت باش (          ) خان .
- بۆ وا بێتاقەتی ؟ خۆ نەخۆشنیت ؟
- ئیشالاَ قەت نەخۆشنابیت .
-دوێنێ نەهاتبووی، ئێرەت چۆڵکردبوو .
- دەمێکە شتێکم لە دڵدایە دەمەوێ لەگەڵتا باسیبکەم ...
- هەستێکم بەرامبەر تۆ هەیە کە دەربڕینی بە تەنها وشەیەك زۆر زەحمەتە .
- تۆ کچێکی ئاقڵ و رێکوپێکیت و بنەماڵەکەشتان بنەماڵەیەکی دیارن .

(ناوەڕاستی ئاخاوتن )

- بۆخۆت دەزانی کە هەموو کوڕو کچێك ژنهێنان و شوکردنی لە پێشە ، چونکە ژیان بەتەنهایی ناچێتەسەر ، بەلاَم گرنگ ئەوەیە کە بزانین کێ هەڵدەبژێرین ، چونکە ئەم مەسەلەیە بۆ ڕۆژێکودووان نییە ... پێشم وایە کە هەر هەڵبژاردنێك هەست و خۆشەویستی لەگەڵدا نەبێت ، سەرکەوتو و نابێت ... منیش ئەو هەست و سۆزەم تەنیا بەرامبەر تۆ هەیەو حەزدەکەم پەیوەندییەکی خۆشەویستیی پاك و بەهێز لە نێوانماندا هەبێت تاکو ببێتە بناغەیەك بۆ ژیانی دوارۆژمان ...

( کۆتایی ئاخاوتن )

- جا حەزدەکەم کەباش بیری لێبکەیەوە ئینجا وەڵامم بدەیەوە ، دڵنیاشت دەکەمەوە کە هیچ کەسێکم هێندەی تۆ خۆشناوێت .

کچ – کوڕ

- بەخوا هێشتا زووە بۆ ئەو مەوزوعانە ، جارێ بیرم لەم شتانە نەکردۆتەوە. زۆریش باوەڕم بە خۆشەویستی و شتیوانییە. پێموایە کە کوڕان لەسەرەتادا هەروان، بەڵام دوایی وا نامێنن .
- ناتوانم بێپرسی ماڵەوە هیچ بڕیارێکبدەم و هێشتا خوشك و برای ترم لە پێشە. لە راستیشدا ، نامەوێ خۆم بەکەسەوە ببەستمەوە . خۆ هێشتا زووشە بۆ وا بەپەلەی ؟

کچ – کچ

- وەرە قسەت بۆ بکەم ، (          )م چاك شێتکردووە . قسەی لەگەڵدا کردم هەروەختبوو بەچاو بمخوات ، خواخوامبوو زوو قسەکانی تەواوکا، بەڵام بە خوا قسەی وایدەکرد و شتیوایدەوت تەزوم پێدا دەهات. زۆری لەگەڵدا کردم کە تەنها یەکقسەی پێبدەم ، بەڵام هیچم پێنەوت ، ( R )ێکم دایە بەڵام نەمهێشت هەستی برینداربێت . باجارێ بۆخۆی لە شەحن بێت.

## تەمەن :

کچ – دایك

گەر کچێك بیەوێ بە دایکی بڵێت کە (کە کوڕێك دەیەوێ داوامبکات و منیش پێم خۆشە ) ، بێگومان لە تەمەندا جیاوازن . گەر بێتو پەیوەندیی نێوانیشیان ( کچ و دایك ) لاوازو سنورداربێت بە شێوەیەك کە نەتوانێ بە راشکاوی مەبەستەکەی بخاتەڕو ، ئەوا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بۆ مەبەستەکە دەچێت :

- دایکە ، ماڵی (.....) ماڵێکی چۆنن ؟
- کوڕێکیان لەگەڵ ئێمەیە لە دائیرە ، ناوی (.......) یە ، زانکۆشی تەواوکردوە و کوڕێکی زۆرباشە . کچەکان زۆر باسیدەکەن و دەوروخولی دەدەن ، بەڵام پێناچێت ئەو بەتەنگ هیچیانەوەبێت... لە ئیشوکاری دائیرەش زۆر یارمەتیم دەدات ... دەیگوت ئێمە ناسیاوەتی کۆنمان لەگەڵ ئێوەدا هەیە ...

دوو دەستە خوشك :

کاتێ لەگەڵ هاوڕێیەکی هاوتەمەن و هاوڕەگەزی خۆیدا، کە پەیوەندییان بەهێزە، قسەدەکات ، دەربڕینەکان جیاوازن :

- دەزانی (.......) مەسەلەکەی لەگەڵدا باسکردم ؟
- دوێنێ بەیەکەوە دانیشتین و قسەمانکرد ، دەیەوێ داوامبکات .
- بیرم لێکردۆتەوەو زۆریشم پێخۆشە ... کوڕێکی بەشەخسیەت و قۆزە و زۆرم رالێیەتی .
- (ئەو چەتیموتارانەی کن خۆمان وازیلێنایىن ) کۆیە — هەولێر

## پلەوپایەی کۆمەڵایەتی :

گەر پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی ماڵی کچەکە لە هی ماڵی کوڕەکە بەرزتربێت، دایکەکە بەم دەربڕینانە وەڵام دەداتەوە ئاوازەکەیشی سوکایەتیپێکردنی پێوەدیارە :

- کوڕی (........) فەراش ؟
- کوڕی (........) چایچی ؟
- جا بۆ یارمەتیت نەدات ؟ خۆ هەر بەنان و چێشتی خۆمان گەورەبووە .

بەڵام گەر پلەو پایەی ماڵی کوڕەکە بەرزتربێت ، شێوازو دەربڕینەکان دەگۆڕێن .

- ماڵی کاك ( ) بەزاز ؟
- ماڵی دکتۆر ( ) ؟
- ماڵێکی زۆر خانەدانن ، جا کەی ئەوان رەفیقی ئەو کچانەی ئێوەن .

ئێ کوڕێکی چۆنە ؟ قۆزە ؟ وتت ناوی چییە ؟

لە بواری سەربازیدا، پلەوپایە ، دەسەڵات دیاریدەکات و رۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە پەیوەندیی نێوان کارمەندانی ئەم بوارەدا . هەموو کاتێك پلەی بەرزتر فەرمان بەسەر پلەکانی خوار خۆیەوە دەکات و خوارەوەش بە زۆری داوا ، یان تکا لەسەرەوە دەکات . تەمەن و رێزگرتن و ... زۆر لە پەراوێزدان . دەربڕینەکانی ( گەورەم ، سەیدی ) هەروەها پلە سەربازییەکانی ( موفەوەز ، ملازم ، رائید ... ) زۆر بەکاردەهێنرێن . لە دەربڕینە نازمانییەکانیش، سلاّوی سەربازی لەگەڵ هەر چوونە ژوورەوەیەك و هاتنە دەرەوەیەك یان یەکتر بینینێکدا بەکاردێت .

**ئەفسەر – پۆلیس :**

+ کامەران .
– بەڵێ گەورەم .
+ بە مفەوەز ئازاد بڵێ فایلی بەندکراوەکانم بۆ ئامادە بکات .
– بەڵێ گەورەم بەسەرچاو .
+ بەس بە زوویی . رائید (..........) داوای کردووە .
– بەسەرچاو گەورەم .
( زەنگێك )
– فەرموو گەورەم .
+ کوا بۆ نەتهێنان ؟
– گەورەم مفەوەز ئازاد هێشتا ئامادەی نەکردوون .
+ خێراکە بڕۆ بیانهێنە. ( دەنگێکی بەرز + ئاوازێکی هەڕەشە ئامێزو تووڕە + چاو مۆڕکردنەوە + برۆکان لەیەك نزیك دەبنەوە + دەست بەرزکردنەوە بە مانای بڕۆ )
- باشە گەورەم .

**هەمان ئەفسەر – رائیدێك :**

+ بەیانیت باش گەورەم .
– بەیانیت باش .
+ فەرموو گەورەم ئەوە هەرچوار فایلەکەی داواتکردبوون .
– باشە دەسخۆش .
+ دووانیان کێشەکەیان لە تەواو بووندایە ، بەلاّم دووانەکەی تریان
– خۆم سەیریان دەکەم و دەیانخوێنمەوە .
+ زۆر چاکە گەورەم .
– حاڵی ناو بەندیخانە چۆنە ؟
+ زۆر باشە قوربان ، خواردن و کەلوپەلیان گشتی بۆ ئامادەکراوە .
– رۆژانە لەدوای دەوام، سەعاتێك بیانهێنننە دەرەوە.
+ بەسەرچاو گەورەم .
– بەلاّم سەردان و چاوپێکەوتنیان نییە لەکاتی خۆیدا نەبێت ، یان بە ئاگاداریی خۆم .

+ هەر وابووە گەورەم .
– نا، وانەبووە .
+ بەڵێ گەورەم فەرمانی جەنابتانە . هیچ ئەمرێکی ترتان نەبوو ؟
- سوپاس دەتوانی بڕۆی .

## خوازبێنی :

بۆنەیەکی کۆمەلایەتییە و کەشێکی ئاینی پێوەدیارە ، بەهۆی ئامادەبوونی مامۆستایەکی ئاینی و خوێندنەوەی چەند ئایەت و فەرموودەیەك و دواتریش ﴿ فاتیحا ﴾ و دوعاکردنەکان، بەلام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەهۆی جیاوازیی پلەی رۆشنبیری و شارستانیەتەوە ، جیاوازی دەکەوێتە نێوان دەربڕینەکانی دانیشتوانی شارولادێ لەم بۆنەیەدا، بەلام هەردوولا لەپیاهەڵداندا هاوبەشن .

لە خوازبێنی لادێدا ( مامۆستای ئایینی قسەدەکات) بە ماڵی کچەکە دەوترێ :

– ئێمە بۆ کاری خێر هاتووین . کاری خێریش خوای گەورە پێیخۆشەو قەڵەمی لێدەدات .

خوای گەورە بە پێغەمبەرانی خۆی راگەیاندووەو پێغەمبەری نازداری خۆشمان (عەلەیهی سەلاتو وەسەلام ) بە ئێمەی راگەیاندووە کە کاری خێر بە زوویی راپەڕێنن و فەرموویەتی کە هەر کاتێ کوڕتان کاتی ژنهێنانی بوو ، ژنی بۆ بهێنن و کچیشتان لەکاتی خۆیدا بە مێردبدەن .

ئێوەش کە بنەماڵەیەکی ئیماندارو لە خواترسن ، هەر لە کۆنەوە ساحێب دیوەخان بوون و نانەرو ئازاو رەشیدن ... ئێمەش کۆبووینەتەوەو هاتوینە خزمەتتان تا (...... ) کوڕی (.......) بکەن بە کوڕی خۆتان .

+ بەخێربێن یاخوا . هەمووشتێك نسیبی خوایە ، گەر خوا بەنسیبی کردبێت ئێمەش قبوڵمانەو ئیشالڵا بە دڵی خۆمان دەبێ ، خوا موبارەکی کا .

گەر بۆنەکە لە نێوان دانیشتوانی شاردابێت ، ئەوا یەکەمجار ژنان بەکارەکە هەڵدەستن :

– بۆ ئیشێکی خێرهاتووین . پێمان خۆشە (......) کوڕمان بکەن بە کوڕی خۆتان و (.....) خانی پێبدەن .

+ بەخێربێن سەرچاو ، بۆخۆتان دەزانن دەبێ رای باوك و برای وەرگرین و رای کچەکەش شەرتە . دوای هەفتەیەکی تر جوابتان دەدەینەوە .

لە کۆبوونەوەی پیاوانیشدا ئەم دەربڕینانە دەوترێن :

– ئێمە بۆ کارێکی خێر هاتووین . حەزمان لە خزمایەتی و دۆستایەتی ئێوەیە ، ئێوەش کە بنەماڵەیەکی خانەدان و بەڕێزی ئەم شارەن ، گەورەماندەکەن گەر خزمایەتیمان قبوڵبکەن و (.....) بکەن بە کوڕی خۆتان .

+ بە خێربێن سەر سەرو سەرچاومان ، چ کوڕو چ کچ ،پێویستە بچنە ڕێی خۆیان بیشیدەین بە کوڕێکی باش و ناسراو باشترە لەوەی کە نەیناسین. ئێمە تەنها بەختەوەری و خۆشی ئەوانمان دەوێ . پێشکەشی بێت و پیرۆزە .

## یەکترناسین :

( کوڕ – کوڕ )

- خۆشحاڵم .
+ هەروەها منیش .
– ئارازی برا بچوکت
+کامەران . ببورە براگەورەی ، بەڕێزی.

( کوڕ – کچ )

– زۆر خۆشحاڵبووم بە ناسینت .
+ منیش هەروەها .

( کچ – کوڕ )

+ پێخۆشحاڵبووم بە ناسینت .
– من زیاتر .

گەر جیاوازی لە بەرزی و نزمیی پلەوپایەی کۆمەڵایەتیدا هەبێت، ئەوا زۆر جار خۆبچوککردنەوەی قسەکەرو زیادلەپێویستگەورەکردنی بەرامبەری لێدەکەوێتەوە کە بە ماستاوکردن دادەنرێت .

خۆ بچوککردنەوە :

– بە خزمەتی بەڕێزتان نەگەیشتووم .
– گەورەبووم بە ناسینی بەڕێزتان .
– یەکجار خۆشحاڵم کە بەخزمەتی ئێوەی بەڕێز شادبووم .
– حورمەتم بۆ جەنابتان هەیە .

بە کەمزانین :

+ بژیت .
+ ئەهلەن .

**کڕیارو فرۆشیار :**

پەیوەندیی نێوان کڕیارو فرۆشیار (گەر یەکتری نەناسن ) پەیوەندییەکی کاتییەو لەسەر بنەمای پارەیە. هەریەکێکیان دەیەوێ قازانجێکی زیاتر بەلای خۆیدا بشکێنێتەوە، هەریەکەشیان شێواز و دەربڕینی تایبەتیان هەیە. هەندێجار فرۆشیار واپیشاندەدات کە پەیوەندی بە کڕیارەکەوە بە هێزە و دەمێکە یەکتری دەناسن. زۆرجار پیاهەڵدان بە کەلوپەلەکانی دەکاتە هۆکارێك بۆ ساغکردنەوەیان، هەندێجار سوێند دەخوات ، جاریواش هەیە بە راشکاوی راستییەکان دەڵێت :

- فەرموون ، بەخێربێن سەرچاو .
- ئەوە بە (....  )یە، دەرەجە یەکە .
- لەوە چاکترو ئەصلْتری نییە ، ئەوە ئەجنەبیەکەیەتی .
- لە(....) کەمترم نەفرۆشتوە ، با بۆتۆ بە (.....)بێت .
- بەخوا زیادت پێنالێم .
- باوەڕبکە زیاترم پێداوە . قەناعەتت هەبێ خێری نییە .
- دەستنادا بەخوا .
- گەر لەهەموو بازاڕ هەرزانترنەبوو گلەیی بکە .
- لەو جۆرە نییە .
- خۆشمان لەماڵەوە هەرئەوە بەکاردەهێنین .
- منداڵەکانی خۆم هەرلەوەیان هەیە .
- بیبە گەر مانگێکی تریش عەیبی هێنا ، حەقی گلەییت هەیە .
- باوەڕت بێ مایەی خۆیەتی ، قازانجم ( خێرم ) لێوەرنەگرتووی .
- خوا نەیبڕێ – خوا بەزیادیکا – پیرۆزتان بێ – موبارەکتان بێ ...
- بەلاَم توخوا لای کەس مەڵێ بەوەندەم کڕیوە !

هەندێجار ، فرۆشیار کە بزانێ کڕیارەکەی پلەو پایەی کۆمەلاَیەتی یان کارگێڕیی تۆزێ بەرزی هەیە ، ئەوا دەربڕینەکانی ماستاوی تێدەکەوێ :

- فەرموو ، بە خێربێی سەرسەرم .
- گیان ، کامیان ؟
- ئەوە بە (.... ) .
- لە خزمەتتدام – دوکانەکەم لە خزمەتتدایە .
- ئەوە چیدەکەی ؟ بەخوالێتوەرناگرم .

- با عایدی برا بچوكت بێ .
- بە خوا حەزدەكەم .
- بە خێربێی سەرچاوم دوكانی خۆتانە .
- گەر لەماڵەوەش بە دڵتان نەبوو بینێرەوە بۆتی ئەگۆڕم ، ئەیخەمە سەر چاوم .

**کڕیار :**

- خوا بازاڕتدا . / یان ، ماندونەبی .
- ئەوە بە چەندە ؟
- بۆ ؟!
- بە (.....)نابێ ؟
- زۆر ئەسڵیش نییە .
- بە كەمتریان كڕیوە .
- بە كەمترمان بۆ حیسابكە .

زۆر جار بۆ خۆ بەگەورە دەرخستن قسەكەر تاكیش بێ بە جێناوی كۆ قسەدەكات .

هەندێجار كڕیاریش دەیەوێ پەیوەندی خۆی و فرۆشیارەكە بە نزیك پیشانبدا :

+(          ) مان هەیە ؟                    واتە خۆیشی بە خاوەن دوكان پیشاندەدات .

+ ئێمە،شت هەر لەتۆ دەكڕین بە كەمترمان بۆ دانێ .

گەر پەیوەندیی نێوان كڕیارو فرۆشیار زۆرنزیك بێت و دەمێك بێ یەكتری بناسن ، یان لەسەر بنەمای پارەو قازانج نەبێت، ئەوا پرسیارو باسی تایبەتی و خێزانی زیاتر دەبێتە بابەتی ئاخاوتن :-

- ماندونەبی ،

+ئەی بەخێربێی .

- ئەحواڵت چۆنە؟ ماڵومناڵ چۆنن ؟

+وەڵا زۆرباشین سوپاس . ئەی ئێوە چۆنن ؟

- بە خوا باشین هەروا دەبێ . ئەرێ (          ) مان هەیە ؟

+بەڵێ هەمانە .

- توخوا دوودانەم بەرێ .

+دانیشە با چایەكت بۆ بانگكەم .

- نەوەڵا درەنگە . بایی چەنە ؟

+ دەلاچۆ عەیبە ، پارەی چی ؟

– بەخوا نابێ فەرقی نییە ، گەیشت .

+وەڵا هەر بە (....) مانفرۆشتوە و بەڵام بۆ تۆ (....) بەسە .

– زۆر سوپاس سەلام لە ماڵەوە بکە .

+ بێوەی بی یاخوا . کاکە دەشەوێك دەرکەون .

## فەرمانگە :

کارمەندانیهەرفەرمانگەیەك،جۆرێك لەپەیوەندی لەنێوانیاندا دروستدەبێت کەڕەنگدانەوەی ئەم پەیوەندییە ( دووری و نزیکی ) لەئاخاوتنەکانیاندا دەردەکەوێت .

### بەڕێوەبەر – فەرمانبەر:

کاتێ پەیوەندیی نێوان بەڕێوەبەرو فەرمانبەرێك تەنها لەسەر بنەمای کاری فەرمانگە بنیادنرابێت ، شێوازی ئاخاوتنیان شێوازێکی فەرمی وەردەگرێت .

– ڕۆژباش قوربان .

+ ڕۆژباش بەخێربێی ، فەرموو .

– وەڵا منالێکمان ناساغە، بەتەمام بەیانی بیبەم بۆنەخۆشخانە ، گەر مۆڵەتی بەیانیم پێبدەن.

+ کەسیترتان نییە بیبات ؟

– نەوەڵا قوربان .

+ ئاخر ئیشمان زۆرەو خۆشت ئاگاداریت .

– برادەران گشتیان لێرەن ، خەمت نەبێ .

+ دەباشە ، عەریزەیەك بنوسە .

– سوپاس .

+ شایانی نییە .

### بەڕێوەبەر – فەرمانبەر :

گەر پەیوەندییەکە لەبواری فەرمانگە دەرچووبێت ( بەهێزبێت ) ، شەو بەتەلەفۆن ئاخاوتنەکە ئەنجام دەدرێت .

– شەوباش کاك.....

+ شەوباش کاکە..... ، ئەحواڵت ؟

- زۆرسوپاس بژیت ، ئێوە چۆنن ؟
+ وەڵاباشین سەلامەتبی .
- کاکە گیان ئەوە ( .... ) کەمێك نەخۆشە ، بەیانی دەیبەم بۆ خەستەخانە، وتم با پێت بڵێم کە ناتوانم بێم بۆ دەوام .
+ قەیچییەکا، چاکدەبێ ئیشاڵلا، چ خێریەتی سەرمای بووە ؟
- بەخوا لەوە ئەچێ .
+ هیچ پێویستییەکت نییە ؟
- نەوەڵا زۆر مەمنون . سوپاس .
+ سەرچاو .

**بەڕێوەبەر – هاووڵاتی :**

- بەیانیت باش .
+ فەرموو .
- تەلەفۆنەکەمان ئیش ناکات .
+ ژمارەتان چەندە ؟
- .......
+ قەرزارنیت ؟
- بەڕێوەلا ، بەلام دووجاری تریش هاتمە خزمەتتان و عەریزەشم نوسیبوو کە ئەو بڕە پارەیەی بۆم هاتووە گەلێ زۆرە. جەنابتان فەرمووتان چاوی پیادەخشێنینەوە ، کەچی هەر وەك خۆیەتی .
+ برۆ قەرزەکەت بدەو تەلەفۆنەکەت چاکدەبێتەوە .
- قوربان هی مانگەکانی دواتر دەدەم ، بەلام ئەویان با بمێنێ . دڵنیام کە هەڵەی تیاکراوە .
+ شتی وا نابێ کاکە گیان . ئەوە کۆمپیوتەرەو من هەڵەبکەم ئەو نایکات . حیسابەکەشت زۆر تەواوەو تا پارەکەی نەدەی خەتەکەت نادرێتەوە . ئێوە زۆر سەیرن، کرێی ساڵێکی تەلەفۆن ناکاتە مانگێکی مۆبایلەکەت . بۆچی بۆ ئەویان زۆرنییەو بۆ ئەمەیان زۆرە ؟ چونکە حکومییە؟ باشیش بزانن تا مانگێکی تر پارەکە نەدەن، لە دادگا سکاڵاتان لەسەر تۆماردەکەین و خەتەکەشتان نادرێتەوە .
- ئاخر جەناب وانابێ، تۆ یەکسەر تووڕە مەبە . ئەگەر

+ کاکە گیان ئاخرو ماخرو تووڕەبوون نییە ، پارەکەت ئەدەی فەرموو بڕۆ حسابات، ناشیدەی سەرمان مەیەشێنە ، خەڵکی تر وەستاون و کارمان زۆرە . ( بەدەست ئیشارەت بۆ دەرگاکە دەکات )

**بەڕێوەبەر – بەرپرسێکی حیزبی :** **( بە تەلەفۆن )**

+ ئەلو .

– کاك ( .......) چۆنی ؟

+سەرچاوم فەرموو .

– من ( ...... ) م.

+ ئەهلەن کاك ( .......)، ببورە نەمناسیت ، ئەحواڵتان چۆنە باشن ؟

– خۆشبی بژیت . کاکە هێڵی تەلەفۆنەکەمان کارناکات، دەبێ مەسەلە چی بێت ؟

+ وەڵا کاك ( ...... ) گیان، ئەم ماوەیە ئەوەی قەرزار بووبێت هێڵەکەیمان بڕیوە. جا نازانم گەر هی بەڕێزیشتانی بەرکەوتبێت . ئێستا سەیری دەکەم، گەر لێرەبوو چاکی دەکەینەوە، گەر لەدەرەوەش بوو دوو کرێکار دەنێرم با چاکی بکەنەوە .

– ئێ زۆر باشە سوپاس .

+ سەرچاوم کاك ( ...... ) خۆشحاڵبووم .

## دادگـا :

دادگا ، یەکێکە لەوشوێنانەی کەڕۆژانە ئاخاوتنی تێدائەنجام دەدرێت، بەڵام بۆنەیەك نییە کەهەموو تاکێکی کۆمەڵ رۆژانە ئاخاوتنی تێدابکەن ، تەنها چەند ژمارەیەکی کەمی تاکەکان نەبێت کەکاریان دەکەوێتە دادگاوە . هەندێدەربڕینی تایبەت بەدادگا هەن کەزۆر بەکەمی لەبوارەکانی تردا بەکاردێن . وەك : سکاڵا ، سکاڵاکار ، سکاڵالێکراو ، داوالێکراو ، ماف ، بریکار ، بەڵێن نامە ، تاوانبار ، دۆسیە ، دەستگیرکردن ، راگیرکردن ، دادبینیی رووبەڕوو ، دادبینیی پاشملە ، مارەیی پێشەکی و پاشەکی ... پەیوەندیی دادوەر بەهاووڵاتیانەوە دەوەستێتەسەر جۆری کێشەکە ( بۆنەی ئاخاوتنەکە ) .

**دادوەر - سکاڵاکار :**

– ئەو کاتەتان باش .

+ باشتر . ناوت چییە ؟ ( سەیری ناسنامەکەی دەکات )

– ئازاد ئەنوەر .

+ دەستی راستت لەسەر ئەو قورئانە دانێ و بڵێ وەڵڵا راست دەڵێم ؟
– وەڵڵا بەو قورعانە راستدەڵێم .
+ کێشەکەت چییە ؟
– جەنابی حاکم، کێشەم لەگەڵ ( ئاسۆ ئیبڕاهیم ) هەیە کە دراوسێی خۆمە. چەندین جارە بە سەرخۆشی جنێوو قسەی سوکمان پێدەڵێت . هەر وتم دراوسێیەو با نەبێتە ناخۆشی ، کەچی ئەو بێتامی کرد. دوێنێ ئێوارەش دیسان جنێوی پێدام ، وتم عەیبە رێزی خۆت بگرە، ویستم دەستی بگرم و بیبەمەوە بەر دەرگای خۆیان، کەچی دەستی لێوەشاندم. منیش بەرگریم لەخۆم کرد، بەلاّم براکەی و ئامۆزایەکی هاتن بەهەرسێکیان لێیاندام.
+ براکەی ناوی چییە ؟
– ناوی ( ئارام )ە قوربان .
+ ئامۆزاکەی ؟
– بەشدار .....
+ ئەوانیش دراوسێتانن؟
– بەڵێ قوربان ، ئەوان هەموویان لە ماڵەوە بەیەکەوەن .
+ ناخۆشیتان هەیە ؟
– بەڵێ .
+ لەسەر چی؟
– وەلاّ قوربان هەروەکو پێم راگەیاندی کە سەرخۆش دەبێ هەر جارەی بەیەکێك دەگرێ .
+ باشە بڕۆ .

<u>**دادوەر – تۆمەتبار :**</u>

+ ناوت چییە ؟
– ئاسۆ ئیبراهیم .
+ چ کارەی ؟
– هیچ ئیش ناکەم .
+ رۆژی / / لەسەر چی لەگەڵ ( ئازاد ئەنوەر ) شەڕتان کردووە ؟
– وەلاّ جەنابی حاکم هەر رقی لێم دەبێتەوە، لە خۆیەوە مۆڕەی لێکردم، منیش ویستم بە قسەی خۆش پێی بڵێم بۆچی وا سەیرم دەکەی ؟ کەچی ئەو پەلاماریدام و بوو بەشەڕمان .
+خواردبووتەوە ؟
– بەڵێ .

+ سەرخۆشبووی ؟

– بەڵێ .

+ کێت لەگەڵ بوو ؟

– بەتەنیا بووم .

+ هیچ جاری تر دەمەقاڵێ و شەڕتان بووە ؟

– بەڵێ جەناب .

+ لەسەر چی ؟

– جەنابی حاکم بەخوا هەر چاوم لێ سوور دەکاتەوە .

+ تۆ قسەی ناشیرینت کردووەو جنێوت پێداوە، یەعنی دەستدرێژیت کردۆتە سەر دراوسێی خۆت .

– ئاخر قوربان

+ قسە مەکە . تۆ یەکەمجارت نییە شکاتت لێدەکرێ و هەموو جارێکیش سەرخۆش بووی . تۆ بۆ گیانی خەڵکی دەخۆیتەوە ؟ بۆ بێزارکردنی دەرودراوسێ و خەڵکی گەڕەك دەخۆیتەوە؟

– قوربان بەخوا

+ بڕۆ دەرەوە .

**دادوەر – شاهید :**

– سەلامو عەلەیك .

+ عەلەیکە سەلام . ناوت چییە ؟

– ڕێبوار عەلی .

+ ناسنامەکەتم بدەرێ . دەست لەسەر ئەو قورئانە دانێ، بڵێ بەو قورئانە ڕاست دەڵێم .

– بەو قورعانە ڕاست دەڵێم .

+ ئەو شەڕەی لە نێوان ( ئازاد ئەنوەر) و ( ئاسۆ ئیبراهیم ) دا ڕوویدا چۆن بوو ؟ لەسەر چی بوو؟ بۆم بگێڕەوە .

– بەڵێ بەسەر چاو ..........

+ چیتر ؟

– بەڕێز، وەڵا کە من چووم .................

+ باشە خوا حافیزت بێت .

**مامۆستاو خوێندکار :**

یەکێك لەسەرچاوەکانی هەر سیستەمێکی پەروەردەیی، کلتوری ئەو کۆمەڵەیە کە سیستەمەکەی بۆ دادەنرێت . لە کلتوری کۆمەڵێکی وەك ئێمەدا کە تەمەن و رەگەزو پلەوپایەی کۆمەلایەتی رۆڵی سەرەکی دەبینن و بالادەستیی تاك بەسەر مرۆڤەکانی تردا دەسەپێنن، گومانی تێدا نییە کە سیستەم و پرۆگرامێکی پەروەردەیی سەرنەکەوتوو و خراپ بەرهەم دەهێنێت، کە پەیوەندیی نێوان خوێندکارو مامۆستا دابڕاوو سنوردارەو زۆربەی کات ترس یان شەرم شوێنی رێزو خۆشەویستی پڕدەکاتەوە، بە تایبەتی لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیدا کە مامۆستا خاوەن پلەو پایەیەکی بەرزەو دەسەلاتدارە ، خوێندکاریش بە پێچەوانەوە . لە ئامادەییدا کەمێك باشترەو لە زانکۆشدا بەرەو باشتر دەچێت.لە قۆناغی ناوەندیدا زیاتر شێوازێکی توندوتیژ لە فەرمانکردن و هەڕەشە بەکاردێت:

– هێدی .

+ بەڵێ مامۆستا .

– بچۆ چاودێری گشت پۆلەکانم بۆ بانگکە .

+ باشە مامۆستا.

– بیستوومە ئەگەر برادەرێکی خۆتان نەیەتە ژوورەوە غایبی نادەن.

+ بەخوا مامۆستا شتی وا نییە.

– با هەیە . سوێند بە درۆ مەخۆ ، ناوەکانیش دەزانم . ئێوە وادەزانن هەر ئێوە موراقیبن و کەسی تر چاودێریی ئێوە ناکات ؟لەوانەیە بڵێن مدیر ئاگای لێ نییە. زۆرسەهون. هەردوو چاویشتان دەردەهێنم گەر یەك موخالەفەی ترتان لێ ببیستم . یائیشەکەتان بە پیاوانە بکەن، یان وازبێنن . وتتان چی ؟ ئەو شتە دووبارە نەبێتەوە.

+ بەڵێ باشە مامۆستا.

– دەبچنەوە پۆلەکانی خۆتان .

لە قۆناغی ئامادەییدا ، پەیوەندیی نێوان مامۆستاو خوێندکار کەمێك لە قۆناغی ناوەندی باشترەو توندوتیژی کەمتر تێدا بەکاردێت. زیاتر بە شێوازی ئامۆژگاری و رێنماییکردن ئاخاوتنەکان ئەنجامدەدەن.

– کاروان وەرە ئیشم پێتە.

+ بەرێ مامۆستا فەرموو.

– ماوەکە دەبینم رۆژانی نیورۆیان زوو دێیە مەکتەبێ. مەسەلە چییە ؟

+ وەڵا بڕێم چی مامۆستا. کە نانم خوارد چ بکەم لە مارێ ؟ دێمە مەکتەبێ و هەندەکیش دەخوونمەوە .

– کاکی من ، دەوامەکەی دی مەکتەبی کچانە. کە ئەتو دێی ئەوان هەر لێرەن. راوەستان لەبەردەرکەی جوان نییە، با دوایی پێشمان نەرێن تەڵەبەکانتان لەسەر رێی کچان رادەوەستن. ئەتو کوڕەکی چاکی، حەزم لێنییە کەس گلەییت لێ بکا.

+ زۆر سوپاس مامۆستا گیان . بەس بەخوای لۆ شتی وا نەهاتییم.

– ئەدی لەگەر دەرس و دەرەجەکانت کوی ؟

+ وەڵا باشم مامۆستا.

– هەتا نیوەی سارێ باشبووی ، بەس لەدوای نیوەی سارێوە باش نی، چەقیی .

+ بە خوای مامۆستا یەکجار وانیم ، هەر لە یەك دوو ئیمتیحانان تۆزەك خراپ بووم .

– کەیفی خۆتە ، ئەوها بڕۆی ئەمنیش لەگەرت دەگۆڕێم و لەدو بابت دەنێرم .

+ نا نا مامۆستا وەعدبی بەدری تو دەکەم .

– دەبا بزانین دەی .

+ ئیشت نییە مامۆستا ؟

– نا، بە خێرچی .

پەیوەندیی نێوان خوێندکارو مامۆستا لە قۆناغی زانکۆدا ، هەر چەندە وەکو پێویست نییە، بەلآم تاڕادەیەك باشەو هەندێجار مامۆستاو خوێندکار لە دەرەوەی هۆڵەکانی خوێندندا پەیوەندییەکی هاورێیانە لە نێوانیاندا دروست دەبێت ، بەلآم جیاوازی دەکەوێتە نێوان پەیوەندی و شێوازی ئاخاوتنەکان بە جیاوازیی رەگەزی خوێندکارو مامۆستا.

**مامۆستا – خوێندکار( کچ ):**

– بەیانیت باش مامۆستا .

+ بەیانیت باش ......خان ، بەخێربێی.

– زۆر سوپاست دەکەم مامۆستا. تەکلیفێکم هەیە گەربکرێ .

+ هەر ئیمتیحان تەئجیلکردن نەبێ ؟

– وەڵا خۆیەتی مامۆستا ، بەلآم بەخوا زروفێکی تایبەتم هەیەو نەمتوانیوە بخوێنم . گەر یارمەتیم بدەی زۆرسوپاست دەکەم .

+ .....خان، خۆت دەزانی من زۆر باوەڕم بەدەرەجەو ئیمتیحان نییەو نایشیکەم بەقیاس بۆ تەلەبە بەتایبەتی بۆتۆ، بەلاّم گەر ڕێگە بە تۆ بدەم لەوانەیە دووان سیانێکی تریش بێن و داوا بکەن ، دەبێ هی ئەوانیش دوابخەم . ئیمتیحانەکە بکە پرسیارەکان قورس نین، شتێکی هەر لێئەزانی، ئەوانەن کە ڕۆژانە باسمان کردوون .

– بەخوا مامۆستا من لە ئیمتیحان و شتی وا ناترسم، بەلاّم وەك وتم ئەمجارەیان زرووفەکەم وایە. لای کەسیش باسی ناکەم .

+ زرووفت چییەتی ؟ خۆ هیچ کێشەو شتت نییە ؟گەر بەمن چارەدەکرێ قسەبکە .

– زۆر سوپاس مامۆستا گیان . ئەوەی راستی بێت لە داخلییەکە لەگەڵ ژوورەکەی تەنیشتمان کێشەمان بووە.

+ جا لەبەر ئەمە سەعیت نەکردووە ؟

– بڵێم چی بەخوا مامۆستا گیان ، زۆر ناخۆش بوو .

+ باشە کێشەیەك نییە ، ئیمتیحانەکەت مەکە.

– زۆر مەمنون مامۆستا گیان، سوپاست ئەکەم .

+ سەرچاو .

**مامۆستا – خوێندکار ( کوڕ ):**

– بەیانیت باش مامۆستا گیان .

+ بەیانیت باش (..........) .

– مامۆستا گیان داوایەکم هەیە، گەر لێم قبوڵ کەی زۆر مەمنون ئەبم .

+ چییە خۆ ناڵێی ئیمتیحان ناکەین ؟

– ئەوان نا هەر من ، بەلاّم بەخوا زرووفێکی تایبەتیم هەبوو نەمتوانی سەعی بکەم . گەر یارمەتیم بدەی سوپاست دەکەم .

+ بەخوا ناکرێ ، چونکە کاتی خۆی پێم وتن خۆتان کەی دایئەنێن داینێن، بەلاّم دوایی کەس داوای تەئجیل و ئیجازە نەکات . بیرتە ؟

– بە لێ راستئەکەی، بەلاّم بەخوا

+ کوڕی باش، ئێستا لەهەر کامێکیان بپرسی حاڵی لە تۆ باشتر نییەو کەسیش دەنگ ناکات، بڕۆ ئیمتیحانەکەت بکە .

– یەعنی مەجالی تیانییە ؟

+ دە تۆ ئیمتیحانەکە بکە، کێ ئەڵێ لە هەموویان باشترنابیت ؟

– سوپاس مامۆستا .

+ خوات لەگەڵ.

## دکتۆرو نەخۆش :

### نەخۆشخانە :

– سەلامو عەلەیك دکتۆر.

+ عەلەیکە سەلام ، چیتە ؟

– وەڵا دکتۆر سنگم دێشێ .

+ جگەرە دەکێشی ؟

– بەڵێ .

+ دەبێ جگەرە تەرك کەیت . ئەو دەرمانانەشت بۆ دەنوسم بەلاّم بە تەواوی چاك نابیت . چارەی تۆ ئەوەیە واز لە جگەرە بهێنیت . فەرموو .

– خوا حافیز مەمنون .

+ خوا حافیز .

### عیادە :

– سەلامو عەلەیك .

+ سەلام بەخێربێی، فەرموو .

-دکتۆر گیان سنگم دێشێ .

+ سنگت هەڵکەو پاڵکەوە. ( بە دەست ئیشارەت بۆ شوێنی پاڵکەوتن و پشکنین دەکات)

+ جگەرە دەکێشی ؟

– بەڵێ .

+ ڕۆژی چەند ؟

– دوو پاکەت .

+ گەڵێ زۆرە . ئەی مەشروب ؟

- جارجار . ( بەسەر هێمای بەڵێ پیشاندەدات )

+ هەناسە . ئەوجارەش . هەناسەی قووڵ . کۆکەت هەیە ؟

– ئەرێوەڵا هەراسانی کردووم .

+ لەگەڵ ڕۆیشتنا چۆنی؟

– وەڵا باشنیم ، زووهەناسەم تەنگ ئەبێ .

+ خواردنت چۆنە ؟

– هیچم بۆناخورێ .

+ برۆ ئەشیعەیەکی سنگت بگرەو ئەوتەحلیلەشم بۆبکەو وەرەوە .

+ بەخێربێیتەوە . ئادەی بێنەبزانم .

سنگت ، جگەرە کاری‌تێکردووەو ئەبێ وازی‌لێ بهێنی .ئەگەرنا ، زۆرکەمیکەیتەوە . ئەو دەرمانانەت بۆدەنوسم ، بچۆ بیانکرەو بیانهێنەرەوە تاپێت بڵێم چۆنچۆنی بەکاریان بهێنی .

– باشە دەستت خۆشبێ .

## پرسە :

پرسە یەکێکە لەو بۆنە کۆمەڵایەتییانەی کە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ بەشداری تێدا دەکەن . ئەمیش وەك هەر بۆنەیەکی تر دەربڕین و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیەزۆربەی‌دەربڕینەکانیش ئاینین .

– ئینا لیلا وە ئینا ئیلەیهی راجیعون .

– خوا عەفوی کردووە ئیشاڵڵا .

– خوا لێیخۆشبێت . خوا لە گوناهی خۆشبێت . خوا لێیرازی بێت .

– رەحمەتی خوای لێبێت .

– بۆ خۆتان خۆشبن .

– ئێوە سەلامەت بن.

– جێگای بەهەشتە ئیشاڵڵا .

– خوا بە بەهەشتی شادبکا .

– تەمەنی درێژی بۆ ئێوە جێهێشتبێ .

– دواناخۆشیتان بێ . دوا نەهامەتیتان بێ .

– خوا خەمی ترتان نەداتێ .

– ئاخری موسیبەتان بێ ئیشالا .

– خوا سەبوریی هەموو لایەك بدات .

– رێگای هەمووماںە هەردەبێ بمرین .

– لەگەڵ کاری خوا هیچ ناکرێ .

– موقەدەری خوایەو هیچ دەسەڵاتمان نییە .

- خوا هێناویەتی دەسەلأتی کەسی تێدانییە .
- دەبێ شوکربین .
- خوا خۆی دروستی کردوین هەر خۆیشی دەمانباتەوە .
- ئیمانی بردووە ئیشالڵلاّ .
- هاوبەشی خەمتانین .
- یاخوا لە نوری خودادا چاو هەڵێنێ .
- یا خوا لە نوردا حەشربکرێ .
- نۆرەی خۆشیتان بێ ئیشالڵلاّ .
- خوا لە مردوی هەمولایەك خۆشبێ .
- ئەمری خوای لەسەرسەرو لەسەر چاوان .
- جێگای داخە.

وەلأمی پرسەدار :

- خوا خێرتان بنوسێت .
- خوا جەزاتان بداتەوە .
- بەخێربێن سەرچاوم ، ئەزیەتتان کێشا .
- ئێوە خۆشبن ، ئێوە سەلامەت بن .
- خوا خەمتان نەداتێ .
- ناخۆشیتان نەیەتەڕێ .
- خوا لە مردوی هەموو لایەکمان خۆشبێ .
- عەزیز مردە نەبن .
- قەزاو بەلأی ئێوەی بردبێ(١) .
- خێرێ لەگەرە خۆتان ببەنەوە خوایە . ( ژنانی کۆیە )

پرسەدار ( بەزۆری ژنان ) هەندێ دەربڕین بەسەر مردووەکەیدا هەڵدەڵێ ، یان دوعای بۆ دەکات . وەك :

- بە جوانی بەهەشت بی .

(١) شیلان رەحیم ئیبراهیم – شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوردیدا – ل ٨٢ .

– جێگەت بەهەشتە ئیشاڵلا .
– هاتوون بۆ شاییەکەی شایی بەتاڵم[١] .
– ماڵوێرانت کردم ، بۆ بەجێتهێشتم ؟
– هیچ خۆشیت نەدی لە دنیایە .

## مــیــوان :

سەردان یان میوانداری ، بۆنەیەکی تری کۆمەڵایەتییەو شێوازو دەربڕینی خۆی هەیە ، کە لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە گرنگییەکی زۆری پێدەدرێ. گەر بچینە ماڵێك و شێوازی پێشوازیکردنەکەمان بەدڵ نەبێ، هەتابکرێ جارێکی تر ناچینەوە ئەو ماڵە . واتە ئەم بۆنانە بەهای کۆمەڵایەتییان هەیەو بەشێکن لە دابونەریت و کلتوری کۆمەڵ .

– سەلامو عەلەیکوم .
+ عەلەیکە سەلام ، بەخێربێی سەرچاوم فەرموو .
– ساحێب فەرمووبی .
+ یاخوا بەخێربێیت . ماڵەکەت روناککردەوە .   ئەوە چۆنە رێت غەڵەت کردوە ؟
نەمانزانی دەنا مەڕێکمان لەبەر پێت سەردەبڕی .

## بەڕێکردنی مـیـوان :

- خواتان لەگەڵ بەخێرچن . خواحافیزتان بێت . خوا ئاگادارتان بێ .
- چاوم رون بۆوە .
- خێرو بەرەکەتتان هێنا.
- زۆر خۆشحاڵبووم .
- خوا لە ( خزمایەتی ، برایەتی ، دراوسێتی )تان کەمنەکات.

هەندێ جار دەربڕینەکان بۆ جێخۆشکردن ( مجاملة ) و هەڵوێست پێفرۆشتنن :
- گەورەتانکردین .
- خۆ جارێ زووبوو پەلەتان چی بوو؟
- توخوا زووزوو سەرمان لێدەن .

---

(١) شیلان رەحیم ئیبراهیم – شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوردیدا – ل ٨٢ .

- كەی ئەمە هاتن بوو ؟ دەڵێی هەنارت بۆ نەخۆش هێناوە .
- دەجارێ دانیشە بۆ وا بەپەلەی ؟

میوان هەندێ دەربڕین بەكاردەهێنێ ، وەك :

- وتم ئەوان هەرنایەن با من بچم .
- وتمان بزانین لەو شارە ماون ؟
- ئیتر من لە خزمەت مەرەخەس دەبم .
- لای ئێوەم خۆشیە .
- ئەزیەتماندان ، هیلاكمانكردن .
- زۆر سوپاس ، زۆر مەمنون .
- ماڵتان ئاوابێ — خوا ئاوەدانی كا ، حەوت ماڵی لێبكەوێتەوە .
- بەخوا هەردەبێ برۆم ، بۆ جارێكی تر ئیشاڵلاً .
- دیداری ئازیزان ساتێك و ساڵێك هەریەكە .
- خوا تێكینەدات ، بەخێردانیشن .
- بەخۆشی بتانبینمەوە .

## سەردانی نەخۆش :

گەر سەردانی هاوڕێیەك یان دراوسێیەكی نەخۆش بكرێت ، ئەم دەربڕینانە بەكاردێن :

- ئەوە چ خێرتە ؟
- چاكدەبی ئیشاڵلاً .
- كەفالەتە ئیشاڵلاً .
- كەفالەتی گوناحەكانت بێ .
- خوا شیفات بۆ بنێرێ .

گەر دایك سەردانی كوڕە نەخۆشەكەی بكات :

- كوڕی شیرینم ئەوە چیتە بەقوربان ؟
- وەی كوێراییم دایێ دایكت بەقوربانت بێ.
- رەبی هەرچی دەردو بەلاَی لەتۆیە بێتە من .
- بەقوربانی هەناسەكەت بم بابی من ، مەرگت نەبینم .

هەندێجار ، دوعا بۆ نەخۆش دەكرێ ، كە واتاكەی ( دوعالێكردن یان توككردن)ە، بەلاَم زۆر جار بەئاسایی وەردەگیرێت .

گەر نەخۆشەکە زۆر پیرو پەککەوتەبێت ، پێیدەوترێ :

- خوا رەحمی پێبکا .
- خوایە لەوە رەزیلترنەبێ . ( واتە زوو بمرێ )
- یاخوا رەزیل و کەنەفتی سەرجێگا نەبی .

## هاوسەری :

پیرۆزە ، بەدڵی خۆش .

پیرۆزی یەکتربن .

خوا موبارەکی کا بە کوڕوکچ ئیشاڵڵا .

خوا لەیەکتان نەکا .

خوا پەشیمانی نەدا – پەشیمانی لەدوا نەبێ .

بەردی ساردو گەرم نەیەتە رێتان .

خێزانێکی بەختەوەردەبن ئیشاڵڵا .

بەهیوای ژیانێکی بەختەوەر .

پیرو خەڕۆبن بەیەکەوە . ( گۆچانی پیری بەیەکەوە هەڵگرن )

خێری پێوەیە جیابوونەوەی لەدوانەبێ ئیشاڵڵا .

خێر لەیەکتری ببینن .

پێو قدومتان خێربێ و دنیامان بۆ خۆشبێ .

پیرۆزتان بێو نەخشەبێت لە هەموو کوڕو کچێك .

بە بووك دەوترێ :

بەدایکی کوڕان بی .

نۆبەرەت کوڕبێ .

بەزاوا دەوترێ : بەباوکی حەوت کوڕ بی .

## منداڵبوون :

یەکێکە لەو بۆنەکۆمەڵایەتییانەی کەهەندێ دەربڕینی تایبەت بەخۆی هەیە و زۆربەی دەربڕینەکانیش ئاینی و دوعاکردنن .

-خوا چی پێدان ؟

+ خزمەتکارێکی تۆ . ( کوڕ )

+ کارەکەرێکی تۆ .                    ( کچ )

- بە داکوباب گەورە بی .
- بەنازی داکوبابی گەورەبی .
- خواپێیداون و بۆتان بهێڵێ .
- خێروبەرەکەتی هێنابێ .
- لەباوەشی دایك و باوکی گەورەبێ .
- خوایە گۆچانی پیریتان بێت .
- خوا لێتان نەستێنێ .
- صالح بێو سەربەڕسق بێ .
- خوا تەمەن درێژیکا .
- پێوقدومی خێربێ .
- هیتری لەدوابێ .
- ناودێربێ ، هیوای دوارۆژتان بێ .
- بەخوشکی حەفت برایان بی .
- ئیشاڵلا لەسایەیدا دەحەسێنەوە .
- جێگای شانازیتان بێ ئیشاڵلا .

## خێرکردن :

بۆنەیەکی ترە کە دەربڕینە ئاینییەکان تەواو بەسەریدا زاڵن .

- خوا بەزیادیکا .
- بەزیادبێ .
- خوا خێرتان بنوسێ .
- خوا لێتان قبوولکا .
- خوا لێتان بەزیادکاو سەدئەوەندەی ترتان بداتێ .
- خوا بەرەکەت بەسەر ماڵومناڵتانا بڕژێنێ .
- خوا بیکا بەچرای قیامەتت .
- خوا بیخاتە بەر ئەجری قیامەتت .
- خوا دەسبگرێ بەعەمرتانەوەو دەست بەگیرفانی بەتاڵا نەکەن خوایە .
- خوا نەیبڕێ .

- خوا پاداشتان داتەوە .
- هەر ساحێب مار بن .
- خوایە هەمیشە خاوەن پارەو گیرفانپڕ بن .

## سوێندخواردن :

سوێند خواردن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی باوە، بەتایبەتی لەناو ئەو کۆمەڵانەدا کە بیرو باوەڕی ئایینی زاڵە یان دەسەڵاتێکی بەرزی هەیە. ئەمەش بۆ کەمیی یان نەبوونی متمانە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا دەگەڕێتەوە. واتە پەیوەندییەکە زۆر لاوازو دوورە، لە لایەکی تریشەوە گومان لە راستی و ناڕاستیی دەربڕینەکان هەیە، بۆیە ناچاردەبن بۆ سەلماندنی راستیی وتەکانیان، سوێند بە شتێك بخۆن کە پیرۆزە یان گەورەیە لەلایان و ئەستەمە ئەم پیرۆزیە بخەنە ژێر گومانەوە ، هەرکەسەش بە گوێرەی بیروباوەڕی خۆی سوێند دەخوات .

سوێندی کەسێکی رامیاری / بە خوێنی شەهیدان ، بە کوردستان ، بە گۆڕی شەهیدان ...

سوێندی کەسێکی نوێژکەر / بەخوا ، بە پێغەمبەر ، بە مزگەوت ، بەحەج ، بە مەلائیکەت ، بەگۆڕی پێغەمبەر ، بە قورئان ، بەوزادە ، بە ئیمانم ، بەو بەرماڵەی سەرم پێکردوە ...

کەسێك کەپەیوەندیی خێزانییان بەهێزبێت / بەسەری باوکم ، بەسەری کاکم ، بەسەری ئەولادم ، بەگۆڕی باوکم ، بەگۆڕی دایکم ، بەگۆڕی جوانەمەرگ...

هەندێ لەو سوێندانە زۆر وتنەوەیان پەسەندنین ، وەك بەتەلاقم ، بەشەرەفم ، بە نیکاحم ، بەکەرامەتم ، بە ناموسم ...

هەندێ لە ژنان سوێند بە مەزارو گۆڕی پیاوانی ئاینی دەخۆن . وەك گۆڕی ئیمامی عەلی، ئۆمەرمەندان ، پیرمەسور ، غەوسی گەیلانی ، حاجی کاکەحمەدی شێخ ، شێخی بیارە ، غەوسی کەربەلا، باپیر فەقێحمەد ...

جگە لە پەیوەندیی نێوان قسەکەرو گوێگر، هۆکاری تریش هەن کە کاریگەرییان لەسەر سوێندخواردن هەیە، لەوانە : بابەتی ئاخاوتن ، کە هەندێ بابەت هەن پێویستییان بە سوێندخواردن نییە و بابەت هەیە سوێندی دەوێ. بۆ نموونە لە دادگادا شاهیدی ژنمارەکردن سوێندنادرێت بەڵام شاهیدی هەر روداوێکی تر دەبێ سوێند بخوات . هۆکارێکی تریش ئاستی خوێندەواریی تاکەکانی

کۆمەڵـە، ئـەوەی جێگـای سـەرنجە، کەسـێکی خوێنـدەوار کـەمتر سـوێند دەخـوات لـە کەسـێکی نەخوێنـدەوار، هـەروەها کەسێتیی تـاکیش رۆڵـی هەیـە . پێویسـتە ئـەوەش بڵێین کـە هێـزو ئـاواز لـە شـێوازی ئاخاوتنـدا رۆڵێکـی زۆر کاریگـەر دەبیـنن لـە گەیانـدن و گـۆڕینی واتـای سـوێندەکەدا ، وەك ئەوەی :

- هەندێ دەربڕین ، متمانە دەگەیەنن و سوێندنین . وەکو بڕوات بێ ، سیقەت هەبێ ، دڵنیابـە ، قەناعەت بکە .
- شێوازی ئاخاوتنی قسەکەر یان کەسێتیی بـەهێز ، کـە قسـەدەکات هەنـدێ دەربڕینـی کاریگـەر بـەکاردەهێنێ کەبـەبێ سـوێندخواردن بەرامبـەرەکانی بـاوەڕی پێدەکـەن و ئەشـێ راسـتیش نـەبێت .
- هەنـدێ شـێوازی لاوازیـش هـەن کـە بەسـوێندخواردنیش نابنـە جێگـەی متمانـەی گـوێگر ( بەسەری تۆ ، بە گیان کاکە ، ... ) هـەروەها وتـراوە ( پیـاو کەناچاربوو ، بەجوولەکە ئـەڵێ بەڕیشی مەردانەت قەسەم ) .
- هەنـدێ دەربڕینـی رۆژانـەشمان هـەن کـە سوێندیشـیان تێدایـە ، بـەلام نەمەبەسـتی قسـەکەر سـوێندخواردنەو، نـە گـوێگریش بـە سـوێند وەریـدەگرێت ، چـونکە ئـاوازی دەربڕینەکـە یـان شێوازی ئاخاوتنەکە سوێندخواردن ناگەیەنێ . وەکو :
- وەلا هەروا .
- وەلا بابە پیاوت دیتەوە .
- وەلا ئەو بەزمە خۆشە .
- وەلا هەر ئەوە مابوو .
- وەلا ئەو ئیشە وانابێت .
- وەلا هەر ئەوەمان پێدەوێ .
- وەلا هیچ بەدووری نازانم .
- وەلا بۆ ؟ هیچ دوورنییە وابێ .
- وەلا لەوانەیە .
- وەلا قسەی کردو لێبۆوە .
- بەخوا باشین ، هەروادەبێ .

ئـاواز گرنگییـەکی زۆری هەیـە کـە دەکـرێ ئـەم دەربڕینانـەی پێجیابکرێتـەوە کـە مەبەسـت سـوێندە ، چـونکە هێـزو ئـاوازێکی بـەرز دەخرێتەسـەر ئـەو دەربڕینـەی کـە بـە سـوێند بـەکاردێت . ئەوانەشی کە مەبەست سوێند نییە ، هێـزو ئـاوازی ئاساییە وەك بەشـەکانی تـری دەربڕینەکـە ، وەك

لەم نموونانەی سەرەوەدا هاتووە کە دەکرێ بوترێ بەکارهێنانێکی بێمەبەستەو لەسەری راهاتوین .
هەروەها ئاواز کاریگەریی لەسەر گۆڕینی ئەرکەکانی زمانیش هەیە . بۆ نموونە :

توخوا زووزوو سەرمان لێدەن .

ئەم دەربڕینە بە ئاوازێکی ئاسایی ئەرکی (جێخۆشکردن ) دەبینێت لە بەکارهێنانـدا. بەڵام ئەگەر هێزو ئاواز لەسەر وشەی ( توخوا ) دابنێیت مەبەستەکە دەگۆڕێت و دەبێت بە (پاڕانەوە ) .

## هانـدان :

واتە خۆشەویستکردنی کارێك لەلای کەسێك، بۆ ئەنجامدانی یان بەردەوامبوون لەسەری، یاخود بە پێچەوانەوە، ناشیرینکردن و لەبەرچاوخستنی کارێك بۆ وازهێنان و دوورکەوتنەوە لێی . دیارە زمان رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە هانداندا بە شێوەیەك کە لە زۆر بواری ژیاندا بەکاردەهێنرێت . بواری هاندان گەلێك فراوانەو رۆژانە دووبارە دەبێتەوە بەڵام لێرەدا تەنها باسی ئەو جۆرەی هاندان دەکرێت کە بە زمان جێبەجێ دەکرێت .

مامۆستا خوێندکارەکانی هاندەدات بۆ خوێندن . دایك و باوك منداڵەکانیان بۆ خوێندن و راستگۆیی و بوارێکی هونەری یان وەرزشی یان کارکردن هاندەدەن. بەڕێوەبەرێك فەرمانبەرەکانی هاندەدات کە بەدڵسۆزی کاربکەن . راهێنەرێك هانی یاریکەرەکانی دەدات ، جەماوەریش بەهەمان شێوە بۆ یاریکردنێکی باشترو جوانتر. پزیشکێك نەخۆش هاندەدات بۆ وازهێنان لە جگەرە.مەلا خەڵك هاندەدات بۆ نوێژو رۆژو و خواپەرستی. تیرۆریستێك هانی خەڵکی دەدات بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی ....

ئەم دەربڕینانە هەندێکیان بەفەرمانکردن ، هەندێکیان بە پرسیار ، هەیانە بە هەواڵگەیاندن ، یان رێنماییکردن ... دەردەبڕدرێن ، بەڵام مەبەستی سەرەکیی دەربڕینەکان هاندانە .

مامۆستا :- ( لاوێن ) نموونەی خوێندکارێکی زیرەك و ئاقڵە ، گەروا بەردەوامبێت یەکەمی سەر خوێندنگا دەبێت و چاوەڕێی دواڕۆژێکی گەشی لێدەکرێت . حەزدەکەم ئێوەش وەکو ئەو خۆتان ماندوبکەن و هەوڵبدەن با سەرمان پێتان بەرز بێت و رەنجی کەسوکارو خێزانەکەشتان بەفیڕۆنەچێت .

هەندێ مامۆستا لە دەفتەرو پەڕی تاقیکردنەوەکانی خوێندکاراندا چەند دەربڕینێك دەنوسن بە مەبەستی هاندانیان. وەکو: زۆرباشە ئافەرین ، زۆر سوپاس ، شێری پۆل ، دکتۆری دوارۆژ ، خەتت زۆر جوانە دەستخۆش ، هەربژیت ، هەر سەرکوتوبیت ...

دایك و باوك :- ئافەرین رۆڵە گیان ، ئەم پارچە مۆسیقایە زۆر خۆشە ، گەر لە قوتابخانەش یەکەم بیت پیانۆیەکی گەورەت بۆ دەکڕم .

بەرێوەبەر :- تۆ زۆر دەستڕەنگینی ، هەرچی تۆ دروستیکەیت من رەتی ناکەمەوە. بەڕاستی نموونەی مرۆڤێکی دڵسۆزیت . خۆزگە هەموو فەرمانبەرەکانمان وەکو تۆ دەبوون .

هەروەها ئەو سوپاس و پێزانینانەی کە بەڕەسمی لەلایەن حکومەتەوە دەردەچن بۆ کارمەندانی حکومەت ، جۆرێکن لە هاندان بۆ بەردەوامبوون لەسەر کارەکانیان.

مەیخۆر :- هەتا نەخۆیتەوە نازانی خۆشی و ناخۆشیی ژیان لە کوێیە. ئەچیتە دنیایەکی ترەوەو هەست بە بوون و مرۆڤبوونی خۆت دەکەیت . کەمی و زۆریی خواردنەوەش بەدەست خۆتە، هەموو کەس سنووری خۆی دەزانێ و پێویست بە تێپەڕاندن ناکات .

مەلا یان پیاوێکی ئایینی :- ئینسان بە نوێژو رۆژووەوە جوانە ، ئینسان بە خواپەرستی دەبێتە خاوەنی شەخصیەتێکی بەقوەت و مەکانەتێکی بەرزی دەبێت لەنێو خەڵکدا . سەرەڕای ئەوەی کە نەفسیەن زۆر مورتاح دەبیت ، هەستدەکەیت کە خەڵك و خوا لێتڕازین .

چەند خاوێنە گەر رۆژی پێنج جار دەست و قاچ و دەموچاوت بشۆی !

چەند خۆشە گەر رۆژانە بێیتە نێو برا موسوڵمانەکانت ، هەموو بەیەکەوە ئەو خوایە گەورەو عەزیمە بپەرستین ...

- " خەباتی ئەمجارە لەپێناوی ئاشتیدا خەباتێکی چەکدار نییە ، بەڵکو خەباتێکی سیاسی، فیکریو ئیعلامییەو دەبێ ( کوردستانینوێ ) تێیدا شۆڕەسواری گۆڕەپانەکەبێت "[1].

**هاندان بۆ بەرەنگاری** : هەندێ جار هاندان بەمەبەستی کێشەو بە مەبەستی گەورەکردنی کێشەو ناخۆشییەکان و نانەوەی ئاژاوەو بەرەنگاریکردنی نەزانین و داگیرکەرو .... بەکاردەهێنرێت . ئەم بەکارهێنانەی زمان لە ژیانی رۆژانەشماندا دووبارەدەبێتەوە، بەڵام بەزۆری لە وتارە رامیاری و ئاینیەکاندا زۆرتر دەردەکەوێ و لە زۆربەی سرودە نیشتمانییەکانیشدا دەردەکەوێت .

- توخوا تۆ هی ئەوەیت ئاوات لێبکرێ و ئاوات پێبوترێ ؟
- لێی دەترسی ؟
- ئەگەر لەجێی تو دەبووم و لۆخۆم دەمزانی چم پێ دەکرد !
- چۆن لێی خۆش دەبی ؟! ترسنۆك .
- کوڕی باش کەی ئێستا باوی ئەوشتانە ماوە ؟ هەر عەیبێکی زۆر گەورەیە، چۆن قبووڵی

(1) جەلال تاڵەبانی – کوردستانینوێ – ژمارە ١٥٣٦ لە ١٢/ ١ / ١٩٩٨ .

دەکەیت؟!

- ئەو ڕۆژە (         ) زۆر باسی تۆی دەکرد ، من زۆرم پێناخۆش بوو ، بەلاَم وتم دیارە بۆخۆت پێتناخۆش نییە بۆیە وەلاَمی نادەیتەوە .
- (         ) لە زۆر شوێن باستدەکات و قسەی زۆر ناخۆش دەکات، هەق نییە ئاوای لێبگەڕێی سنورێکی بۆ دانەنێی خراپ لەسەرت دەکەوێ .
- وەلاَهی من قەت لەگەڵ کێشەو ناخۆشیدانیم ، بەلاَم هەقیش نییە ئاوا بە ئاسانی بەسەریەوە بچێت .

هەندێ جاربۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەیەك ، هانی کەسێك یان کۆمەڵێك دەدرێت هەروەها پێویستە بوترێ کەلەگەڵ هاندانیشدا کارتێکردن و وروژاندن ڕۆڵی گەورە دەبینن .

- " پێویستە خەباتی خۆتان جۆشدەن ، ڕێکخەن ، پەرەپێبدەن و گەشەپێبدەن ، ئینجا ئەتوانن مافەڕەواکانی خۆتان جێبەجێ بکەن . تا خەباتی خۆتان ڕێکنەخەن ، پەرەپێ نەدەن ، گەشەپێ نەدەن ، نەهێننە جۆش و خرۆش ، ناتوانن هەموو مافە ڕەواکانی خۆتان بسەپێنن"[١] .
- " پشتئەستور بە خۆتان ، خەباتی خۆتان ، بە توانای خۆتان ، ئەبێ قۆڵ و بازوی جوامێری لێهەڵماڵن و بێنە کۆڕی خەباتەوە"[٢]
- " پشتیوانتان هەیە ، بێکەس نین ، هەم یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و هەم حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەم هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەموو حیزبە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان یاریدەدەرو پشتیوانی خەباتەڕەواکەتانن "[٣] .
- " من بەشبەحاڵی خۆم ئامادەم لەگەڵیانبم لە هەموو جۆرە کارێك بۆ دەربڕینی نارەزایی لەدژی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ، ئەگەر مانیانگرت ، ئامادەم لەگەڵیان بەشداربم ، ئەگەر عەریزەیان نوسی ئیمزای کەم ، ئەگەر خۆپیشاندانیشیانکرد لەگەڵیانبم ، بۆ ئەوەی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا بچەسپێنین "[٤] .
- " لەم هەڵبژاردنەدا ، زۆر گرنگە هەموومان بەتین و گوڕەوە بەشداربین ، بە دەنگێکی زۆرو بەشداربوونێکی چڕەوە ئەو ڕاستییە بسەلمێنین کە خەڵکی کوردستان لەودیو حەمرینەوە یەکئیرادەو یەکدەنگین لە پاراستنی بودجەی کوردستان ، یەکئیرادەو یەکدەنگین لە پاراستنی

(١) جەلال تاڵەبانی – کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی ژنانی کوردستان – سلێمانی .

(٢) سەرچاوەی پێشو .

(٣) سەرچاوەی پێشو .

(٤) جەلال تاڵەبانی – یادی یۆبیلی زێرینی جاڕدانی مافی مرۆڤ – سلێمانی .

مافی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆی بە ئازادی"[١].

- " کۆمەڵی گەنجان ، پێغەمبەری خوا بەو زمانە شیرینەو لێوە موبارەکانە ، بەو کەلیمات و لەفزە پیرۆزانە رووڵە ئێوەدەکا . گەنجانی ئۆمەتی محەمەد ( یا معشر الشباب ) ، چ سەرکردەیەك ؟ چ قائیدێك ؟ چ سەرۆك حیزبێك لە دنیا ئاوا بە شیرینگوفتاری قسە لەگەڵ هاولاتییەکان و هاونیشتمانییەکانی دەکا ؟

کۆمەڵی گەنجان هەرئێوەن پیاوی مەیدان ، وەرن بگەڕێنەوە بۆ ئیسلام ، وەرن بۆ لای خواو مورشیدی ئەعزەمتان (محمد المصطفى ) . وەرن خوا گازتان دەکا ، پێغەمبەرتان گازتان دەکا ، ( یا معشر الشباب ) هەر ئێوەن ، وەرن گەنجانی زەمانە بگەڕێنەوەبۆ ئیسلام چونکێ هەر ئێوەنە قوەت و رەمزی ئیسلام ، هەر بەئێوە ئیسلام سەرکەوتووە لەسەر دونیا. هەر ئێوەن لە پێناوی خودادا خینی خۆتان بەخشیوە . کۆمەڵی گەنجان ، ئێوەن پیاوی دوارۆژی ولات و نیشتمان ، ئێوە دڕکی چاوی دوژمنانن ، ئێوە رۆژی روناکی ولات و کوردستانن "[٢].

ئەو سرودە نیشتمانیانەی کە لە خوێندنگاکاندا فێری منداڵان دەکرێن و لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بلاودەکرێنەوە ، زۆربەیان هاندانن بۆ بەرەنگاری و هەڵمەتبردن و خوێنڕشتن و گیانفیداکردن، کە هەموویان ئەرکی زمانن . لێرەدا چەند نموونەیەکی کەم لە هەندێ لەو سرودانە دەخەینە ڕوو :

- ئێمە رۆڵەی رەنگی سوورو شۆڕشین
سەیریکە خوێناویە رابوردومان
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئالاکەمان[٣] ( دڵدار )

★★★ ★★★

- من پێشمەرگەی کوردستانم ئامادەی جەرگەی مەیدانم
بەسەرو ماڵ و گیانم ئەیپارێزم نیشتمانم
دەست لە چەکم ، دەست لەچەکم هەڵناگرم
یا سەر ئەکەوم یا ئەمرم[٤] ( برایم ئەحمەد )

---

(١) بەرهەم ئەحمەد ساڵح – بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق – کۆیە – ٢٠٠٥/١٢/٦ .
(٢) جەمیل عەلی – ئامۆژگاری بۆ گەنجان – وتاری ئاینی– هەولێر – سەنتەری سایە – ٢٠٠٥ .
(٣) عبدالخالق علاءالدین – دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد– ل١٧٤.
(٤) فازڵ قەفتان– سرودی نیشتمانی و نەتەوەیی – ل ٢٢ .

★★★ ★★★

- ئیتر هیمەتێ دڵ بە ئازارە گەل
هەژارو وڕو دەم بە هاوارە گەل
بە زانین نەجاتی بدەن لاوەکان
لە ژێر دەستی خوێنڕێژی زۆردارە گەل[١] ( دڵزار )

★★★ ★★★

– سەدەی بیستەمە ، کوردە غیرەتێ
لە خەو راپەڕە ، هەوڵێ ، هیممەتێ
بەسیە نەزانی ، عیلم و سەنعەتێ
سووکی هەتاکەی؟ ناوێ ، حورمەتێ
هۆش و بیرت بێ..پیاوی ژیرت بێ
لەجێی سەربەستی بۆ زنجیرت بێ؟[٢] ( بێکەس )

★★★ ★★★

– ئەی کوردینە ئەی مەردینە
با دەست لەناو دەستکەین هەموو
بۆ بەرزێتی خاکی وەتەن
بۆ یەکیەتی بچین هەموو – کوردین هەموو[٣] ( زێوەر )

★★★ ★★★

– دەمی راپەڕینە دەمی ڕاپەڕین
هەتاکەی بە سستی و بە پەستی بژین
پەلامارێ ئەی کورد ، ئارەق رشتنێ
.........................
بگرمێنە وەك شێر بچۆرە نەبەرد
بلێ کوا حەقی ژینی ئینسانی مەرد؟[٤] ( گۆران )

---

(١) ئەحمەد مستەفا حەوێزی – دیوانی دلزار – ل ١٧٧ .
(٢) محمدی مەلا کریم – دیوانی بێکەس – ل ٦٨.
(٣) نجم الدین مەلا – دیوانی زێوەر– ل ١١٠.
(٤) محمدی مەلا کریم – دیوانی گۆران – ل٤٠٣.

- ئەی دلێران بێچوە شێران
بەسیە هەڵسن لە خەو وا بەیانە
بۆ بەرزی قەومی کورد تێکۆشن دەستوبرد
چاوی لێتانە دایکی وەتەن
چارەسازان کاربەدەستان
بۆچی وا مات و بێدەنگ و دوورن ؟
ئۆباڵی قەومی کورد لە ئەستۆی ئێوەیە
چاوی لێتانە دایکی وەتەن(١) ( بێکەس )

★★★ ★★★

- تا ئێستا ڕوینەداوە لە تاریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا
پێیناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین(٢) ( پیرەمێرد )

★★★ ★★★

هەندێجار هاندان بەمەبەستی کەتن پێکردن بەکاردێت کەگوێگر بەرەوهەڵدێر دەبات و کارێکی پێدەکات کەئەنجامێکی خراپی هەبێت و بەملشکاندن کۆتایی بێت . بەم جۆرە هاندانە دەوترێ ( هەسان ، یان سابوونی لە بنی پێی دا ، یان فریویدا ) .

- نێچیری خۆت لەدەست مەدە .
- بەرخی نێر بۆ سەربڕینە .
- شێر بتخوا ، نەك ڕێوی بتشکێنێ .
- شێر کە پیر بوو ، چەقەڵ گاڵتەی پێدەکا .
- دار نەرم بێ ، کرم ئەیخوا .
- میوە کە گەیی، ئەگەر نەیکەیتەوە ئەگەنێ .

---

(١) محمدی مەلا کریم – دیوانی بێکەس – ل ٢٠٧–٢٠٨.

(٢) محمد رسول ( هاوار ) – پیرەمێردی نەمر – ل ١٢٠.

## ورەبەرزکردنەوە :

ئەرکێکی گرنگی زمانەو بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیی رۆژانەیە . لە کاتیرووداوی کارەساتێك و بێ هیوابوونی تاکەکانی کۆمەڵدا ، زمان بە ئەرکی ورەبەرزکردنەوە هەڵدەستێت بەمەبەستی بەردەوامیو کۆڵنەدان لەو بوارەدا . زۆرجار لە لایەنی رامیارییەوە، بەتایبەت لەکاتی جەنگدا ، راگەیاندنەکان و سەرکردەکان دەربڕینە زمانییەکان دەخەنەکار بۆ بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەرو لایەنگرانی خۆیان و زۆربەی جاریش کاریگەریی تەواو لە گوێگردەکەن ، بەڵام لەوانەیە دەربڕینەکان لەڕاستییەوە دووربن ، یان قسەکەر خۆی بڕوای تەواوی بە قسەکانی خۆی نەبێت . بەدەربڕینێکی تر، زۆرجار درۆکردن کە ئەرکێکی زمانە ، ئەرکی ورەبەرزکردنەوە دەبینێت و لەگەڵ هاندان و دڵدانەوەدا زۆر لەیەکەوە نزیکن و هاوبەشیی زۆریان هەیە . هەروەها گوێبیستی ئاوازێکی تایبەت دەبین کە بڕوا بەخۆبوون و ورەبەرزیی قسەکەری تێدا پیشاندەدرێت .

- بڕوام پێتە ، دڵنیام ئەمجارەیان دەردەچیت .
- مەترسە خەڵکی وا دەرچوون ، لەچاو تۆ هەر هیچ نازانن .
- خۆمان بۆ هەموو رواداو و کارەساتێك ئامادەکردووەو لەوپەڕی ئامادەباشیداین .
- تیمی تایبەتمان بۆ روبەڕوبوونەوەی روداوەکان ئامادەکردوەو شارەکەمان دڵنیا دەکەینەوە کە کارەساتی جەرگبڕ ڕونادات .
- ئیش لە پیاوان دەقەومێ ، وابزانە هەر هیچ نەبووە .
- جووت و گا، لەبەر بەراز تەرك ناکرێ .
- بۆ وا لەخۆت دەکەی؟ دنیات لێ بووە بە چەرمی چۆلەکە . وانابێ باوکی من.

ئەو دەربڕینانەی کە لەکاتی جەنگدا بەکاردێن زۆربەیان ( راست بن یان درۆ ) تایبەتمەندییەکیان هەیە کە دوو ئەرك دەبینن . بۆ جەماوەرو لایەنگرانی خۆیان ( قسەکەر ) ، ئەرکی ورە بەرزکردنەوە دەبینن . ئەگەر گوێگرەکان بەرهەڵستکارو دوژمن بن ئەوا هەمان دەربڕین ئەرکی ورەدابەزاندن دەبینێت . واتە بە گۆڕانی گوێگر ئەرکی دەربڕینەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت و پێچەوانە دەبنەوە و کە لەوانەیە قسەکەر تەنیا بەیەك مەبەست بەکاریان بهێنێ و دەشکرێ هەردووکیانی مەبەست بێت . بۆ نموونە :-

- مژدەی سەرکەوتن وا بەرێوەیە چاوەڕێ بن .
- هێزە قارەمان و ماندونەناسەکەمان لە سەرکەوتن و بەرەو پێشچوونی بەردەوامدایە .
- هەڵمەت بەرن ، هیچ هێزێك ناتوانێ بەرامبەر بە گوڕوتینی چەوساوەکان بوەستێ.

- شێرەکوڕانی (            ) چۆکیان بە دوژمنانی گەل و نیشتماندادا .
- سەیر کەن ، چۆن لاشەو کەلاکی بەجێماوی خائینان ناوچەکەی بۆگەن کردووە !
- بەور ئاساکانی (            ) هەڵمەتبەرن ، هەڵمەتبەرن ، مەهێڵن چیتر خاکی نیشتمان بە پۆستاڵی رەشی دوژمنان پیس بێت .
- مژدە ، مژدە ، مژدە . مژدەی سەرکەوتن بە خەڵکی کوردستان و دڵسۆزانی گەل و نیشتمان دەدەین کە شاخەکانی (        ،        ،        ) لە دوژمنان پاککرانەوەو دوژمن هەروەك رەفتاری ئاسایی خۆیان لە هەڵاتندان و چەندین لاشەیان لێ بەجێماوە. رۆڵە بە ئەمەك و ئازاکانی ئێوەش لە سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی بەردەوامدان .

## ورەدابەزاندن :

ئەرکێکی تری زمانە ، بەپێچەوانەی ورەبەرزکردنەوە، بۆ وازهێنان و بەردەوام نەبوونی کەسێك لەسەر کارێك و هەڵوێستێك و بۆ روخاندن و بێ هیواکردنی بەرامبەر بەکاردێت .

- بەخوا تازە تێچووین .
- تۆ بەتەمای شان لەشانی (            ) بدەیت ؟!
- دانیشە ، دەست بە کلاّوی خۆتەوەبگرە ، ئەوە ئیشی تۆ نییە .
- تازە تۆ تەواو ، بەتەمای لەوەباشتر مەبە و هەر خۆشت وات لە خۆتکرد .
- خراپمان بەسەرهات زۆر زەحمەتە هەستینەوە .
- زۆری لە ئێمە بەرزترو بە تواناتر هەوڵیاندا سەرنەکەوتن ، ئەوە بە ئێمە دەکرێ ؟!
- بە خوا ئاسنی سارد دەکوتی .
- من هیچ تروسکایەك نابینم و یەکتۆز دڵم پێی خۆش نییە ، حەقیشم نییە بەسەرتانەوە ، بەئارەزوی خۆتان بکەن، بەلاّم ئەوەندە دەڵێم کارێکی بێ هودەیە .
- مریشك هێلکەی قاز بکا قونی دەدڕێ .
- ریسەکەت کردەوە بە خوری.
- تۆ بلوێر بۆ گا لێدەدەی .
- پووش لە کا ئەبژێری .
- دار پیرئەبێ، جارێك بازی بەسەرەوە ئەنیشێ . تازە ڕۆیی .
- دار کە لار بوو، سێبەریشی لارە . خۆت ماندوو نەکەی باشترە.
- کاریتە لە کفر هەڵناکەوێ .
- کا هی خۆت نەبوو، کادان هی خۆت بوو.

- کەری بەتاڵ خێرا دەڕوا . تۆ چاو لەو مەکە.
- کەشکیش برای دۆیە .
- تۆ بەزت بە پشیلە سپارد ، بۆیە بەدوایدا نەچی باشترە .
- ئەوەی تۆ دەیکەی،لە ئاولەبێژنگکردن زیاتر هیچی تر نییە .

هەندێ جار بەمەبەستی دابەزاندنی وورەی کەسێك یان کۆمەڵێك ، ستایشی کەسێکی تردەکرێت بۆ نموونە لە مەولودا دەوترێ :-

ئەحواڵیان پرسی / گوتیان بۆچی دەلورێنی ؟ بۆچی دەترسی؟/ بۆچی دەلەرزی ؟/ گوتی وەختە لە عادزیان بپسێم/ لە حەیفان بدرێم / رەواجمان نەما /پشتمان شکا / نوری حەزرەتی خاتیمەلئەنبیا/ قەراری گرت لە ڕەحمی دایکیا / مەبعوس دەبێ بەنووری رەخشان / بە شیری بوڕڕان / دەشکێنێ بت و ئەصنام /شەراب و قوماران دەکا حەرام / ئاتەشگەدان دەسوتێنێ / موعجیزان دەنوێنێ / سەر ڕەقان نەرم دەکا / دڵساردان گەرم دەکا / کوفر تەواو قطع دەکا / کافران بلاّو دەکا / رەجمی شەیتان دەکا / ئەتکی صەلایتن دەکا/ مانگ بە ئەنگوست شەقدەکا/ جێ بەکافران لەقدەکا/بەیداغی دین هەڵدەکا / چوارپەلی زاڵمان پەل دەکا / دونیا رەوشەن دەکا/ زەمین گوڵشەن دەکا / لەڕێی خودا غەزا دەکا / دینی بەحەق ئیحیا دەکا / ساحیبی نوورە/ باعیسی سرورە / تاجی کەرامەتی لەسەرە / شەفیعی رۆژی مەحشەرە / صاحیبی موعجیزەو کیتابە /ئەمر دەکا بە چاکەو نەهی دەکا لە خراپە / سەیدلوڕسەلینە/ رەحمەتەن لیلعالەمینە/خاتیمونەبیینە / ناوی موبارەکی محەمەدو ئەحمەدو تەهاو یاسینە / هەموو بڵندان دەکا نەوی / هیچ پێغەمبەرەکی تر نابن پاشی ئەوی / ئومەتی ویە سەردەفتەر / چونکە دەکەن ئەمر بە معروف و نەهی لە مونکەڕ[١] ....

## دڵدانەوە :

- لەدڵی خۆتی مەگرە ، وای بەمنیش نەوت ؟ لێی ناگیرێ .
- بەخوا حاڵی من لە تۆ خراپترەو خۆشت باش دەزانیت ، بەلاّم چی بکەم ؟ هەردەبێ تەحەمولکەم .
- چاك نەبوو خۆت سەلامەت دەرچووی ؟ بەخوا شوکرانەی دەوێ .
- هەموو سەروەت و سامانی دنیا ناکاتە پەنجەیەکی خۆت و مناڵەکانت .
- سەیری خەڵکی بکە ، زۆر لە تۆ خراپتر هەیە ، دەبێ دڵی خۆت بەوان بدەیتەوە .

(١) حاجی مەلا عبدالله جەلی – مەولودنامەی کوردی – ل٣٥- ٣٦.

- کوڕی باش دوو دەرس چییە ؟ برادەرەکانت زۆربەیان شەش و حەوتیان بۆ هاتۆتەوە .
- خۆت دڵتەنگ مەکەو گوێشی مەدەرێ، هەموو پۆلەکەت و مامۆستاکانیش دەزانن ، تۆ یەکەم بووی ، بەڵام غەدرت لێکراوەو ئەویان یەکەمکرد .
- تەلەبە، دەریشدەچێ و دەشکەوێ و دەشمێنێتەوە ، خۆ نابێ هەموو هەر دەربچن ، دەبێ سێچوارێکیش بمێننەوە .
- سەر سەلامەت بێ ، ماڵی دنیا چڵکی دەستە. ماڵ دەبێتەوە ، بەڵام سەر نابێتەوە، شوکری خوابکە.
- راست بەو برۆ رێی شێر .
- عومری پیرە مەرێکی ماوە ، خۆتی پێ سەغڵەت مەکە.
- مشەوەش مەبە، رێوی بێ مریشك هەڵناکا، بەیانی دەچێتەوە لای .
- هەموو هەر دەمرین هیچ دەسەڵات نییە . دەبێ شکوربین . چاك نییە لەناو ماڵ و منداڵ و کەسوکاری خۆیدا مرد ؟ چاك نییە بەمردنی خۆی مرد و هیچ کێشە و دوژمنایەتی لەدوای خۆی بەجێنەهێشت ؟

## ستایشکردن :

پیاهەڵدان بە شانوباڵی کەسێك یان کۆمەڵێکدا ، بە ستایشکردن ناودەبرێت و نەریتێکی باوی کۆمەڵە ، هەموو کاتێك لایەنە باشەکانی کەسی مەبەست دەخرێنەڕوو . ئاوەڵناوەکان رۆڵی سەرەکی دەبینن لە دەربڕینەکانی ستایشدا . هەندێ جار ، ستایشکراو گوێگرەو ئامادەیە، هەندێ جاریش ئامادەنییە . لە ئەدەبی کوردیشدا ستایشکردن یەکێە لە مەبەستە شعرییەکان و پانتاییەکی گەورەی بەتایبەتی لە ئەدەبی کلاسیکدا داگیرکردووە .

ستایش چەند جۆرێکی هە یە :-

### ١. ستایش یان پیاهەڵدانی ئاسایی :

- ماڵێکی زۆر باشن . چەند ساڵە دراوسێین تائێستا رەفتارێکی ناشیرینمان لێ نەبینیون .
- کچێکی زۆر خانومانە ، تابڵێی مەندو مەستوورە.
- کوڕێکی زۆر رێك و رەوشتبەرزو پیاوانەیە .
- لە چاکە بەولاوە هیچی ترم لێ نەدیتووە .
- لە جوانیدا رەفیقی نییە ، بێ هاوتایە . تاکی نییە.
- جا کێ ئەو باڵا رێك و ئەو قژە جوانەی تۆی هەیە ؟
- ناوچەیەکی خۆشتان هەیە ، ئەڵێی بەهەشتە !

- کوڕی تەنگانەیە ، باوکیشی پیاوە .
- هەر بە بنەماڵە ئینسانی چاکن .
- هەموویان خەڵکی بەهەڵوێست و تێکۆشەرن .
- دایکیان ژنێکی زۆرچاکە بۆیە کچەکانیشی وا چاکن .
- سیاسەتێکی راست و رەوا پیادە دەکەن .

٢. **ستایشی دبلۆماسیانە :**

پلەیەك لە پیاهەڵدانی ئاسایی بەرزترەو هەندێ دەربڕینی بریقەدارو گرنگیدان بەڕەوانبێژی تێدا دەردەکەوێت و، جاریواش هەیە قسەکەر خۆی باوەڕی بە دەربڕینەکانی خۆی نییە بەڵام بۆ مەبەستی دەسکەوت یان مەبەستێکی تایبەتی ئەم ستایشەی بەرامبەرەکەی دەکات .

- کۆیەی شاری شاعیران و سیاسەتمەداران و دایکی شەهیدان .
- کۆیەی حاجی قادرو مەلای گەورەو عومەر دەبابەو مامۆستا جەعفەرو شەهیدان و پێشڕەوانی کوردایەتی و خەڵکی نوسەرو داهێنەری کوردەواری[١] .
- لە شاری کۆیەی خۆشەویستا ، شاری زانستپەروەرو رۆشنبیری و مەدەنیەتدا ، ئەو شارەی مەلای گەورە یەکەم کچی ناردۆتە مەکتەب[٢] ...
- سلێمانی ، شاری هەڵمەت و قوربانی .
- شاری سلێمانیی قارەمان .
- رانیەی دەروازەی راپەڕین .
- هەولێری هۆلاکۆ بەزێن .
- شاری پاشای گەورە .
- دینی پیرۆزی ئیسلام مافی ژنانی پاراستووە .
- ژنانی کوردستان هەمیشە لە خەباتدا دەورێکی گرینگیان هەبووە .
- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەڵگری ئاڵای وەکیەکیی ژن و پیاو بووە[٣].
- رێکەوتننامەی واشنتۆن رێکەوتننامەیەکی بێ وێنەیە لە مێژووی گەلی کورددا[٤].

---

(١) بەرهەم ئەحمەد ساڵح – بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق – کۆیە – ٢٠٠٥/١٢/٦ .

(٢) سەرچاوەی پێشو .

(٣) جەلال تاڵەبانی – کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی ژنانی کوردستان – سلێمانی .

(٤) سەرچاوەی پێشو .

- گـەنجی ئـەم وڵاتـە ، لاوی کوردسـتان ، پەرۆشـی ئاینـدەی خۆیـەتی و پەرۆشـی کوردایـەتی و پەرۆشی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانە[١] .
- ئەو گەنج و لاو و خوێندکارانەی کە گلەیی لە ئیدارەو لە جۆری بەڕێوەبردنی کارەکانمان و لـە گەندەڵی و لە دیاردە ناشیرینەکانی کۆمەڵگاکەمان دەکەن ، بەلای من و بەلای زۆرینەی ئێمەوە نیشـانەی دڵسـۆزیو وەفایـە بـۆ خـوێنی شـەهیدەکانمان. نیشـانەی ڕێزگرتنـە لـە خـەبات و مانـدوبوون و رەنجـی نـەوەکانی پـێش ئێـوە . نیشـانەی پەرۆشـییە بـۆ ئایندەیـەکی ئاسـودەو پێشکەوتوو لەم وڵاتەدا[٢] .
- ئەم هێزە سیاسیانەی کە ئەمڕۆ لە لە هاوپەیمانیی کوردسـتان کۆبونەتـەوە ، ئـەو هێزانـەن کـە دەتـوانن کارامـە، کاریگەرانـە ، داکـۆکی لـە داخوازییـەکانی ئێـوەو بەرژەوەندییـەکانی ئێـوە بکەن[٣].
- خۆشـحاڵم کـە ئـەمڕۆ لەگـەڵ سـەرکردەیەکی ئـازاو لێهـاتووی بـە دیموکراسـی هەڵبـژێردراوی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کۆدەبمەوە .
- هەمووومان پەرۆشی ئایندەی ئەم وڵاتەین وە مەبەستمانە لەودیو حەمرینـەوە بـە یەکدەنگ و بەیـەکئیرادە دیفـاع لـە کوردسـتانیبوونی کـەرکوك و دیفـاع لـە بەرژەوەندییـەکانی خـەڵکی کوردستان بکەین[٤].

### ٣. ستایشی ئاینی :

مەبەست لـەم جۆرەی سـتایش ، پیاهەڵدانـە بـە خـواو پێغەمبـەرو یـاوەران و پیـاوانی ئیمانـدار ، ئەمەش بە زۆری لە ئەدەبدا رەنگیداوەتەوە . هەروەها لە ( مەولود) یشدا کە بۆنەیـەکی کۆمەڵایـەتی-ئاینییە زۆر دەردەبڕدرێت . لە ئاخاوتنیشدا بە تایبەتی لـە وتـاری ئـاینی و دوعـاو پاڕانـەوەو هانـدانی گەنجان بۆ رووکردنە مزگەوت و جیهاد و .... زۆربەکاردێت .

- پیاوێکی ئیمانداره .
- پیاوێکی نوورانییە .
- پێغەمبەری خۆشەویست ( محمد المصطفی ).
- خوا ئیشی نابەجێ ناکا .

---

(١) بەرهەم ئەحمەد ساڵح – بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق – کۆیە – ٢٠٠٥/١٢/٦ .

(٢) سەرچاوەی پێشو .

(٣) سەرچاوەی پێشو .

(٤) سەرچاوەی پێشو .

- کۆمەڵی گەنجان، خۆشەویستی پێغەمبەری خوان و ڕێزیان هەیە . کوردستان پێویستی بە گەنجی وەك ئێوەی بەدەستنوێژ هەیە . ئێوەی مالآنی خوا ئاوەدان دەکەنەوە، ئێوەن شەیتان لەبەرتان هەڵدێ ، هەر ئێوەن لە پێناوی خودا خینی خۆتان بەخشیوە لە سەردەمی( محمد المصطفى ) . هەر ئێوەی بەڕێزن گولی هەموو مەجلیسێکن ، پیاوو غیرەتداری هەموو شوێنێکن . کوردستان پێویستی بە پیاوی وەکو ئێوەی دەستپاکی چاوپاکی دڵپاك هەیە . بۆ رزگاریی دین ، رزگاریی ولأت ، رزگاریی نیشتمان ، دیفاع لە ئیختیارو ریش سپیان ، دیفاع لە کەرامەتی دایکتان و خوشکتان هەر ئێوەن[1] .
- نوێژ لەسەر داوێنی بکە.
- دەڵێی پەپولەی بەهەشتە .
- لە مەولودا لە ستایشی پێغەمبەردا دەوترێ :-

ئەی موسوڵمانینە رەحمەتتان لێبێ ، گوێبگرن لە باسی وەلادەتی گوڵی گوڵسانی نبووەت / سەروی بوستانی فتووەت / سوڵتانی تەختی جەلالەت / ئافتابی فەلەکی ریسالەت / سەردەفتەری ئەنبیا/ تاجی سەری ئەولیا / نوری دڵی ئەتقیا / مەعدەنی صدق و سەفا / یەعنی حەزرەتی (محمد المصطفى )[2] .

٤. **<u>ستایشی پێچەوانە :</u>**

جۆرێکیتر لەستایشکردن هەیە کەدەکرێ بەدوولایەن لێکبدرێتەوە . لەیەککاتدا باس لەزیرەکی یان وریایی کەسێك دەکات ، لەهەمان کاتدا مەبەستی شکاندن و دەرخستنی فێڵبازی یان کەم عەقڵیی کەسەکەیە .

- لەناڵیش دەدات و لەبزماریش .
- هەرکەس کەربێت ، ئەو کورتانە .
- با لەکوێوە بێت ، ئەولەوێوە شەن دەکات .
- پشتی بە ئەرزناکەوێ .
- گوێز بەگومەزدا هەڵدەخات .
- جۆ بەدیوارا هەڵئەگێرێ .
- دەیباتە سەرچەم و ئاویشی نادات .
- چاوی جن دەردەهێنێت .

(١) مەلا جەمیل عەلی – ئامۆژگاری بۆ گەنجان – وتاری ئاینی– هەولێر – سەنتەری سایە – ٢٠٠٥ .

(٢) حاجی مەلا عبدالله جەلی – مەولودنامەی کوردی – ل ٦.

- شەیتان ڕێی پێنابات .
- شەیتان دەرسی داوە .
- شەیتان دەرس دەدات .
- شەیتان پرسی پێدەکات .
- دوو پشقلی بکردایە ، گۆشتی ئەخورا .
- بارەگوێزی لێبنێ ، خرەی نایەت .
- سوار لەزین دەهێنێتەخوار .
- لەگەڵ گورگا گۆشت ئەخوا ، لەگەڵ مەڕا شین ئەکا .
- گورگی باران دیدەیە .
- هێلکەی بێ زەردێنە ئەفرۆشێ . ( هێلکەی لێ بکڕی ، زەردێنەی تێدا نییە ) .
- هێلکەی شکاو پینەدەکات .

### ٥. ماستاو – مەراییکردن :

بەشێکی تری ستایشکردن کە زیادەڕەوی تیادەکرێ و زیاد لە پێویست بە شانوباڵی کەسێکدا هەڵدەگوترێ بە ماستاوکردن یان مەراییکردن ناو دەبردرێت کە دیاردەیەکی ناپەسەندو ناشارستانیی باوە . ئەوەی ئەم کارە دەکات پێی دەوترێ ماستاوچی، ماستاو ساردکەرەوە.

– کلکە لەقێی بۆ دەکات.
– پیازی بۆ پاك دەکات .
– تەشی لەبەر ئەڕێسێ .
– ڕووبەڕوو دەم چەور، پاشملە دەم تەور .
– بەر لەمەلا دەچێتە مزگەوت.
– بەر لەوەستا دوکان گەرم دەکات .

هاو واتاو ئاوەڵناوەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن و بەزۆری جێناوەکانی ( کۆ ) لە جیاتی (تاك) بەکاردەهێنرێن . هەموو کاتێك لە پلەو پایەی کۆمەلایەتیی نزمەوە بۆ بەرز دەکرێت و بۆ مەبەستی دەسکەوت و ڕازیکردنی سەرەوە ئەنجام دەدرێت .

– هەوڵ و تێکۆشان و خەبات و گیانفیدایی بەڕێزتان ، شایانی زۆر زۆر لەوە زیاترن .
– ئەم پۆستەی بەڕێزتان شتێکی زۆر کەمە لەچاو ئەو هەموو سەروەرییەی جەنابتان .
– هەموو کاتێك خۆم بەخزمەتکاری ئێوەی بەڕێز دەزانم ، چونکە من بەبێ ئێوە هیچ نیم .
– بەخوا ئەو کۆلیژە بەتۆ نەبێت بە کەسی‌تر بەڕێوە ناچێت . لەوەتەی جەنابتان

دەستبەکاربوون سیمای زانکۆو کۆلیجی پێوەدیارە .

– ئەم جێگەو پلەو پایە هەر لەخۆتان جوانە ، بەبێ تۆ ئێرە بێنازدەبێت ، دڵمان تەنها بە بەڕێزتان خۆشە کە نەهێڵی مافمان بخورێت و داکۆکیمان لێبکەیت .

– هەست بەماندوبوون و هیلاکی و شەونخونی و هەوڵە بەردەوامەکانتان دەکەین ، سەرمان لە پشودرێژی و ورەبەرزیت سوڕماوە ، بەڕاستی کۆڵنەدەریت . خوا تەمەنتان درێژبکات و بۆ ئێمەتان بهێڵێ .

– خۆشەویستیی ئێمە بۆتۆ ، پێویستیی ئێمە بە تۆ وەکو ماسی و دەریا وایە .

## ٦. خۆهەڵکێشان

خۆهەڵکێشان بەشێکە لە ستایش ، بەڵام جیاوازیشن ، چونکە ستایش بۆ کەسێکی ترە. هەرچی‌خۆ هەڵکێشانە، پیاهەڵدان و ستایشی خودی قسەکەر خۆیەتی. بەزۆریش خستنەڕووی لایەنی چاکەی خۆیەتی ، لە هەموو جۆرە هەڵوێستێکدا باسێکی خۆی دەهێنێتە ناوەوە کە لەوانەیە راست بێت و لەوانەشە درۆبێت . لە لایەنی کۆمەڵایەتیشەوە دەبڕینەکان بە فشەفش و قسەکەریش بە فشەکەر و خۆهەڵکێش ناودەبردرێت . بەشێوەیەکی گشتی، گوێگر بە گومانەوە قسەو گوتنەکانی قسەکەر وەردەگرێت و بەڕەوشتێکی باش دانانرێت . کوردیش وتوویەتی ( پیاو عەیبە مەدحی خۆی ( باسی خۆی ) بکات ) ، ( تەعریفی خۆکردن ، پەموو جوونە ) .

- بڕیارماندا داتانمەزرێنین . } فەرمانبەرێك کە هیچی بەدەست نییە{

- جا ئەوە چییە ؟ من چەند شتی لەوە سەیرترو ناخۆشترم دیوەو بەسەرهاتووە .

- هەزاری وام بردۆتە سەر ئاو و ئاویشم نەداوەتێ .

- هەزاری وام نالکردووە .

- ئەوەی لەمن دەدا ، ئێستا لەداکی‌خۆی نەبووە .

- ئەوەی رێ بەمن دەگرێ، هێشتا سەری لەهێلکە نەجوقاوە .

- ئەو (        ) ی کە ئێستا وەزیرە، بەخوا سەردەمێك مەمنون بوو من قسەی لەگەڵدابکەم، بەڵام دەڵێی چی ؟ ئەوە دنیایە .

- ئەوە ئیختیصاصی خۆمەو کەس وەك منی لێنازانێت .

- من خۆم هەر بەو شێوەیە کارم کردووەو هەرواش دەبم ، رێگە بە هیچ کەسێك نادەم بە هیچ جۆرێك دەست بخاتە ناو ئیش و کارەکانمەوە ، مومکین نییە .

- من یەکەم کەس بووم کە ئەم زاراوەیەم داهێنا .

- هەموو ئیش و کاری زانکۆکە لەسەرشانی منە، بڕواتان هەبێ یەك ڕۆژ نەچم ، هیچ ئیش و کارێك ناڕوات ، خۆ کەسیان هیچ نازانن . } فەرمانبەرێکی ئاسایی {
- من رزگارکەری شاری ( ) بووم .
- من یەکەم جار ئەو بیرۆکەم خستەڕوو ، بۆیە ئەوە بە بەرهەمی هەوڵ و ماندوبوونی خۆم دەزانم ، بەتەنیا .
- بە قەت تووکی سەری تۆ کتێبم خوێندۆتەوە .

ئەم دەربڕینانە بۆ مرۆڤی خۆهەڵکێش و لەخۆبایی بەکاردێن :

+ بەتڕ گوێز ئەشکێنێ .
+ شا بەسەپانی خۆی نازانێت .
+ کیسەڵ ئەڵێ من بەجامی سەپان ئاوناخۆمەوە .
+ بەکەوچك ئەڵێ قاچوغ .
+ خزمی خەزوری سەپانی شێخە .
+ زەڕینی هەیەو پەڕینی نییە .

لەوەڵامی خۆهەڵکێشاندا دەوترێ :

⋆ کەری ئەوبارە نییە ، پێویست بەفشەفش ناکات .
⋆ بەزەڕەی کەر بەهار نایەت .

لە ئەدەبی کوردیشدا ، بەتایبەتی لای شاعیرەکلاسیکییەکان، خۆهەڵکێشان بەڕادەیەکی زۆر بەرچاو دەکەوێت . هەروەها ئاخاوتن بە زمانێکیتر لەناو هاوزمانانندا ، بەجۆرێك لە خۆهەڵکێشان دادەنرێ .

## هێرشکردن :

لەئەنجامی هەڵچوونی باری دەروونیدا ، هەندێ جار ، قسەکەر هەندێ دەربڕین بەکاردەهێنێت کەزۆر توندوتیژ و بریندارکەرن .

- " دیارە لەئەنجامی ئەو وەزعەنالەبارەی لەکوردستان دروست بووە دوژمنانیکورد و کوردستان و حکومەت و پەرلەمان ، ئیستیغلالی زروف ئەکەن و کاری ناڕەواو **نامەردانە** ئەنجام دەدن دژ بەکوردو کوردستان و خەڵکی بێ تاوان "[1] .

– ئەوگەنجەیش کە قژی بەرداوەتەوەو سمێڵی تاشیوە ، بڕۆی کردووە ، سوراووسپیاو ئەکا، ئەخولێتەوە بەدەوری مەکتەبەکانا، لەهەرشوێنێ شەیتانی لێبێ لەوێ حازرە. لەهەرشوێنێ

---

(١) کۆسرەت رەسول – کوردستانی نوێ ژمارە – ١٥٦٦ لە ١ /٣ /١٩٩٨ .

فەسادبێ سەرچۆپییەکەی گرتووە ، ئەوە مەزبەلەیە[١] .

- ڕۆنی سەگیان لەلەشی داوە .
- گەنەی گونی گا .
- کەری ناو جۆگا .
- بدا بەلای کەرا ، جاشەکەی ئەدزێ .
- سنگشێری ماکەرپشت .
- گای ناو گۆلکان .
- حەرامزادە ، زۆڵ ، بیژی .
- کوردستان پێویستی بە ئینسانی خائین و خونفوس و ( بذيء ) نییە ، پێویستی بەو گەنجانە نییە کەوا لە نادیەکان و لە مەلهاو لە مەرقەصەکاندا گەورەدەبن[٢] .
- ئینسانی بۆگەن و دەغەڵ و گەندەڵ و تاوانبارو لوتبەرزو موتەکەبیر، ئینسانی خوێنڕێژو دزو پیاوکوژ جێی نابێتەوە لای خوا[٣].
- لە دنیادا ژیانی غەددارو عارەقخۆرو شەڕواڵ پیس و پیاوکوژ و وڵات کاولکەر ، فەرقی هەیە لەگەڵ ژیانی[٤] ......
- هەموو ڕۆژێ بە میکیاج ، بە سوراو و سپیاو ، بە قولو قاچ دەرخستن ، بە سنگ دەرخستن و قۆڵ دەرخستن، بە جلی کوردی لەبەرکردن هەڵبەزو دابەزو ڕەقس و سەما ، بەرەسمی ناشیرین گرتن لە مجەللەکانا ، بە بلاْوکردنەوەی فلیمی سێکسی لەناو سیدیەکانا ، لەناو تۆمارگا ناموبارەکەکانا بەدەستی خائین و دەستی ڕەش و تیرۆری گەنجەکان ، بە هەزارەها سەنتەر ، بە هەزارەها شوێنی خراپ[٥] ........
- ئێوە مەزبەلەن ، ئێوە جەرثومن ، ئێوە ڤایرۆسن ، میکرۆب بلاْوئەکەنەوە، ئێوە ئیغتیالی من و دینی من و مێژووی من و حەزاڕەتی من ئەکەن . ئێوە تیرۆریستن و ئیرهابین، ئێوە نەوەی ئەبولەهەبن ، ئێوە جێنشینی زولەیخای بێ ئەدەبن[٦] .

لە مەولودا ، لە هێرشکردنە سەر ئیبلیسدا دەوترێ :-

---

[١] ئەحمەد عەبدولوهاب – گەنج لەکۆمەڵی کوردەواریدا – وتاری ئاینی – هەولێر– سەنتەری سایە – ٢٠٠٥ .

[٢] جەمیل عەلی – ئامۆژگاری بۆ گەنجان – وتاری ئاینی– هەولێر – سەنتەری سایە – ٢٠٠٥ .

[٣] ئەحمەد عەبدولوهاب – گەنج لەکۆمەڵی کوردەواریدا – وتاری ئاینی – هەولێر– سەنتەری سایە – ٢٠٠٥ .

[٤] سەرچاوەی پێشو .

[٥] سەرچاوەی پێشو .

[٦] سەرچاوەی پێشو .

ئیبلیسی پیسی خەبیسی پڕ تەبلیس و غەدداری خونخواری مەككاری سەححاری تەڕاری ئیدباری بێعاری سەكساری مرداری مەلعونی مەطرودی جەهەننەمی[١] ...

هەندێ لە دەربڕینەكان ، دیوێكیان ستایشەو دیوەكەی تریان هێرشكردنە ، واتە ستایشی كەسێك دەكات و هێرش دەكاتە سەركەسێكی تر .

- ئەوەی كەملی ڕێگای خوا ئەگرێ ، ئەوەی كە دێ بۆ مزگەوت و، لە جوابی ئەو هەموو دیكتاتۆرو چاوسوورو ئەمن و ئاسایش و تەقریرنووس و چڵكاوخۆرو جیرە خۆرە و لەبەرامبەر ئەم هەموو فاحیشەو ئەم هەموو سیدی و سەنتەرو ئەو هەموو سەتەلایتی فاحیشەو دوكانی كەمالیاتی فاحیشە بلاّو كەرەوە ، هەمووی ئەڵێ ( معاذالله ) ، نەء ، خوا ئاگای لێمە ، خوا بەسەر سەرمەوەیە[٢] .....
- ئەو گەنجەی دێ بۆ مزگەوت و ناچێ بۆ بارِ، ناچێ بۆ عارەقخواردن ، ناچێ بۆ شەڕواڵ پیسی ، ناچێ بۆ رەشبەڵەك ، ناچێ بۆ دینفرۆشی ، بۆ عەقڵفرۆشی ، بۆ گیرفانفرۆشی، بۆ ئەخلاقفرۆشی ، بۆ ئێستافرۆشی ، بۆ داهاتووفرۆشی[٣]....

## توانج و تانە :

- وەڕەقەو دەرەجە جوان و نایابەكانتان ، رادەی هەوڵ و ماندووبوونتان دەسەلمێنن .
- هیوادارم بتوانین لەم زانكۆیە وەكو زانكۆكانی تری كوردستان ، پێوانەی مەعریفەیی و پێوانەی پەروەردەیی و هاوچەرخ تەسبیت بكەین[٤] .
- زۆرجار دەوترێ گەنجی ئەم سەردەمە ناخۆشی و مینەتیەكانی رابردووی نەدیوە، بۆیە قەدری ئەو ئازادی و ئەو دەسكەوتانەی ئەم سەردەمە نازانێ[٥].
- لە سایەی ئەو هەموو ئاهەنگ و گەشتە خۆشانەی هەفتانە دەیكەن ، ئاستی زانستی بەردەوام لە پێشكەوتن و بەرزبوونەوەدایە .
- جاشی ماكەرێن ، تەرسەقولێكن وكراون بەدوو كەرتەوە .
- كەندووی نەزانكرد .

(١) حاجی مەلا عبدالله جەلی – مەولودنامەی كوردی – ل ٣٥ .

(٢) ئەحمەد عەبدولوهاب – گەنج لەكۆمەڵی كوردەواریدا – وتاری ئاینی – هەولێر– سەنتەری سایە – ٢٠٠٥ .

(٣) سەرچاوەی پێشو .

(٤) بەرهەم ئەحمەد سالح – بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق – كۆیە ٢٠٠٥/١٢/٦ .

(٥) سەرچاوەی پێشو .

- بزن تارەت هەڵناگرێ .
- بۆق پێوەدا نەوعی مار نییە .
- بووە بە گاکەی مام عەلی .
- بەسەر حەوت پشقلا بازئەدا .
- بەکەر ناوێرێ و بەکورتان شێرە .
- پشقلێ بخەرە ژێرپێت .
- تانجی ، کوێخا بێ و رێوی، برازاوا بێ .
- سەری بەسوجدەوە رۆیوە .
- مەڕو بزن رۆن ئەکەن ، ژن خۆی رائەوەشێنێ .
- لەماسیی نێر شەرم ئەکا .
- هەرزنی لەدەست هەڵناوەرێ .
- نیسکە ، بەرو پشتی بۆنییە .
- بەدوای کەری تۆپیودا دەگەڕێ نالی لێ بکێشێتەوە .
- وەك كەر وایە ، بەدەنکەجۆیەك ئەزەڕێ .
- وەك نیسکێنە هەڵئەچێ .
- ئەگەر کاوێژی بکردایە ، گۆشتی بۆخواردن دەشیا .
- کەر لەچاوئەو قازییە .
- گورگەو لەپێستی مەڕدایە .
- دەڵێی بەرازی غەزریوە .
- گا بەدەنگی ناڕوات .
- شیری سەگی خواردووە .
- هەزار مراقەبەشی لەسەرە ، هەزار تەڤریرنوس نان لەسەر تەڤریرنوسینی ئەو دەخوا[1]....
- ئەو ئایەتەی خوێندمەوە، سیخورمەی بێدارییەو زللەی تەمێکردنە ، ئەیدا لە بناگوێی ئینسانێ کە ئینسان بێ، کە زیندوبێ و نەمردبێ[2] .
- خوا ئاوا باسی گەنج ئەکا، باسی لاوێتی ، باسی دەعوا بۆلای خوا ، باسی رکوع و سجود، نەك باسی دوای ئافرەت کەوتن و شەهوات و، نە جگەرەو موخەدەرات کێشان لە باڕاو بڕشێیتەوە بەسەرخۆتاو وەکو مەڕە تۆپیو بتهێننەوە بۆ ماڵ و مناڵ و دایك و باوکت. نەك ملوانکەو

(١) ئەحمەد عەبدولوهاب – گەنج لەکۆمەڵی کوردەواریدا – وتاری ئاینی – هەولێر – سەنتەری سایە – ٢٠٠٥ .

(٢) سەرچاوەی پێشو .

خوناوکەیەك لە ملکەیت و قژو سمێڵ و ریش ، لاسایی کچ کەیتەوە ، ئەوجا کچیش رازی نابێ بەتۆ ئەویش لاسایی کوڕ ئەکاتەوە[١] .

مەرج نییە دەربڕینەکان تەنیا پلارو تانەلێدان بن ، بەڵکو زۆرجار بەمەبەستی ستایش یان هێرشکردنیش بەکاردێن . هەروەها کەسێتیی قسەکەر رۆڵی هەیە و مەبەستە پێچەوانەکان بەزۆری توانج و تانە لێدان دەگەیەنن .

+ کەسێکی چەپ / دینی پیرۆزی ئیسلام .

+ کەسێکی ئاینیی توندڕەو / هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەبوو ..شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان .

- لێرە شەهیدان تابلۆی سەرکەوتن و ژیانی سیاسیی وڵاتیان کێشاوە، بۆیە تێکۆشەرانی وڵات کەسوکاری ئەوانیان کردۆتە تاج و لەسەریخۆیان ناون[٢] .
- وڵاتی ئێمە وڵاتی فرەییە، لەبری دەسەڵاتێك دەیان ، لە بری حکومەتێك دووان ، لە بری ئایندەیەك هەزارمان هەیە[٣] .

**داواکردن :**

قسەکەر ، داوا لە گوێگر دەکات کارێك ئەنجام بدات ، واتە مەرجە قسەکەرو گوێگر بوونیان هەبێت و کارەکەش بواری جێبەجێ کردنی هەبێت .

پلەوپایە و ئاستی رۆشنبیریی بەشدارانی ئاخاوتنەکە رۆڵیان لە چۆنیەتیی شێوازو دەربڕینەکاندا هەیە. دەکرێ پلەو پایەی کۆمەڵایەتییان یەکسان بن ، دەشگونجێ جیاوازبن . گەر پلەو پایەی قسەکەر لە هی گوێگر نزمتربوو، ئەوا قسەکەر داوادەکات ، بەڵام لە ئاستێکی رۆشنبیری بەرزدا ئەگەر پلەو پایەی قسەکەر بەرزتربێت ، ئەوا داواکردنەکە شێوازێکی شارستانیانە وەردەگرێت، کە دەکرێ بە شێوەی فەرمانێکی توند فەرمانی بەسەردا بکات . بۆیە مەرج نییە داواکردن تەنیا لە نێوان پلەوپایە یەکسانەکاندا بێت . قسەکەر رێزی گوێگر دەگرێت و ئاوازی دەربڕینەکەش دەریدەخات کە دەربڕینەکە تەنها داواکردنە یان مەبەستی تری وەك نارەزایی و گلەیی و فەرمانکردن و .... لەگەڵدایە. داواکردن بە زۆر شێواز دەردەبڕدرێت .

- یارمەتی هەیە ئەو کتێبە ببەم ؟
- دەتوانم بچمە دەرەوە ؟
- دەفتەرەکەی خۆتم بۆ ناهێنی ؟
- دەکرێ ئەو کتێبەم هەفتەیەك لابێ ؟

---

(١) ئەحمەد عەبدولوهاب – گەنج لەکۆمەڵی کوردەواریدا – وتاری ئاینی – هەولێر– سەنتەری سایە – ٢٠٠٥ .

(٢) هەڤاڵ ئەبو بەکر – هاووڵاتی ژمارە – ٢٦٥ لە ١٥/ ٣ / ٢٠٠٦ .

(٣) سەرچاوەی پێشو .

- ناکرێ سەیرێکی بکەم ؟
- بەیارمەتیت ، تۆزێ خۆت لادە .
- جارێ با ئەو کتێبە لای من بێت .         ( یەکسان )
- مامۆستا/ ئەو تەختەیەمان بۆ دەسڕیتەوە ؟
- خوێندکار/ گەربکرێ ئەمڕۆ دەرس نەخوێنین زۆر سوپاست دەکەین .
- خوێندکار/ مامۆستا ، وابزانم لە کۆکردنەوەدا هەڵەیەك هەیە .
- هاوڕێ / ئیشم بە کاروان هەیەو مۆبایلەکەشم بیر چووە .
- منداڵ/ دایکم وتی گەر ئیشیان بە پەرەمێزەکە نییە با بماندات .
- خوشك و برایان، من داواتان لێئەکەم ، بەتایبەتی گەنجان، بەتایبەتی خوێندکاران کە دەوری گەورەی خۆتان ببینن لەم هەڵبژاردنەی بێتەوە، ئەوناڕاستییانەش بەتەواوی پووچەڵ بکەنەوە کە دەڵێن گەنجان و لاوانی ئەم سەردەمە دوورە پەرێزن ، گوێ نادەنە ئایندەی ولاتەکەیان ، گوێ نادەنە مەسەلە سیاسیە چارەنوسسازەکان[١] .

لە بوارە فەرمییەکاندا داواکردن رۆڵێکی زۆر دەبینێت. بۆ نموونە لە داواکاریدا دەوترێ :

- داواکارم لە بەڕێزتان لە کێشەکەم بکۆڵنەوە .
- داواکارم لە بەڕێزتان کە رەزامەندی بفەرموون لەسەر گواستنەوەم بۆ ....

هەروەها هەندێ جار فەرمانکردن بەشێوازی داواکردن دەردەبڕدرێت :

- داواتان لێدەکەین کولوپەلی کارەبایی زیاد بکوژێننەوە .
- داواتان لێدەکەین بە هیچ شێوەیەك رێگا بە چەکدار نەدەن بێتە ژوورەوە .
- داوا لەسەرجەم خوێندکاران دەکەین لە سبەینێوە باجەکانیان هەڵواسن .
- داوا لە خوێندکاران دەکەین سەردانی ژمێریاری بکەن بۆ وەرگرتنی دەرماڵە .
- بۆ سەرجەم بریکارەکانی خۆراك : داواتان لێدەکەین لە ماوەی یەك هەفتەدا سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بکەن بۆ کاری پێویست .
- "داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین کە لەسەر گۆڕی شەهیدانی کارەساتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە کۆببنەوەو پەیمان بدەن کە ئیتر کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ هات و ئاشتی و ئاشتبوونەوەی گشتی لەسەرتاسەری کوردستان دا رابگەیەنن و بەڵێن بدەن کە دەست بەجێ و بە خێرایی هەنگاو بنێن بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکان و لە پێناو دابین کردنی ئاشتی و ئازادی

---

(١) بەرهەم ئەحمەد ساڵح – بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق – کۆیە – ٢٠٠٥/١٢/٦ .

هەموو دانیشتوانی هەرێمی کوردستان"[١] .

**داواکردن لە شێوەی فەرماندا :**

- لەو دیاردە دزێوانەی کە لەدژی ژنان روودەدات ، پێویستە بێدەنگ نەبن ، پێویستە دەنگ بەرزکەنەوە ، لەدژی خۆ بنوێنن ، کۆبوونەوە بکەن ، رەئی وەرگرن ، مەزبەتە کۆبکەنەوە ، هەروەها ئەگەر پێویستی کرد خۆپیشاندان سازدەن[٢].
- پێویستە سووربیت لەسەر هەڵوێستی خۆت .
- پێویستە هەوڵدەن رابردووی خۆتان بە شانازییەوە بنوسنەوە[٣].

هەندێ جار داواکردنەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو شارستانیانەتر دەردەبڕدرێن ، وەك پێم باشە ، خۆزگە ، حەزدەکەم ، پێمخۆشە ....

- پێم باشە کەوا ئێوە هەوڵدەن ...
- حەزدەکەم جارێکی تریش محاوەلە بکەیتەوە.
- پێم خۆشە بچین سەرێکی لێبدەین .

**تکاکردن :**

تکاکردن یەکێکە لە ئەرکەکانی زمان، لە بۆنەیەکی دیاریکراودا لە نێوان قسەکەرو گوێگردا روودەدات، کە قسەکەر تکا لە گوێگردەکات کارێك ئەنجام بدات . لەم بۆنەیەدا قسەکەر رێزێکی زۆری گوێگردەگرێت [٤] و پەیوەندی بە ئاستی رۆشنبیریو شارستانیەتی کۆمەڵەوە هەیە ، چونکە دەتوانرێ هەمان ئەرك بە فەرمانکردن و داواکردن دەرببڕدرێت ، بەلأم تا چەند شێوازی نەرم و رێزگرتنی بەرامبەر رەچاوبکرێت، ئەوەندە پلەی رۆشنبیری و شارستانیەتی تاك و کۆمەڵ بەرزترە.

لێرەدا پێویستە سەرنجێك بخرێتەڕوو کە پلەوپایەی کۆمەلأیەتی رۆڵێکی ئەوتۆی نییە لە تکاکردندا. بە دەربڕینێکی تر، مەرج نییە تەنها پلەو پایەی نزم تکا لە پلەو پایەی بەرزبکات ، بەڵکو بەپێچەوانەشەوە ئاساییە ، یەکسانیش بن هەر ئاساییە، چونکە زیاتر رێزگرتنی بەرامبەر رۆڵ دەبینێت نەك پلەوپایەی کۆمەلأیەتی. بۆ نموونە مەرج نییە هەر خوێندکار تکا لە مامۆستابکات، زۆر جار مامۆستاش تکا لە خوێندکاردەکات .

- خوێندکار / مامۆستا گیان تکات لێدەکەین بەڵکو ئەم ئیمتیحانە حیساب نەبێت .

---

(١) کۆسرەت رەسول – کوردستانی نوێ – ژمارە– ١٥٧٥ لە ١٩٩٨/٣/١٢ .

(٢) جەلال تاڵەبانی– کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی ژنانی کوردستان – سلێمانی .

(٣) سەرچاوەی پێشو .

(٤) قیس کاکل توفیق – جۆرەکانی ڕستەو تیۆری کردەقسەییەکان – ل ٦٧ .

– مامۆستا / تکام وایە قسەکانم لە گوێ بگرن و کاریان پێبکەن ، چونکە بۆ سودو قازانجی ئێوەمە .

لەنێوان دوو هاوڕێشدا کە لە تەمەن و رەگەزو پلەوپایەی کۆمەلأیەتیدا یەکسانن دەکرێ تکا لە یەکتری بکەن :

– ئاری گیان، تکات لێدەکەم دانبەخۆتا بگرەو بێدەنگبە .

+ سۆران گیان منیش تکات لێدەکەم جارێ بەجێمبێڵە .

– قەسەیەکت بۆ دەگێڕمەوە بەلأم تکام وایە تووڕە نەبیت .

بەشێوەیەکی گشتی دەربڕینەکانی وەکو ( بەڵکو ، بەشکو ، ئەگەر بکرێ ، لوتف بفەرموون ...) بەکاردێن .هەروەها لە زۆر نوسراوی رەسمیی فەرمانگەکانیشدا ، تکاکردن رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ و زۆر کاری رۆژانەی فەرمانگەکانی پێ بەرێوەدەچێت و بەبێ جیاوازی لە خوارەوە بۆ سەرەوەو بە پێچەوانەشەوە بەکاردەهێنرێت ، کە خۆیان فەرمانکردن یان داواکردنن . بۆ نموونە :

بۆ گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە

بابەت / ناردنی میلاك

**تکایە لە ماوەی دوو هەفتەدا پێویستییەکانی میلاکی مامۆستایانمان بۆ بنێرن بەمەبەستی دامەزراندن .**

**لەگەڵ ریزدا .**

یان

بۆ / وەزارەتی پەروەردە

بابەت / گۆڕینی ناونیشان

**هاوپێچ لەگەڵ نوسراوماندا داوای مامۆستا (          )تان بۆ دەنێرین کە داوای گۆڕینی ناونیشانەکەی دەکات لە (مامۆستای سەرەتایي)یەوە بۆ ( مامۆستای ناوەندی – پسپۆڕی زمان و ئەدەبی کوردی ) ، بە گوێرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس دەرچووی زانکۆی کۆیە    /   /     .**
**تکایە لە رەزامەندیتان ئاگادارمان بکەنەوە .**

**لەگەڵ رێزدا .**

پێمانوایە کە تکاکردن شێوازێکی نەرم و شارستانی و رێزداری فەرمانکردن و داواکردنە .

**پاڕانەوە :**

پاڕانەوەش ئەرکێکە لە ئەرکەکانی زمان ، کە دەکرێ بوترێ جۆرێکی داواکردنە لە نێوان قسەکەرو گوێگردا [1]، بەڵام جیاوازیی پلەوپایەی کۆمەڵایەتییان گەلێك زۆر دەبێت و پەیوەندیی نێوانیشیان لەوپەڕی بێهێزی و دووری دایەو پەیوەندی بە هێزو دەسەڵاتەوە هەیە. لێرەدا قسەکەر ڕێزێکی زیاتر لە حاڵەتەکانی تر بۆ گوێگر دادەنێت . یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم بۆنەیە ئەوەیە کە ڕێزگرتنی بەرامبەر ئاڵوگۆڕ ناکرێت و بەزۆری لەیەك لایەنەوە پەیڕەو دەکرێت کە قسەکەرە ، لەوانەشە پێویستی و ناچاری وای لێبکات کە بەم شێوەیە ڕێز پیشانی گوێگر بدات ، بەڵام مەرج نییە گوێگر بەهەمان رادە ڕێز لەقسەکەر بگرێت . لەبەرئەوە وایدەبینین کە ڕێزگرتن نەبێت بەڵکو ( ترس ) ئەو ڕۆڵە ببینێت .

بەشێوەیەکی گشتی، هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم بۆنەو ئاخاوتنانە بۆ ئەنجامدانی کارێکی نەشیاو( بەهەڵە یان بە ئارەزوو ) دەگەڕێتەوە . هەروەها لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا ئەمجۆرە ئاخاوتنە لەنێوان بێ دەسەڵات و دەسەڵاتدارێکدا ئەنجام دەدرێت .

لێرەدا ئاواز ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت ، کەتارادەیەکی زۆر بێهێزی و بێدەسەڵاتی و لاوازیی قسەکەر دەردەخات . ئاوازێکی خاو، هەندێ جار تێکەڵ بە گریان، بۆ جوڵاندن و وروژاندنی سۆزی بەرامبەر. هەروەها دەربڕینە نازمانییەکانیش بەهەمان شێوە ڕۆڵ دەبینن ، بە تایبەتی چاوو سەر ئینجا دەستەکان بەکراوەیی. پشتی دەست روی لە خوارەوە یان لە گوێگر دەکرێت ، ناولەپیش روی لە ئاسمان دەبێت و جوڵەشیان بەزۆری لەسەرخۆو کەم دەبێت . بۆنموونە هەندێجار منداڵ لە کەسێکی گەورەتر دەپاڕێتەوە :-

- توخوا بابە گیان ئەوجارەی لێم مەدە ، بەو خوایەی جارەکی دی واناکەم .
- توخوا دایکە گیان بە باوکم مەڵێ کەوتووە، وەعدبێ مانگی داهاتوو دەربچم .

خوێندکار لە مامۆستا دەپاڕێتەوە :

- مامۆستا گیان بەس ئەو جارە لێم ببورە، بەو قورعانە جارێکی تر دووبارەی ناکامەوە .

**پاڕانەوەی ئادەم :** - گوتی یا رەحیم و یا غەفار/ بە عەشقی محەمەدی نازدار/ خۆش ببە لە گوناهم/ رەحمێ بکە بە شین و گریان و ئاهم[2] ...

هەندێجار کوڕ لەکچ دەپاڕێتەوە، کاتێ تکاکردن سودی نەبێت، هەندێجاریش بە پێچەوانەوە . مەرج نییە کەسێك لە هەموو کات و شوێنێکدا بپاڕێتەوە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیی

---

(١) قیس کاکل توفیق – جۆرەکانی ڕستەو تیۆری کردەقسەییەکان – ل ٦٧ .

(٢) حاجی مەلا عبدالله جەلی – مەولودنامەی کوردی – ل ٣٢ .

دیاریکراودا پێویستی بە پاڕانەوە دەبێت . بۆ نموونە هەندێجار تاوانبارێك لە دادوەرو پۆلیس و خاوەن هەق دەپاڕێتەوە ، یان دیلێك لە جەلادەکەی دەپاڕێتەوە، گەر کات و شوێن و بۆنەی ئاخاوتنەکە بگۆڕێت ئەوا پاڕانەوەکەش دەگۆڕێت بە شێوازو دەربڕینێکی تر، بەڵام سواڵکەر هەموو کاتێك دەپاڕێتەوە .

له پاڕانەوەدا ئەم دەربڕینانە زۆر بەکاردێن ( توخوا ، بیکە لەڕاهی خواو پێغەمبەر، توقورئان ، دەستم دامێنت ، تو سەری باوکت ، سەدەقەی سەرت ..... )

## دوعاکردن :

دوعا یان نزاکردن جۆرێکە لە ئاوات خواستن و پاڕانەوە ، بەڵام " گوێگر بوونی نییە "[١] ، واتەهیچ کاتێ گفتوگۆ لە نێوان قسەکەرو گوێگردا روونادات و پێشبینیی هیچ کاردانەوەیەك لە گوێگردا ناکرێت ، جیاوازیشیان لەوەدایە کە ئاوات خواستن تەنها هەست دەربڕینە بەڵام دوعاکردن هەوڵدانێکە بۆ بەدیهێنانی خواستەکە . مرۆڤ لە هێزێکی سەرووی خۆی دەپاڕێتەوەو داوای ئەنجامدانی کارێکی لێدەکات، واتە نزاکردن جۆرێکیشە لە داوا ، بەڵام جیاوازیشیان هەیە چونکە لە دوعادا پلەو پایەی نێوان قسەکەرو گوێگر بە شێوەیەك دوورن کە بەراورد ناکرێن[٢] . مرۆڤ بەزۆری لەکاتی هیوا بڕاوی و بێ ئومێدیدا پەنا دەباتەبەر دوعاکردن بۆخۆی بێت یان بۆ کەسێکی تر، کە دڵنیا بێت جێبەجێکردنی مەبەستەکەی لە توانای خۆیدا نییە. خۆبچووککردنەوە و بێ دەسەڵاتی، لە دوعاکردندا زۆر بەزەقی دەردەکەون و قسەکەر خۆی لەوپەڕی لاوازیدا پیشان دەدا. ئەو هێزە گەورەی کە مرۆڤ هانای بۆ دەبات ( خوایە )، هەرچەندە زۆر جار دەرنابڕدرێت. زۆر جار دوعاو پارانەوەکان شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەردەگرن چونکە لە بەر کەسێك یان شتێکی تری وەك کتێبە ئاسمانییەکان دەپاڕێنەوە ، تا ئەویش لەلای هێزە فریادڕەسەکەوە بۆیان بپاڕێتەوە ، یان لەبەرخاتری کەسی دووەم مەبەستەکەیان بۆ بهێنێتەدی، ئەو کەسانەش بەزۆری مردوون وەك ( پێغەمبەر ، ئیمامی عەلی، غەوسی گەیلانی ، کاکە ئەحمەدی شێخ، باپیر فەقێ ئەحمەد ، ئۆمەر مەندان .... ) .

ئاوازیش لە دوعاکردن هەمان ئاوازی پاڕانەوەیە .

لەدوعاکردندا هەندێ تێبینی بەدیدەکرێت :

١- دوعاکردنیش وەکو فەرمان و داواو تکاکردن ، تەنیا بۆ داهاتووە .

٢- بەشێوەیەکی گشتی، ژنان لە پیاوان زیاتر دوعا دەکەن بە هەموو تەمەنەکانیانەوە، بەڵام

---

(١) قیس کاکل توفیق – جۆرەکانی ڕستەو تیۆری کردەقسەییەکان – ل ٦٧ .

(٢) سەرچاوەی پێشو – ل ٦٨ .

لەڕەگەزی نێردا بەزۆری پیاوانی بەساڵاچوو ، پیاوانی ئایینی و هەندێ لە منداڵان پەنا دەبەنە بەر دوعاکردن .

٣- هەندێ دەربڕین بەکاردێن کە خۆیان دوعاو پاڕانەوەنین بەڵکو بۆ ئاوات خواستنن ، بەڵام قاڵبی دوعایان وەرگرتووە ، وەك ( چاکدەبی ئیشاڵڵا ، ئیشاڵڵا سەلامەتە ، بەڵا گێڕە ، خوا گەورەیە ، سەرکەوتووبی ئیشاڵڵا ، بێ وەی بی .... )

## دوو جۆر دوعاکردن هەن :

١- دوعای چاك ( دوعا بۆکردن ) :

- خوایە مرازم حاصڵکەی.
- خوایە رەزیل و کەنەفتی ناو جێگام نەکەی.
- خوایە بۆ خاتری ئەو قورعانە لەو میحنەتە نەجاتمدەی .
- بۆ خاتری پێغەمبەری ئاخر زەمان ئەوجارەش چاوم پێیبکەوێتەوە .
- خوایە دەنا رەحمی پێ بکەی .
- رەبی عەمر درێژبی .
- خوایە بەردی ساردو گەرم نەیەتە رێت .
- رەبی خوایە بە بابی حەفت کوڕان بی .
- ئاخرت خێربی ، روو سووربیت ، رووت سپیبی ، بە بەختی چاك بیت .
- خوایە گیان حەیوانێکم خێری مەولودی پێغەمبەر بێت ئەمجارە کوڕەکەم چاك بێتەوە و هیچی لێ نەیەت .

نموونەیەك لە دوعای مامۆستایەکی ئاینی کە ستایش و پیاهەڵدان و خۆ بچووککردنەوەو پاڕانەوەی تێدایە :-

" خودای میهرەبان ، ئەی تاك و تەنها ، ئەی رەحمان و رەحیم، دەستی بەندایەتی بەرزدەکەینەوە بۆ قاپیی میهرەبانت. پێت ئەڵێم یا رەحمان و یا رەحیم، یا غەفورو یا کەریم ، یا حي ویا قیوم، ویا بدیع السموات و الارض، ویاالله ، و یا ارحم الراحمین ، یا ارحم الراحمین، یا ارحم الراحمین . یا لطیفاً بخلقي ، یا علیماً بخلقي، یا خبیرا بخلقي . یاڕەبی خوایە لە گوناهەکانمان خۆشبی. یارەبی خوایە پاکمان بکەیەوە لە گوناه ، خوایە لە هەموو گەناهەکانمان خۆش بە .

خوایە بۆ خاتری ناوە جوانەکانت ، دڵمان بە نووری خۆت مونەوەر کە ، خوایە بە نووری خۆت ئاوەدانی کەیتەوە ، خوایە بە خۆشەویستیی خۆت و پێغەمبەرەکەت بیرازێنیتەوە. خوایە ئەو دڵانەی ئێمە مردوون، دڵێکی زیندوومان پێ ببەخشی .

خودای میهرەبان ، لەبۆ خاتری ناوە جوانەکانت ئەو رەمەزانەت هەموو لێ قبوولکردبین ، یارەبی خودایە شەونوێژو تەراویح و قورئان خیندنەکانمان لێ قبوولبکەی . یارەبی خودای میهرەبان ، ئەوەی نەخۆشە شیفای بدەی ، ئەوەی غەمی هەیە غەمی لاببەی ، ئەوەی موشکیلەی هەیە لەبۆی حەلبکەی . خوایە ئەوەی کەسێکی گیراوە بە کەس و کاری شادبکەی، ئەوەی کەسێکی بزرە سۆراغی پەیدابێ یارەبی خودایە ئەوەی فەقیرە دەورەمەندی بکەی. یارەبی خودایە بە لوتف و کەرەمی خۆت رەحممان پێبکەی و بە بەهەشتی بەرینمان شاد بکەی ، لەو کەسانەشمان بگێڕی کە لە ئاگری جەهەندەمیان نەجات دەدەی. یا أکرم الاکرمین یا الله "[١].

- " یارەبی خوایە رەحم بەو ئۆمەتەکەی ، بە گەنجەکان کەی، رەحم بە میللەتانی ژێردەست و مەزلۆمی وەکو فەلەستین و چیچان بکەی یا ڕەبی . یا ڕەبی ئەوەی مەزلۆمە رزگاری کەی. یاڕەبی خوایە گەنجەکان رزگارکەی لەو هەموو موئامەرەو پیلانە جەهەننەمییەی کە بۆیان سازکراوە، لەو هەموو لوغمەی بۆیان دانراوە، یارەبی خوایە رەحم بە کچ و کوڕەکانمان بکەی ، پیرەکانما صالح و موصلیح کەی، مەلاکانمان بوێرو دلێرکەی، زاناو دانایان کەی نەیانکەیتە شەیتانی ئەخرەس یاڕەبی"[٢].

**٢- <u>دوعای خراپ ( دوعا لێکردن – توک لێکردن ):</u>**

ئاواز لەم جۆرەی دوعادا توندوتیژی و رق و کینەی پێوە دیارە، وەکو ئاوازی جۆرەکەی تری دوعانییە.

- رەبی خوایە هیچ جێیەکی لە دیوی دەرێ نەیەشی .
- خوا رووت رەشکا .
- خوا بیباتەوە بۆ خۆی .
- لۆخاتری کەلامولڵای هەتا مایە نەحەسێتەوە .
- خوا بتگرێ .
- خوا لە ناوی دەمی دا .
- خێرو خۆشی لە خۆی نەبینێ.
- رەبی گوللەکت لۆ نازر بی ( نازل) .
- خوایە دەنا نەگاتە سبەینێ .

---

(١) شێرزاد – باپەند وەربگرین – وتاری ئاینی – هەولێر – سەنتەری سایە – ٢٠٠٣ .

(٢) جەمیل عەلی – ئامۆژگاری بۆ گەنجان – وتاری ئاینی – هەولێر – سەنتەری سایە – ٢٠٠٥ .

- ئۆه دەنا خوایە هەلاهەلایکەی نەگاتە ئێوارێ ، مەیتی بە چاوی خۆم ببینم .
- زمانت بە بڕین چێ.
- عەمر کورت بی.
- لۆ خاتری چلوچارهەزار پێغەمبەران لە خوونی خۆی بگەوزێنی .
- رەبی خوایە لە ( صدام ) یان خراپتر لێ بەسەربێ .
- " یاڕەبی خوایە ئەوەی زاڵم و ملهوڕە پشتی بشکێنی تۆ ، چاوی کوێرکەی خوایە، لەخوێنی خۆی بگەوزێنی "[1] .
- بەر شەقی ئەولیا کەوێ .

لەوەڵامی دوعالێکردندا دەوترێ :

+ بەقسەی پشیلان باران ناباری .

+ دوعای کەر قبووڵبوایە ، جۆی بۆ ئەباری .

## هەڕەشەکردن :

هەڕەشەکردن پەیوەندی بە دەسەڵات و پلەو پایەوە هەیە . بە شێوەیەکی گشتی، دەسەڵاتدار هەڕەشە لە بێدەسەڵات دەکات. هەرچەندە هەندێجار بە پێچەوانەشەوە روودەدات .دوو جۆر هەڕەشەکردن هەیە، یەکێکیان راستەوخۆ ئەوی تریان ناڕاستەوخۆ. کە بەزۆر شێوە دەردەبڕدرێن ، هەڕەشەکردن بە لێدان ، بە نانبڕین ، بە گرتن ، بە دەرکردن ، بە نهێنی دەرخستن ، ئابڕو بردن ... کاتێ هەڕەشە لە کەسێك دەکرێت ، بە هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەری بە شێوەیەکی توند، بەزۆری ئاوازی دەربڕینەکان توندوتیژی و تووڕەبوونیان پێوە دیارە و هەندێجار هاوارکردن و دەنگ بەرزکردنەوەشی تێدەکەوێت ، گەر هەڕەشەکردنەکە راستەوخۆبێت ، بەڵام گەر بەشێوەیەکی ناراستەوخۆبێت ، ئاوازەکەی نەرمتردەبێت و هەندێ جار بە ئاوازی هەواڵگەیاندن یان پرسیارکردن دەردەبڕدرێت . لە هەڕەشەکردندا دەبڕینە نازمانییەکان رۆڵێکی زۆر دەبینن بەتایبەتی جوڵەی دەست و پەنجەڕاوەشاندن و مشتەکۆڵەو چاو زەقکردنەوەو برۆتێکنان ....

١. **هەڕەشەی راستەوخۆ :**

- قەت ئەمەت بەسەرەوە ناچێ .
- نەمرم تۆڵەت لێ دەسێنم .

---

[1] جەمیل عەلی – ئامۆژگاری بۆ گەنجان – وتاری ئاینی – هەولێر – سەنتەری سایە – ٢٠٠٥ .

- تۆڵە بەسەبرە ئەمما بە زەبرە .
- گەر تۆڵەت لێنەکەمەوە بە قوربانی تۆبم .
- وەرە دەرێ ئەگەر پیاوی .
- ئەگەر ئازای وابکە ، ئەوجا دوو قسەت لەگەڵ دەکەم .
- بۆ باوکیشت ئاقڵ دەکەم .
- هەردوو چاوت دەردەهێنم .
- دەمت دەشکێنم .
- بابۆت لەناو دوو نانی گەرم بێت .
- ئەودڕکەت لەبنی پێی دەردەینم .
- شەرتبێ کارێکت پێ بکەم با بەدەواری شڕی نەکات .
- کوتەك دەزانێ قۆناغ لەکوێیە .
- بەقسەم بکەی باشترە ، ئەگینا شتەکانی تر ئاشکرا دەکەم .
- هەر کەسێك بە سووتانی مۆنۆمێنتەکە تاوانباربکرێت ، لە سێدارە دەدرێت[١] .
- هەرکەس دەست بۆ پەیکەری ئەنفال بەرێت، دەستی دەشکێنین[٢].

**هەڕەشەی دایك لە منداڵەکەی :**

- بەو خوایە داختدەکەم .
- شەرت بی ئەو دڕکەت لەبنی پێی دەربێنم .
- راوەستە لۆم هەتا ئێوارێ بابت دێتەوە .

**هەڕەشەی منداڵ:**

- وەڵلا بابم بێتەوە پێیدەرێم داکم هەر لە بەردەرکەی دانیشتبوو .
- وەڵڵاهی ئەگەر ئەو کالەم لۆ نەکڕی ، قەت بەقسەت ناکەم .
- ئەگەر ئازای وەرە با تا کۆڵانەکەی ئەودیو بچین .
- هەر دەتگرم بۆ کوێ دەچی ؟
- بەو خوا گەورەیە بە باوکم ئەڵێم کاکە ئاری لێییام .

٢. **هەڕەشەی ناڕاستەوخۆ :**

- لەسەری بنوسە ناکرێ و کاغەزەکەم بدەرەوە . } داواکار – فەرمانبەر {
- هەڵبژاردن زۆری ماوە ؟ } ئەندام – کارگێڕی ڕێکخراوێك {

---

(١) کاروان وریا عەلی – هاوولاتی ژمارە – ٢٦٦ – لە ٢٢/٣/ ٢٠٠٦.

(٢) مەحمود سەنگاوی – ئاوێنە ژمارە – ١٤ – لە ١١/٤/ ٢٠٠٦ .

- تەنها ئەوەندە دەڵێم کە نامەوێ جارێکی تر شتی وا دووبارە ببێتەوە .
- منیش هەروا دەستەوستان ناوەستم .
- ئێمەش بێکەسوکار نین.
- ئێمە وەکو عەشیرەتی (          ) ئەم کارەمان قبووڵ نییە و بێدەنگیش نابین .
- دنیا هەروا نابێت ئیشت پێم دەبێتەوە.

لەوەڵامی هەڕەشەدا ، دەوترێ :
+ کەر ، بارەکەی تفەنگیش بێ ، گورگ هەر دەیخوا .
+ کەو ئەوەیە بەرامبەر کەو بخوێنێ .
+ سەری دنیا بەپووش نەگیراوە .
+ دەستم لەگۆزەی عاسێ نەبووە .

هەندێ جار هەڕەشەکردن دەچێتە ئاستێکی بەرزی نێو دەوڵەتییەوە ، کاتێ وڵاتێک هەڕەشە لە یەکێکی تر دەکات یان گروپێك هەڕەشە لە وڵاتێك دەکات .

- گەر کاربەدەستانی وڵاتی (          ) لەم هەڵوێستەیان پەشیمان نەبنەوە :

ئێمەش هەڵوێست وەردەگرین .

گشت پەیوەندییەکی دیبلۆماسی دەوەستێنین .

یارمەتی ساڵانەیان پێنادەین .

گەمارۆی ئابوورییان لەسەر دادەنێین .

– گەر لە ماوەی مانگێکدا ئەم شوێنە چۆڵنەکەن ، ئەوا بارمتەکان دەکوژین .
– گەر پێنج دەفتەر دۆلارمان پێنەدەن ، کوڕەکەتان بەسەربڕاوی دەدۆزنەوە .

## پۆزشهێنانەوە

لە زۆربەی کاتدا وەڵامی گلەییە ، بەڵام زۆر جاریش بەبێ گلەیی کە قسەکەر هەستی بە هەڵەیەك کرد، یان پەشیمان بوو لە هەڵوێستێك ، کەم تەرخەمییەك یان کارێك کە ئەنجامیداوە ، داوای لێبوردن لە گوێگر دەکات . بەشێوەیەکی تر دانانە بە هەڵە . ئەمەش کارێکە لەکارە کۆمەڵایەتییەکانی زمان . بەمەستی بەردەوامبوون و پەرەپێدانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ . هەرچەندە مەرج نییە هەموو کاتێك پۆزشهێنانەوە قبووڵبکرێت بەڵام کاریگەریی خۆی هەیەو شێوازێکی شارستانییە .

ئـاوازی پۆزشـهێنانەوە جیـاوازە لـە ئـاوازی بۆنـەکانی تـر ، چـونکە هەسـتکردن بـە هەڵـەو کەمتەرخـەمی تێـدا ڕەنگدەداتـەوە. پرسـیارکردن بـە ئـاوازی سەرسـوڕمان و پـرس بەیەکـەوە دەردەبڕدرێن. هەوالگەیاندنیش جگە لە ئەرکی خۆی هەست دەربـڕینیش دەگەیـەنێت و هەنـدێجار سوێندیشـی لەگەڵدایـەو جگـە لـەوەش داواکردنـە . هـەروەها هەنـدێ جـا ر ماسـتاوکردن و تکـاو پاڕانەوەشی تێدەکەوێت و زۆر جار پۆزش و پاکانەکردن لەیەك دەربڕیندا بەیەکەوە دێن .

- داوای لێبوردن دەکەم . ( داواکردن )
- ببوورە . ( فەرمانکردن )
- ببوورە بە قوربان . ( فەرمان + هەست دەربڕین )
- عەفوم کە بەخوا نەمزانیبوو. ( فەرمان + سوێند + هەوالگەیاندن )
- دەبێ بمبووری ، بڕوا بکە نەمبیستووە.
- بەگەورەیی خۆت لێمببورە . ( ماستاو+ پاڕانەوە )

هەنـدێجاریش دەبڕینـەکان هـیچ ئاماژەیـەکیان بـۆ پۆزشـهێنانەوە تێـدا نییـە ، تـەنها ئـاوازی دەربڕینەکە نەبێت کە پۆزش و هەستکردن بە کەمتەرخەمی یان هەڵەی قسەکەر دەگەیەنێت، لێرەدا زیاتر پاکانەکردن دەگەیەنن .

- دەزانی لە بیرمچوو شتەکان بکڕم ؟!
- بڕوات بێ دوێنێ پێیان وتم .
- خەبەرم کردیتەوە ؟!
- ئیشێکی خراپم کرد .
- خوا دەیزانێ لێرە نەبووم .
- بەسەری خۆم ، بە چاوی تۆش ئاگام لێنەبووە .

هـەروەها لـە ئاسـتی نێـو دەوڵەتیشـدا کـاتێ هەڵەیـەك یـان پێشـێلکارییەك لەلایـەن وڵاتێـك یـان کاربەدەستێکی وڵاتێکەوە بەرامبەر بە وڵاتێکی تـر ئەنجامـدەدرێت ، پۆزشـهێنانەوە ڕۆڵێکـی گـرنگ لـە ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوانیاندا دەبینێت.

## ترس و تۆقاندن :

ترسـاندن بـوارێکی کۆمەڵایـەتیی تـرە کـەزمان ڕۆڵێکـی سـەرەکی تێدادەبینێت . بەمەبەسـتی سڵەمینەوە ، یان نەکردن و وازهێنان لەکارێك . لەگەڵ ورەدابەزاندن و هەڕەشەدا زۆرنزیکە و تێکـەڵی و بەیەکەوەهاتنیان زۆرە و جیاوازیشیان هەیە . لەهەڕەشەدا ، قسەکەر خۆی تۆڵە دەسێنێتەوە ، بـەڵام

لەترساندندا قسەكەر هەواڵێك رادەگەیەنێت و گوێگر لەئەنجامی كارەكەی ئاگاداردەكاتەوە ، كەلەگەڵ هەڕەشەی ناڕاستەوخۆدا سنورەكەیان زۆر كاڵدەبێتەوە . لەگەڵ ورەدابەزاندنیشدا جیاوازیەكەیان لە كەمی و زۆریی ئازارو سزای كارەكەدایە . واتە ترساندن پلەیەك لەسەروی ورەدابەزاندنەوەیەو سزاكەی زۆرترەو كێشەكەش گەورەترە راشكاوانەتر رادەگەیەنرێت . تۆقاندنیش لەترساندن بەسامترە .

- نەچیتە سەرجادە ، سەیارە خۆتپیائەكێشێ و ئەمریت .
- وەرە خوارەوە ، با نەكەوی، شوێنێكت ئەشكێ .
- ئەو سەرە ، سەری خۆت نییە .
- بەو كاتی ئیمتیحانە قاچێكی خۆت لەسەر یاری دادەنێی .
- "پێغەمبەری خۆشەویستمان لەوەڵاما فەرمووی : كاتێ شیشێكی گۆشتبرژاندن بكەی بەناو خورییەكی تەڕدا ، پاڵەوانێك بەتوندی لێی بنەوێ ، ئایا خوری لەگەڵ خۆیدا ناهێنێ ؟ بەڵكو گۆشتی ئاژەڵەكەش لەگەڵ خۆیدا رائەكێشێ ، ئەمە كەمترین ئازاری گیانكێشانە . زەربەی شمشێرتان بینیوە كەئەدرێ لەگەردنی كەسێك؟ هەریەك چركەی رۆحكێشان ، سەخترە لەوەی كە سەد شمشێر بدەن لەگەردنی كەسێك . فەرمووی بینیوتانە كە چۆن مشار دار دائەهێنێ ؟ مشار كەدار شەق ئەكا خێرا ئەیكا بەدوولەتەوە ، ئەوە زۆرزۆر ئاسانترە لەچركەیەكی گیانكێشان "[١] .

## گلەییكردن

گلەییكردن و ناڕەزایی دەربڕین زۆر لەیەكتری نزیكن و لە هەردوو بارەكەدا قسەكەر، هەستی نیگەرانیی خۆی بەرامبەر بە كارێك دەردەبڕێت ، كە بەلای قسەكەرەكەوە بە ئەنجام نەگەیشتووە یان سەركەوتوو نەبووە . بەزۆری گلەیی لە خودی گوێگر یان ئەو كەسە دەكرێت كە هۆكاری جێبەجێنەكردنی كارەكەی دەكەوێتە ئەستۆ ، بەڵام لە ناڕەزاییدا مەرج نییە گوێگر دەسەڵاتی لە سەركەوتن و سەرنەكەوتنی كارەكەدا هەبێت[٢] . ئاواز رۆڵێكی گرنگ دەبینێت چونكە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و درێژكردنەوەی زیاتری هەیە . گەر دەربڕینەكانیش گلەیی و ناڕەزایی نەگەیەنن ، ئەوا ئاوازەكە دەیگەیەنێت. ئەم دەبڕینانە لەگەڵ گلەییكردندا بەكاردێن :

( ئێ ، ئەرێ ، ئەوە ، ئاوا ، هەروا ، هێشتا، پێم وتی ، پێم نەوتی ، ئاخر ، چەندمان پێ وتی)[٣] .

---

(١) ئەحمەد عەبدولوهاب – سەرەمەرگ – وتاری ئاینی – هەولێر – سەنتەری سایە – ٢٠٠٥ .

(٢) قیس كاكل توفیق – جۆرەكانی ڕستەو تیۆری كردەقسەییەكان – ل ٩٦ .

(٣) سەرچاوەی پێشو – ل ٩٩ .

- ئێ خوایە بۆ؟
- جا دەڵێی چی ؟ خوا ئەو کەسەت لێدەستێنێ کە پێویستیت پێیەتی .   ( ناڕەزایی )
- ئەو هەموو کارەساتەمان بەسەرهات سەرێکتان لێنەداین .   ( گلەیی )
- ئاوامان لێ دەپرسنەوە ؟
- زوو نییە ؟
- دیارنیت .
- بۆ دیارنین؟
- گەلەیی بێ بەسەرتەوە ....
- ئاوا ؟!
- کەتۆ بەقسەی کەس نەکەیت ، خەڵك چی بکا ؟
- ئاخر بۆ ؟!
- خۆت لێکردووین بەهەنارەشیرنە .

## ناڕەزایی

- خوا بە زیادی نەکا .....
- بە زیای خێرم نەکرد .
- حای بەخێرێیەوە .
- ناڕەزایی خۆمان سەبارەت بە دەستگیرکردنی خەڵکی هەڵەبجە دەردەبڕین .
- دلگرانین بە کۆچی ناوادەی ....
- توخوا ئەوە ئیش بوو کردتان ؟
- ئەو خانووە بوو بە چی ؟!
- ماڵی تۆشم ئاواکرد .
- زۆر ناشیرین بوو بەو شێوەیە رەفتارتانکرد .
- ئەرێ تۆ هەر تەمبێ نەبووی ؟
- نەدەبوو ئاوای وەڵام دەیتەوە .
- بێتامتانکرد .
- ناخۆشتانکرد .
- ئەگەر خەو چاك دەبوو ، کەروێشك بەگا دەبوو . ئەفەنی هەروا لەناو جێگایە !
- ئاخر تاکەی پەند وەرناگری ؟ یەکجار بەزستان دەڵێن سارده .
- من دەڵێم سیر ، ئەودەڵێ پیاز .

- دەڵێم نێرە ، دەڵێ بیدۆشە .
- تەشیڕێس ، تەشیڕێس بێ ، بەکلکی کەریش تەشی دەڕێسێ .

**رەتکردنـەوە :**

بەواتای قبوو ڵنەکردن یان رازینەبوون لەسەر داوایەك یان پێشنیازێك یان بیروبۆچوونێك ، ئەمەش ئەركێكی زمانەو رۆژانە دووبارە دەبێتەوە. رەتكردنەوە بە دوو شێواز دەردەبڕدرێت ، شێوازی راستەوخۆ كە ڕایەكە بەڕاشكاوی رەتدەكرێتەوە و بەزۆری بە نەرێ وەڵام دەدرێتەوە ، كە بەزۆری بە شێوازێكی رەق لە لایەن گوێگرەوە وەردەگیرێت . شێوازەكەی تریش بە ناڕاستەوخۆیی داواكە یان پێشنیازەكە رەتدەكرێتەوەو گوێگریش زۆر پێی دلگران نابێت چونكە شێوازێكی نەرمترەو زۆر جاریش پۆزشهێنانەوەی لەگەڵدا دەردەبڕدرێت .

- نەچین بۆ لای ئەو ماڵەی دراوسێمان ؟
+ نەوەڵا پێویست ناكات . ( راستەوخۆ )
+ جارێ نا . ( ناڕاستەوخۆ )
+ من نایەم . ( راستەوخۆ )
+ ئێوە بچن ، ئەگەر كرا كاتێكی تر خۆم دەچم . ( ناڕاستەوخۆ )

- بە ئازاد بڵێ كارەكەم بۆ جێبەجێ نەكات خوا لە حاڵی .
+ من پێی ناڵێم . ( راستەوخۆ )
+ بەمزووانە نایبینم . ( نا راستەوخۆ )

- داواكارم رەزامەندی بفەرموون لەسەر دامەزراندنم .
+ پێویستیمان پێی نییە . ( راستەوخۆ )
+ میلاكات ، بە پێی رێنماییەكان . ( ناڕاستەوخۆ )

- ئارەزووم بۆ بانگ ناكەی ؟
+ نەوەڵا ، نایەوێ بتبینێ .
+ كەمێك ناساغ بوو تازە خەوتووە .

- کەی ئیشەکەی من تەواودەکەی ؟
+ نایکەم .
+ خۆم جوابت لێدەگێڕمەوە .

- داوای ڕەشکەی کرد ، وتی ساوەرم لەسەر هەڵخستووە .

**سەرزەنشتکردن :**

- هەرچی بەسەرتدێ خەتای خۆتە ، چونکە بەقسەی کەس ناکەی .
- پێم وتی کای تۆ نییە . قالۆچە بۆنی گوڵبکا سەری دێشێ . دەفەرمو بزانم ئێستا کەس پێت دەڵێ خالۆ کەرت بەچەند ؟!
- تۆ خۆت جلەوت شلکرد .
- شایانی زۆر لەوە خراپتری .
- کەپیاو لەدوای کەر بڕوا ، ئەبێ بۆنی تەرسی بکا .
- کا هی خۆت نەبوو ، کادین هی خۆت بوو .

**تابوو لە زماندا ( دەربڕینە قەدەغەکان – داپۆشراوەکان ) :**

چەند یاساو بنەمایەك زمان بەڕێوەدەبەن و کاریگەرییان بەسەریەوە هەیە ، هەندێ جار وەك کۆت و پێوەندەکانی زمان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت . بەشێوەیەکی گشتی دەرچوون لێیان کارێکی نەشیاوەو ئەندامێتیی تاك لە کۆمەڵدا تارادەیەکی زۆر بەندە بە پابەندبوون بەم یاساو بنەمایانەوە، هەندێکیان زمانین و تایبەتن بە پێکهاتەی زمانەکە خۆی و هەندێکی تریان کۆمەڵایەتین کە لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازن[1] ، هەروەها لەلایەن کۆمەڵەوە دادەنرێن و لادەبرێن یان ڕەتدەکرێنەوە .

لە هەموو کۆمەڵێکدا چەند بابەت و کارێك هەن کە ناوهێنان و باسکردنیان ، لەهەندێ شوێندا ، بەشێوەیەکی راستەوخۆ و راشکاوانە ، یان هەر دەربڕینێك کە پەیوەندیی پێیانەوە هەبێت ، لەلایەن کۆمەڵەکە خۆیەوە قەدەغە دەکرێت و، هەر لەلایەن خۆیشیەوە چەند زاراوەو دەربڕینێکی تر بۆ هەمان مەبەست ڕێگە پێدەدرێن و بەکاردەهێندرێن کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەمان ئەرك

---

(1) نایف خرما – أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة – ل ٢٤٤ .

دەبینن . زۆربەی هۆکارەکانی قەدەغەکردن و ڕێگەپێدانی زاراوەو دەربڕینەکان پەیوەندییان بە کلتورو قۆناغەکانی گەشەکردن و گۆڕانی کۆمەڵەوە هەیە[١] .

جوانیو ناشیرینی ، شیاوی و نەشیاوی ، ڕێگەپێدان و پێنەدانی فۆڕم و دەربڕینەکان پەیوەندییان بە دەنگ و پێکهاتەو واتای دەربڕینەکانەوە نییە ، بەڵکو کۆمەڵ خۆی ئەو بڕیارو حوکمەی بەسەر دەربڕینەکاندا داوە . لە هەمان کاتدا ئەو دەربڕینە هاوواتایەی کە شیاوەو لە بریی دەربڕینە قەدەغەکراوەکە ڕێگە بە بەکارهێنانی دەدرێت ، هەمان مەبەست و واتای دەربڕینەکەی تری هەیە، کە لەوانەیە بە تێپەڕبوونی کات وگۆڕانی کۆمەڵ، ئەویش قەدەغەبکرێت و دەربڕینێکی تر جێگەی بگرێتەوە[٢] .

لە زمانی کوردیدا ، زۆربەی دەربڕینە قەدەغەکراوەکان پەیوەندییان بە ( مردن ، سێکس ، نەخۆشیی کوشندە ، کفر) ەوە هەیە، کە ناوهێنانیان بە بڕوای زۆربەی کۆمەڵی کوردی کاریگەرییەکی دەروونیی نێگەتیڤانە لەسەر قسەکەرو گوێگر دروستدەکەن و تاڕادەیەك قەدەغەکردنێکی سەرتاسەری قەدەغەکراون و بە دەربڕینیتری هاوواتا جێگەیان پڕکراوەتەوەو زیاتر لە چەند دەربڕینێك بۆ هەر یەکێکیان بەکاردێت . هەیشیانە بە بەکارهێنانی دەربڕینیتر لەگەڵیاندا ئاسایی دەبن .

مردن ، کارەساتێکی ناخۆش و دڵتەزێنە، کاریگەری و ترسێکی زۆری لای زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵ هەیە . ناوهێنانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کارێکی تاڕادەیەك گرانە ، بۆیە هەوڵی خۆشکردنی دیاردەکە ، یان کەمکردنەوەی کاریگەری و ترسەکەی دەدرێت بەدەربڕینی تر. ئەمەش پەیوەستە بە جۆری پەیوەندیی نێوان تاکەکانەوەو بە تایبەتی پەیوەندیی نێوان قسەکەرو کەسی مردوو، یان گوێگر و کەسی مردوو . گەر پەیوەندی نێوانیان پتەو و بەهێز بووبێت ، ئەوا قسەکەر دڵی نایەت بەڕاستەوخۆیی بە گوێگر بڵێ (............ مرد )، بەڵکو بەدەربڕینە هاوواتاکانی مردن مەبەستەکەی دەردەبڕێت، بەڵام ئەگەر پەیوەندییەکە لاوازبووبێت یان یەکتریان نەناسیبێت، زۆر بە ئاسایی دەڵێت ( دەڵێن .... مردووە ) . هەندێجار پەیوەندی و جیاوازیی پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی نێوان قسەکەرو گوێگر، هەروەها کات و شوێنی ئاخاوتنەکەش کاریگەرییان لەسەر شێوازو دەربڕینەکانی ئەم بۆنەیەوە هەیە، بۆ نموونە قسەکەر بە هاوڕێکەی دەڵێت :

– دایکت کەمێك ناساغە ، حەزدەکات بتبینێت، پێم باشە ئێستا بچیتە لای .
– دڵت هیچ نەکات، منداڵەکەت سەیارە لێیداوە با هەتا نەخۆشخانە بچین .
– تازە هەواڵیان پێدام کە (        ) برات برینداراوە لە نەخۆشخانەی (        )ە بڕۆ بابچین.

---

(١) محمود السعران – اللغة والمجتمع رأى ومنهج – ل ٧٧ .

(٢) نايف خرما – أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة – ل ٢٤٥ .

لە زمانی کوردیدا ئەم دەربڕینانە بۆ ( مردن ) بەکاردەهێنرێن :

( کۆچی دوایی کرد، چووە ڕەحمەتی خودا ، بەیەکجاری جێیهێشتین ، بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکردین ، گیانی پاکی سپارد ، ئێوە خۆش ، بەرەو دوامەنزلگە کۆچیکرد ، تا هەتایە چاوی لێکنا ، تەمەنی درێژی بۆ ئێوە جێهێشت، ئەمری خوایکرد ، خوا ئەمانەتەکەی لێوەرگرتەوە ، چووە رەحمەتی خوا ، وەفاتی کرد ، کوژرا ، شەهید بوو ، گیانی بە خاکی کوردستان بەخشی ، گەیشتە کاروانی نەمران ... )

بە هۆی ئەوەی کە ( سێکس ) لە ئایندا گوشارێکی زۆری خراوەتەسەرو سنورێکی بەرتەسکی هەیە، قەدەغەکردنەکەشی شێوازێکی توندی بە خۆوە گرتووە. کە لە ناو کۆمەڵیشدا بە شێوەیەکی زۆر فراوان رەنگیداوەتەوە ، تەنانەت ناوهێنان و باسکردنی هەرچی پەیوەندی بە سێکسەوە هەیە هەر لە کاری سێکسی و ئەندامەکانی زاووزێو تەنانەت دەربڕینی هەندێ کردارو زاراوەو سوڕی مانگانەو جلوبەرگی تایبەتیش بە نەشیاوو ناپەسەند دانراوەو دەبێ بە دزییەوە ناویان بهێنرێت ، ئەو کەسانەش کە بەبێ پەردەو بە رەهایی باسیاندەکەن، واتە پابەندنابن بە یاساو بنەما کۆمەلأیەتییەکانەوە، بە ( بێشەرم ، بەدڕەوشت.... ) ناوزەد دەکرێن ، قەدەغەکردنەکەش زیاتر پەیوەندی بە نەنگی و ئاکارەوە هەیە نەك ترس. لێرەدا رەگەزی تاك ( نێر یان مێ ) رۆڵێکی گرنگ لە رادەی قەدەغەکردنەکەدا دەبینێت . بۆ نموونە هەندێ دەربڕین تەنها بۆ پیاوان قەدەغەیەو بۆ ژنان ئاساییە، هەندێکی تر بە پێچەوانەوە. یاخود لەناو ژناندا کاتێ هەر خۆیان بن زۆر دەربڕین بەکاردەهێنن، بەلأم بە ئامادەبوونی پیاوێك دەبڕینەکان قەدەغە دەکرێن و بە پێچەوانەشەوە . هەروەها زۆر وشەو دەربڕین هەن کە لە نێوان نەخۆش و پزیشکدا لە کاتێکی دیاریکراودا بە ئاسایی بەکاریاندەهێنن کە لە کاتێکی تردا هیچیان بەکاریان ناهێننەوە. یان ژن ومێرد لە نێوان خۆیاندا زۆر دەربڕین بەکاردەهێنن کە بە ئامادەبوونی کەسێکی تر بەکارهێنانیان نەشیاوو قەدەغەن[1] . زۆربەی ئەو دەربڕینانەی پەیوەندییان بە سێکسەوە هەیە ، لە کاتی تووڕەبوون و هەڵچووندا ، قسەکەر وەکو جنێو و هێرشکردنە سەر کەسێکی تر بە مەبەستی شکاندنەوەی بە کاریاندەهێنێت .

بەکارهێنانی زاراوەو ناوی بیانی لەبری زاراوە کوردییەکە رێگەپێدراوە و لە لایەن کۆمەڵەوە بە شیاوترو شارستانیتر دادەنرێن ، بۆ نموونە (، سێکس ، ستیان ، لیباس ، سانتی ..... ) . هەندێ ناوو ئاوەڵناوو کردارو ئاوەڵکردارکە پەیوەندییان بە هەمان بوارەوە هەیە دەربڕینیان قەدەغەن بە تایبەتی کردارەکان، کە زۆریان لە مۆرفۆسینتاکسدا مانایەکی سێکسی دەگەیەنن ، بەلأم بەهۆی دەربڕینەکانی وەکو ( بیلامانێ ، بیلا مەعنا، عەیب نەبێ) وە لە بوارەکانی تردا بەکاردێن .

---

(١) محمود السعران – اللغة والمجتمع رأی ومنهج – ل ٧٩.

هەندێ دەربڕینی تر کە پەیوەندییان بە سێکسەوە نییە یان زۆر کەمە بەڵام بەهۆی پیسی یەوە قەدەغەکراون و هەمان دەربڕینیان لەگەڵ بەکاردێت :

- WC ، ئاودەستخانە ، ئەدەبخانە ، دەست بە ئاوگەیاندن .
- مناڵەکە کەتنی ناوەتەوە، خۆی پیسکردووە ، خۆی تەڕکردووە ، بنی تەڕە ، بنی پیسە .
- براکەت دوکانی چی هەیە ؟

+ دوور لەڕوی تۆ پێڵاو دەفرۆشێت .

نەخۆشیی کوشندە یەکێکە لە قەدەغەکراوەکانی زمان بە تایبەتی ( وەرەم ، سرطان )، کە بەهۆی ترسناکییەوە بە ( دەردە پیسەکە ، دەردە خراپەکە ) ناویدەبەن و هەندێجار دەڵێن (ئەو دەردەیەتی ، دەردەکەیەتی ).

هەندێ نەخۆشیی تر هەن کە بەهۆی پیسییانەوە ناوهێنانیان گونجاو نییە وەکو ( سکچون ، رشانەوە ) بەڵام بە هۆی هەندێ دەربڕینی تری وەك ( عەیب نەبێ ، بیلا مانێ ، بیلامەعنا ، لە ڕووتان بە گوڵاوبێ ، پەرژینەکی قایم بی ، دوورلەڕووتان .... ) دەردەبڕدرێن .

بەشێکی تری دەربڕینە قەدەغەکان ، راستەوخۆ پەیوەندییان بە ئایینەوە هەیە .

## ناونان بەپێی بوارە کۆمەڵایەتییەکان :

ناونان بەشێکی سەرەکییە لەزماندا ، زمانیش ئاوێنەی تێڕوانینەکانی کۆمەڵە و بیروبۆچوونەکانی کۆمەڵ تیایدا رەنگدەداتەوە ، بۆیە کارێکی ئاساییە گەر کاریگەریی دەوروبەرو کۆمەڵ و تێڕوانینەکانی لە ناونانی تاکەکانی کۆمەڵدا رەنگدانەوەیان هەبێت. ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیشدا بوونی هەیەو بە سەرنجدان لە ناوی مرۆڤی کورد ، رۆڵی سروشت و دەوروبەرو بیروباوەڕو تێڕوانینەکانی کورد و کاریگەرییان لە ناوی تاکەکانیەوە دەردەکەوێت .

بەر لە زاین و تا سەردەمی ئیسلامکردنی کورد ، ناوە کوردییەکان یەکجار کەم و نەزانراون، دیارە ئەمەش پەیوەندی بە بارودۆخی ناوچەکەو لەناوبردنی بەڵگە مێژووییەکان و شەڕو داگیرکاریە بەردەوامەکانەوە هەیە کە لە کوردستاندا رویانداوە . لە دوای هاتنی ئاینی ئیسلامەوە ناوی عەرەبی، بەهۆی ئاینەوە ، بە شێوەیەکی یەکجار بەربڵاو بووە بە ناوی مرۆڤی کورد و ئێستاش تاڕادەیەك درێژەی هەیە .

ئەوەی لێرەدا مەبەستە باسبکرێت ئەوەیە کە ناوی مرۆڤی کورد بەسەر چەند بوارێکدا دابەشدەبێت کە هەر یەکێك لەو بوارانە رۆڵی کاریگەریان لەسەر ناونانی تاکی کورددا هەیە.

## ١- ژینگەو کۆمەڵی کشتوکاڵی :

بەهۆی **هەڵکەوتنی** کوردستان لە ناوچەیەکی شاخاوی و بوونی ئاوو زەویی کشتوکاڵی، گومانی تێدانییە کە خەڵکی کورد خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵبەخێوکردن بوون، جگە لەوەی کە هەندێکیان کۆچەربوون . ئەم کارەو هەرچی پەیوەندی بەم کۆمەڵە کشتوکاڵییەوە هەیە، بوون بە بەشێك لەناوی تاکی کورد. هەروەها بوونی سروشتێکی جوان لە کوردستاندا دیسانەوە کاریگەریی لەسەر ناونانی مرۆڤی کورددا هەبووە و ناوەکانیش زۆرن بۆ نموونە :

**کردە کشتوکاڵییەکان :**

ئاودێر ، باخەوان ، بەراو ، بەرخەوان ، بەفراو ، بژار ، بێری ، بێستان ، تامان ، پاڵە ، پاوان ، پەرژین ، پەرێز ، جوتیار ، دارەوان ، دەوار ، راوچی ، رەنج ، رەنجبەر ، رەنجدەر ، رەوەند ، رەوسە ، سابات ، سەپان ، سەوزە ، شاخەوان ، شاخی ، شەوین ، شوان ، چێنەر ، کۆچەر ، کارێز ، نێچیر ، هەوار ، هێشوو ...

**شاخ و ڕووبارەکان :**

ئارارات ، ئاراز ، ئەزمەڕ ، ئەڵوەند ، باواجی ، بێستون ، حەمرین ، دابان ، زۆزك ، زاگرۆس ، زمناکۆ ، سەفین ، سیروان ، گارە ، قەندیل ، قەیوان ، کۆسرەت ، مەتین ...

**سروشت :**

ئاسمان ، ئاورینگ ، باران ، بەفرین ، بەهار ، بنار ، تاڤگە ، تەرزە ، تەزرین ، تریفە ، پایز ، پەپولە ، پڕوشە ، دەریا ، روبار ، رێژنە ، زۆزان ، ساماڵ ، سروە ، سروشت ، شەبەق ، شەماڵ ، شەونم ، شنە ، چریکە ، چیا ، گزنگ ، کانی ، کەنار ، کرێوە ، لادێ ، لانە ، نەورۆز ، نزار ، نسار ، نشێو ، هاژە ، هەتاو ، هەوراز ، هەورین ...

**گوڵ و گیا و درەخت:**

ئەرخەوان ، بەهێ ، ترێ ، خونچە ، دەوەن ، درەخت ، ژاڵە ، رەعنا ، رێحان ، زەیتون ، سەرگوڵ ، سەوسەن ، سنەوبەر ، سندس ، شاگوڵ ، شەهلا ، شەوبۆ ، چرۆ ، چنار ، گەڵا ، گوڵەباغ ، گولیزار ، لالەزار ، لەعلی ، لەنیا ، نازناز ، نەمام ، نێرگز ، هەنار ، هێرۆ ...

## ٢- ئـایـن :

ابراهيم ، ابوبكر ، احسان ، احمد ، ادريس ، آدم ، اسامة ، اسرا ، اسعد ، اسماعيل ، اسود ، اشرف ، افراح ، اكرام ، اكرم ، الفية ، امين ، امينة ، انور، ايام ، ايلاف ، ايمان ، أيوب ، بدرالدين ، بشرى ، بشير، بهاء الدين ، بهية ، توفيق ، جبرائيل ، جلال ، جليل ، جمال ، جميل ، حاتم ، حاجى ، حبيبة ، حسام الدين ، حسن ، حسين ، حكيمة ، حليمة ، حمد ، حمدي ، حمزة ، حواء ، حياة ، خالد ، خديجة ، خضر ، خطاب ، خليل ، خيرالدين ، خيرالله ، خيرية ، رحمة ، رسول ، رضا ، رفيق ، رمضان ، ريان ، زبيدة ، زبير، زكريا ، زكي ، زكية ، زهير ، سالم ، سحر ، سراج الدين ، سعاد ، سعادة ، سعد ، سعدالله ، سعدي ، سعدية ، سعيد ، سلطان ، سليم ، سليمان ، سيف الله ، شريف ، شفيع ، شفيق ، شكر ، شكرية ، شمس الدين ، شيخ الله ، صابر ، صادق ، صالح ، صبغة الله ، صبور، صدرالدين ، صديق ، صلاح الدين ، طالب ، طاهر ، طه ، طيب ، ظاهر ، عائشة ، عادل ، عارف ، عاصي ، عاصية ، عبدالامير، عبدالجبار، عبدالحكيم ، عبدالحميد ، عبدالخالق ، عبدالرحمن ، عبدالرزاق ، عبدالسلام ، عبدالصمد ، عبدالعزيز، عبدالغفور، عبدالقادر، عبدالقهار ، عبدالكريم ، عبداللطيف ، عبدالله ، عبدالمجيد ، عبدالمطلب ، عبدالمنعم ، عبدالمهيمن ، عبدالواحد ، عبيدالله ، عثمان ، عرفان ، عزالدين ، عزيمة ، عصام الدين ، عصمت ، عطاء ، عطاء الله ، عطية ، علاء الدين ، علي ، عمر ، عوزير ، عيسى ، فؤاد ، فاتح ، فاخر ، فاطمة ، فتاح ، فتح الله ، فتحي ، فخرالدين ، فخري ، فرح ، فلك الدين ، فهد ، فيض الله ، كاظم ، كافية ، كاكه الله ، كامل ، كمال ، لطف الله ، لطفي ، لطيف ، محسن ، محمد ، محمود ، محىالدين ، مروة ، مريم ، مسلم ، مصطفى ، مظفر ، معروف ، معصوم ، مقصود ، ملك ، ممدوح ، مهدي ، موسى ، مولود ، ميكائيل ، ناجي ، ناجية ، ناظم ، نافع ، نبي ، نجلة ، نجيم ، ندى ، نصرالدين ، نصرالله ، نعمت ، نعيمة ، نفيسة ، نورالدين ، نورالله ، نوري ، هدى ، هيبت ، وليد ، ياسين ، يحيى ، يدالله ، يوسف ...

لە کوردیشدا هەندێ ناوی ئاینیمان هەن ، وەکو:

زەردەشت ، یەسنا ، ئاڤێستا ، فریشتە ، سروش ، مەزدا ...

ئەو ناوە ئاینیانەی کە لە عەرەبیەوە وەرگیراون هەندێکیان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە کە مۆرفیمە ئاینیەکانی ( عبد ، الله ، الدین ) یان لێکراوەتەوە و لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردیدا گونجێنراون وەکو : رەحمان ، عەولاّ ، سمایل ، مزەفەر، سەلاّح ، فاتم ، زبێد ، خەجاو ، خەجیج ، خەجێ ، ئایشێ ، حەپسە ، هەمزە ، مارف ، شێخە ، عوسمان ، خدر، زاهیر، تایەر ...

هەروەها لە دوای راپەڕینەوەو لەگەڵ زیادبوونی بزوتنەوە ئیسلامییەکاندا ، جارێکی تر ناوی عەرەبی لە خواروی کوردستاندا برەوی پەیداکردەوە . بە پاساوی ئەوەی هەندێکیان پیرۆزن ، هەندێکیان ئایەتیان لەسەرەو هەندێکی تریان فەرمووده ، یان لە قورئاندا ناویان هاتووە .

٣- **هێزو رامیاری :**

لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی وبیری ناسیۆنالیزمی و سەربەخۆیی لەناو گەلی کورددا، هەندێ ناوی تر سەریانهەڵداوە کە لەژێر کاریگەریی بیری نەتەوەییدا هەوڵدراوە ناوەکان کوردی بن و خواست و ئاوات و مەینەتی و کارەساتەکانی کوردیان تێدا رەنگبداتەوە .

ئازا ، ئازاد ، ئاسۆ ، ئاوات ، ئاوارە ، باوەڕ ، بەختیار ، بەندی ، بەهێز ، بڕوا ، بێتاوان ، تۆڵە ، تەبا ، توانا ، تێکۆشەر ، پۆڵا ، پەرۆش ، پەرلەمان ، پشتیوان ، پێشەنگ ، پێشەوا ، پێشڕەو ، جەنگی ، خاك ، دڵزار ، دڵشێر ، دلگەش ، دلێر ، رابەر ، راکۆ ، رزگار ، روخۆش ، رێبین ، زانا ، زانکۆ ، سەرۆك ، سەرباز ، سەربەست ، سەرتیپ ، سەردار ، سەرکەوت ، سەرچڵ ، سەرهۆز ، سەرهەنگ ، سەیران ، سوپا ، شۆڕش ، شاسوار ، شاهێز ، شێردڵ ، شێرزاد ، شێرکۆ ، شێروان ، چاپووك ، چالاك ، چەلەنگ ، گۆنا ، گولان ، غەمبار ، غەمگین ، قارەمان ، کامەران ، کوردۆ ، کوردستان ، مژدە ، نەبەرد ، نەبەز ، نیشتمان ، هەژار ، هونەر ، هێدی ، هێرش ، هێمن ، هیوا ، هێور ، وریا ، یەکیەتی ...

٤- **هەندێ ناوی بیانیی تر جگە لە عەرەبی :**

تانگۆ ، جولێت ، رۆز ، رۆزا ، رۆزیتا ، ریتا ، سۆریشیۆ ، سیڤەر ، کلارا ، کێڵی ، لیڤیا ، هۆلیا ، هێلین ...

١- لەڕوانگەی پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵەوە ، نموونەکان ئەوە دەردەخەن کەزمانی کوردی چ لەناوناندا و چ لەپەند و قسەنەستەقەکانیدا و چ لەئاخاوتنەکانیدا ، تائێستا دەربڕینەکانمان هەڵقولاوی کۆمەڵێکی کشتوکاڵین .

٢- یەکێکی تر لەو بوارانەی کەڕەنگدانەوەیەکی یەکجار زەق و دیاریان لەزمانی کوردیدا هەیە ، ئاینە . دەربڕینەکانمان لەزۆربەی بۆنەکاندا لەئاینەوە سەرچاوەیانگرتووە ، شێوازی ئاخاوتنیشمان لە دوعا و نزا و پاڕانەوە و ئاواتخواستن و ... بەئاشکرا دیارە .

٣- کەم تا زۆر ، زارەکۆمەڵایەتییەکان لە کوردیدا بوونیان هەیەو دەربڕینەکان بەپێی توێژ و چین و تەمەن و ڕەگەز ... بەکاردەهێنرێن .

٤- مرۆڤ بەزمان بیردەکاتەوە . لەم گۆشەنیگایەوە ، کەسێتیی باوکسالاری بەدەربڕینەکانی زمانی کوردییەوە دیارن و کاریگەریی ئاشکراشیان لەسەر کەسێتیمان هەیە .

٥- کلتووریش ڕەنگدانەوەیەکی دیاری لەزماندا هەیە . نموونەکانی زمانی کوردیش ئەم پەیوەندییە بەڕونی دەردەخەن .

٦- دەربڕینەکانی زمانی کوردی و شێوازی ئاخاوتنمان ، زۆربەیان هێز و دەسەڵاتیان پێوە دیارە .

٧- نموونەکان ئەوە دەردەخەن کەزمانی کوردی لەهەندێ بۆنەدا چالاکترە و لەهەندێکی تریاندا بەم شێوەیە نییە .

## سەرچاوە کوردییەکان :

١. بەکر عومەر عەلی –چاوپێکەوتن .
٢. ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن – ١٩٩٨ - پەیڕەوی فۆنیمە ناکەرتیەکان لەکوردیدا – نامەی دکتۆرا- زانکۆی بەغدا ( بلاونەکراوە ) .
٣. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی – ٢٠٠٣- ڕستەو پاش ڕستە – نامەی دکتۆرا – زانکۆی سەلاحەدین – ( بلاونەکراوە ).
٤. شعبان شعبان احمد – ٢٠٠٢- شێوازی شیعری جزیری – نامەی ماستەر – زانکۆی سەلاحەدین – ( بلاونەکراوە ) .
٥. شیلان ڕەحیم ئیبراهیم – ٢٠٠٤- شێوازی قسەکردنی ژن لەزمانی کوردیدا – نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی – ( بلاونەکراوە ).
٦. طالب حسین علی – چاوپێکەوتن .
٧. عبدالواحد مشیر محمود دزەیی – ١٩٩٩ -پێکهاتی ئاخاوتن لەزاری هەولێردا – نامەی ماستەر – زانکۆی سەلاحەدین – ( بلاونەکراوە ) .
٨. قیس کاکل توفیق – ١٩٩٥ - جۆرەکانی ڕستەو تیۆری کردەقسەییەکان – نامەی ماستەر – زانکۆی سەلاحەدین – ( بلاونەکراوە ) .
٩. محەمەد ئەمین حسەین – ٢٠٠٤ - زمانی جەستە .
١٠. محمد معروف فتاح – ١٩٨٤ - زمانەوانی – هەولێر .
١١. وریا عومەر ئەمین – ٢٠٠٤ - چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی– هەولێر– دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس .

## سەرچاوە عەرەبییەکان :

١٢. تزفتان تودوروف – ١٩٩٣ - اللغة و الأدب - اللغة والخطاب الأدبي – اختيار وترجمة سعيد الغانمي – ط ١ –بيروت .
١٣. جان جاك روسو – ١٩٨٦ - محاولة في اصل اللغات – ترجمة: محمد محجوب – بغداد – افاق عربية.
١٤. حاتم صالح الضامن – علم اللغة – جامعة بغداد – ( ب. ت ) .
١٥. رشيد عبدالرحمن العبيدي – ٢٠٠٢ - مباحث في علم اللغة واللسانيات – ط ١ – بغداد .
١٦. رمضان عبدالتواب – ١٩٨٥ - المدخل الى علم اللغة ومناهج البحث اللغوي – ط ٢ – مكتبة الخانجي بالقاهرة .
١٧. سابير- اللغة علماً- مقالات في علم اللغة الحديث – اختيار و ترجمة سعيدالغانمي – ( ب . ت )

١٨. ساپير- اللغة والادب –١٩٩٣ - اللغة والخطاب الادبي – اختيار وترجمة سعيدالغانمي- ط ١- بيروت .

١٩. شكري محمد عياد – ١٩٨٨ - اللغة والابداع – مبادئ علم الاسلوب العربي- ط ١ .

٢٠.صلاح فضل – ١٩٩٢ علم الاسلوب مبادئه و اجراءاته – قاهرة – مؤسسة مختار للنشر والتوزيع .

٢١. عبدالقادر عبدالجليل – ٢٠٠٢ - علم اللسانيات الحديثة، نظم التحكم و قواعد البيانات – ط ١ – عمان.

٢٢.علي زوين – ١٩٨٦ - منهج البحث اللغوي بين التراث و علم اللغة الحديث – ط ١ – بغداد .

٢٣.علي عبدالواحد وافي - ١٩٧١ – اللغة والمجتمع – قاهرة- مطبعة نهضة مصر .

٢٤.غالب المطلبي – ١٩٨٦ - الموسوعة الصغيرة في علم اللغة – بغداد .

٢٥.فردينان دي سوسور- ١٩٨٨ - علم اللغة العام – ترجمة : يوئيل يوسف عزيز – جامعة الموصل .

٢٦.كمال بشر- التفكير اللغوي بين القديم والجديد – جامعة القاهرة – دارالثقافة العربية – ( ب. ت)

٢٧.محمد علي الخولي – ١٩٩٠ - الاصوات اللغوية – الاردن – دار الفلاح للنشر والتوزيع .

٢٨.محمود السعران – ١٩٥٨ - اللغة والمجتمع، رأي و منهج – بنغازي .

٢٩.محمود فهمي الحجازي – ١٩٩٣ - البحث اللغوي – قاهرة – دار غريب للطباعة .

٣٠.مصطفى لطفي – اللغة العربية في اطارها الاجتماعي – معهد الانماء العربي – ( ب . ت ) .

٣١. مليكا إفيتش – ١٩٩٦ - إتجاهات البحث اللساني – ترجمة: سعد عبدالعزيز مصلوح و وفاء كامل فايد .

٣٢.نايف خرما – ١٩٧٨ - أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة – كويت .

٣٣.هادي نهر – ١٩٨٨ - علم اللغة الاجتماعي عند العرب – بيروت – دار الغضون .

٣٤. هدسن – ١٩٨٧ - علم اللغة الاجتماعي – ترجمة : محمود عبدالغني عياد – ط ١ - بغداد – وزارة الثقافة والاعلام- دارالشؤون الثقافية العامة .


## گۆڤار :


٣٥.عصمت عبدالمجيد بكر – ١٩٩٩ - دور اللغة في صياغة التشريع – دراسات قانونية – عدد ١ –بيت الحكمة .

٣٦.محمد معروف فتاح – ١٩٨٦ - سنورو بنەماو ئەرکەکانی کۆزمانەوانی – رۆشنبیری نوێ – ژمارە ١١٢ .

## سەرچاوەی نموونەکان:

٣٨. ئاوێنە - ژمارە – ١٤ – لە – ١١ / ٤ / ٢٠٠٦ .

٣٩. ئەحمەد عەبدولوهاب ( سەید )– ٢٠٠٥ - گەنج لەکۆمەڵی کوردەواریدا- وتاری ئاینی- هەولێر – سەنتەری سایە .

٤٠. ئەحمەد عەبدولوهاب (سەید ) - ٢٠٠٥ – سەرەمەرگ - وتاری ئاینی- هەولێر – سەنتەری سایە .

٤١. ئەحمەد مستەفا حەوێزی – ١٩٩٣ - دیوانی دڵزار – چاپی یەکەم – ستۆکهۆڵم .

٤٢. بەرهەم ئەحمەد ساڵح – ٢٠٠٥/١٢/٦ - بانگەشە بۆ هەڵبژارنی پەرلەمانی عیراق – کۆیە ( ئەرشیفی T.V کۆیە ) .

٤٣. جەلال تاڵەبانی (مام ) – وتار - یادی یۆبیلی زێڕینی جاڕی گەردونیی مافی مرۆڤ – سلێمانی - ( ئەرشیفی T.V کۆیە ) .

٤٤. جەلال تاڵەبانی (مام) – وتار - کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی ژنانی کوردستان – سلێمانی - (ئەرشیفی T.V کۆیە ) .

٤٥. جەمیل عەلی (مەلا ) – ٢٠٠٥ - ئامۆژگاری بۆ گەنجان - وتاری ئاینی - هەولێر- سەنتەری سایە .

٤٦. جلال محمود علی – ١٩٨٢ - ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا – چاپخانەی حسام .

٤٧. حاجی مەلا عبدالله جەلی – ١٩٦٦ - مەولودنامەی کوردی – چاپی دووەمین – هەولێر - چاپخانەی کوردستان .

٤٨. شێخ محمدی خاڵ – ١٩٧١ - پەندی پێشینان – چاپی دووهەم .

٤٩. عبدالخالق علاء الدین – دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد .

٥٠. فازڵ قەفتان – ١٩٩٨ – ١٩٩٩ - سروودی نیشتمانی و نەتەوەیی – سلێمانی – چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن .

٥١. کوردستانی نوێ – ژمارە – ١٥٣٦ – لە ١٢ / ١ / ١٩٩٨ .

٥٢. کوردستانی نوێ – ژمارە – ١٥٦٦ – لە ١ / ٣ / ١٩٩٨ .

٥٣. کوردستانی نوێ – ژمارە – ١٥٧٥ – لە ١٢ / ٣ / ١٩٩٨ .

٥٤. مامۆستا شێرزاد – ٢٠٠٥ - باپەند وەربگرین- وتاری ئاینی- هەولێر – سەنتەری سایە .

٥٥. محمد رسول ( هاوار ) – ١٩٧٠ - پیرەمێردی نەمر – بەغدا – چاپخانەی ( العانی ) .

٥٦. محمدی مەلا کریم – ١٩٨٠ - دیوانی بێکەس – چاپی دووهەم – بەغدا – چاپخانەی ( الادیب ) .

٥٧. محمدی مەلا کریم – ١٩٨٠ - دیوانی گۆران – بەرگی یەکەم – بەغدا – کۆڕی زانیاری .

٥٨. نجم الدین مەلا – ١٩٥٨ - دیوانی زێوەر – بەغدا – چاپخانەی مەعارف .

٥٩. هاووڵاتی – ژمارە – ٢٦٥ – لە - ١٥ / ٣ / ٢٠٠٦ .
٦٠. هاووڵاتی – ژمارە – ٢٦٦ – لە – ٢٢ / ٣ / ٢٠٠٦ .

# ملخص البحث

علم اللغة الاجتماعي هو أحد فروع علم اللغة ، الذي لم تتناوله اللسانيات الكردية بشكل كافي و واضح ، مما أدى الى فراغ كبير في اللغة الكردية . هذا البحث محاولة لملئ هذا الفراغ ، على أمل ان يأتي مستقبلاً من يكتب في هذا الموضوع الهام أعمالا أنضج وأفضل .

والعلاقة الموجودة بين اللغة و المجتمع علاقة وطيدة ، لأن اللغة أصبحت جزءاً من الانسانية ، إذ لايستطيع الانسان إهمال اللغة ، لأن وجود الانسانية مرتبط باللغة . هذا الارتباط ينعكس على حياة الانسان ، إذ نستطيع أن نتعرف على الانسان ونظرته الى الحياة وآرائه من خلال تعابيره اللغوية ، لذلك لايجوز عزل اللغة عن المجتمع في البحث اللغوي .

هذا البحث ( الأسلوب والتعبير في المناسبات الإجتماعية ) انجز في اطار علم اللغة الإجتماعي ، ويتكون من مقدمة وثلاثة فصول :

خصص الفصل الأول لدراسة بعض مناهج البحث اللغوي ، مع علاقة اللغة بالفروع العلمية الاخرى .

الفصل الثاني يتناول أهمية اللغة و وضائفها ، والأساليب المتبعة في الكلام ، إضافةً الى النغم والاشارات ، مع نشأة اللهجات الإجتماعية .

الفصل الثالث يشمل التطبيقات العملية اللغوية ، إذ إختص هذا الفصل بالمناسبات الإجتماعية وتعابيرها ، والمحرمات اللغوية في الكردية ، إضافةً الى توضيح دور البيئة في تسمية الفرد الكردي .

# Abstract

Sociolinguistics is a branch of linguistics that has not been given due attention in Kurdish. This study is an attempt to fill in part of this gap hoping that better and further studies are carried out in the future.

Obviously, there is such a strong relation between language and society that humanity can never dispense with language since it is an integral part of human being.

This strong relation, however, is reflected in human life especially in his perspectives and outlooks. Thus, to isolate language from its surrounding is impossible, linguistically speaking.

Taking this point into consideration, we have adopted a sociolinguistic framework to do this study entitled "Style and Expression on Social Occasions" which is made up of an introduction and three chapters.

Chapter one highlights some methodological frameworks of language as well as the relation between language and other areas of science, specifically Sociolinguistics.

Chapter two discusses the importance of language, its functions, types, styles in addition to the body language and expressions. The rise of language Sociolects has also been covered.

Chapter three, being a practical one, is devoted to some social occasions and their expressions, taboos as well as the role of the community in naming Kurdish men.